تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5837) یەک شەممە 29ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

لە 48ەمین ساڵیادی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر لەلایەن رژێمی بەعسەوە

بارزانیی نەمر: ئەگەر دەست بە شەڕ بکەینەوە، با شەڕ لە پێناوی کەرکووک و خانەقین و شنگال بێت، نەک بە هۆی ژیانی منەوە



بارزانیی نەمر دوای شکستی پیلانی تیرۆرکردنی، ئوتومبێلە تەقێنراوەکەش لە دواوە دیارە (حاجی ئۆمەران - 1971/9/29)

ئەمڕۆ باس لە یەکێک لەو پیلانە کوشندانە دەکەین کە 48 ساڵ لەمەوبەر ڕژێمی بەعس بە نەخشەیەکی داڕێژراوی نامرۆڤانە هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی دا، دوژمن باش دەیزانی کە گەلی کورد دەستبەرداری مافەکانی نابێت و لەو پێناوەدا بەردەوام خەبات دەکات و بەرپەرچی دوژمنانی دەداتەوە. **(ڕاپۆرتێک لە ل9 بخوێنەوە)**

ئەبوبەکر عەلی: پەیامی ڕیفراندۆم شکستی نەخواردووە

ئەبوبەکر، عەلی نووسەر و سیاسەتمەدار و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ڕایگەیاندووە، پەیامی ڕیفراندۆم شکستی نەخواردووە کە پەیامی سەربەخۆبونە، پەیامی ئەوەیە کە کوردستانی باشوور ڕۆژێک لە ڕۆژان بگات بە قەوارەی سەربەخۆی خۆی و ئێمە لەچوارچێوەی عێراقدا بەزۆرەملێ نەمێنینەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی قەتەر لە عێراق دەکات



دوێنێ شەممە 28ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە خالید حەمەد ئەلسلێتی باڵیۆزی قەتەر لە عێراق کرد.

لەو دیدارەدا باڵیۆزی قەتەر لە عێراق پێزانینی هەبوو بۆ ئەو پێشڤەچوونانەی لە هەرێمی کوردستاندا لە بواری ئابووری و بووژانەوە هاتووەتە ئاراوە و جەختیشی لە ویستی ولاتەکەی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان قەتەر و هەرێمی کوردستان کردەوە.

نێچیرڤان بارزانی: دەبێ خوێندنی باڵا لەگەڵ پێویستییەکانی کوردستان بگونجێنین



ئێوارەی ڕۆژی هەینی 2019/9/27 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مامۆستا و قوتابی و کەسوکاری قوتابیان، لە شاری هەولێر ڕێوڕەسمی دیاری دەرچووانی زانکۆی کوردستان - هەولێر بەڕێوەچوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کردو رایگەیاند، خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ دەبینم دوای سێزدە ساڵ گەنجانی لێهاتوو پێگەیشتوون و دڵنیا بن داهاتوو بۆ ئێوەیە و سەرۆکایەتی و پێشەنگی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم وڵاتە لە ئەستۆی ئێوەدایە. **(دەقی وتەکەی لە ل3 بخوێنەوە)**

9 لایەنی کوردستانی بڕیاری یەکلیستییان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان دا



لەپێناو پێکهێنانی یەک لیست بۆ بەشداربیکردن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، لە هەولێر نوێنەرانی نۆ لایەنی سیاسیی کوردستانیی کۆبوونەوە و بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیستێکی یەکگرتوو، کە ناوی "لیستی هاوپەیمانی کوردستانی" دەبێت.
(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

یەکپۆشی لە جلوبەرگی قوتابخانە، جیاکاری لە نێوان قوتابیان نەهێشت



ساڵی تازەی خوێندن دەستی پێکردووەو هێشتا جلوبەرگی قوتابخانە لە بازارەکان ڕەواجی هەیە، دایک و باوکی قوتابیانیش گلەیی لە گرانی نرخەکان دەکەن و لەبەرانبەریشدا دوکاندار و بازرگانەکان پێیانوایە گرانیی نرخ لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

کەرکووک و یەکهەڵوێستی

سەلام عەبدوڵلا

دیارە حکوومەتی عێراقی بڕیاری خۆی داوە کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لە هەموو پارێزگاکانی عێراق، دەکات کە کەرکووک یەکێک دەبێت لەو پارێزگایانە.
ئێمە زۆرمان لەسەر ناڕەوایی ئەو هەڵبژاردنە سەبارەت بە کەرکووک نووسی کە نەدەبوو حکوومەتی عێراقی ئەو بڕیارە بدا، بەتایبەتی کە دۆخی کەرکووک نائاساییەو پێویستە هەڵبژاردنی تێدا نەکرێ، تاکو بارودۆخ ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام وادیارە حکوومەت سوورە لەسەر بڕیارەکەی و پەرلەمانی بەغداش پشتیوانی دەکات.
هەروەک زۆریشمان سەبارەت بە هەوڵی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە گوت کە ئەو حکوومەتانە، هەر هەموویان، بەجیاوازی، بیروبۆچوونیان، هەر هەموویان لەسەر عەرەبانـدن و شێواندنی دیمۆگرافیـای کەرکووک بەردەوام بـوون و هـەریەک بەشێوازی خۆی، بەڵام هەر هەمووی لەپێناو یەک مەبەستدابووە کە سیمای کوردستانی بوونی کەرکووک بسڕنەوە و واقیعێک بسەپێنن کە لەبەرژەوەندی خۆیان بێت و بەوپێیەش نەهێڵن ئەو شارە کوردستانییە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەویش بەرنامەیەکی ستراتیژی بووە کە هەموو حکوومەتەکانی پێشوو پەیڕەویان کردووە، بەڵام هیچیان بە ئەندازەی ئەم هەوڵەی ئێستاکە لەلایەن پارێزگاری داسەپاوی بەوکالەتی کەرکووک دەدرێ نەبووە و نەکراوە، بۆیە ئێستا واقیعێک بەسەر دانیشتووانی کوردی شارەکەدا سەپێنراوە کە هیچ لە بەرژەوەندی کورد و دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو شارە دانییە، بۆیە پارتە کوردستانییەکان دەبێ زۆر بەهۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیەدا بکەن و بەیەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەک بەرنامەیی بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن کە دەستەبەری سەرکەوتن بکات و نەهێڵن پیلانی ناحەزانی سەرکەوتوو بێت.
خۆشبەختانە حزبە کوردستانییەکان، زۆرینەی هەرە زۆریان، لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە دەبێ هەموو پێکەوە بۆ ئەو مەبەستە شێلگیرانە کاربکەن و لادانی هەندێ حزبۆکەی کوردیش کە نایانەوێ بەشێک بن لەو یەکڕیزییەو ئەو هەڵوێستە نیشتمانییە، نابێت کاریگەری لەسەریان هەبێت و نیگەرانییان بکات، هەروەک چۆن بەرەی نەخێر لەکاتی ڕیفراندۆمدا شەرمەزارییەکی مێژوویی بۆخۆیی تۆمارکرد، با ئەمجارەش پیرۆزیان بێت و (ئەو سەروەرییەشیان) لەکیس نەچێت.

لەلایەن خێرخوازان و کۆمپانیاکانی کوردستانەوە سپۆنسەری پرۆژەکە دەکرێت


دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری دارایی (4356) منداڵ دەکات

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە بەردەوامی کار بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتی زیاتری منداڵانی بێباوک (ئازیزان) لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەکات، لەو چوارچێوەیەدا لەساڵی 2012 پرۆژەی چاودێریی ئازیزانی قۆناغی کوردستانی ڕاگەیاند.

5

نووری حەمەعەلی: هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دەوروبەری کەرکووک جێگیر دەکرێت

دانوستانەکان بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەردەواميیان هەیە و بەرپرسێکی پارتیش ئاشکرای کرد، بڕیارە هێزی هاوبەش لە پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دەوروبەری کەرکووک جێگیر بکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە

ماندووبوونی فراکسیۆنی پارتی لە خولی پێشووی پارلەمان جێگەی پێزانینە

دوێنێ شەممە 28ی 9ی 2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی سوپاس و دەستخۆشی لە ئەرک و ماندووبوونی ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە خولی چوارەمی پەرلەمان کرد و تەئکیدی لەوە کردەوە کە فراکسیۆنی پارتی لە خولی پێشووی پەرلەمان لە بارودۆخێکی هەستیار و دژواری سیاسیدا کاری خۆیان بە باشی ئەنجام داوە و ماندووبوونیان جێگەی پێزانینە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی رۆشنایی خستە سەر پرۆسەی سیاسیی کوردستان و ویستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەنگاونان بەرەو کوردستانێکی بەهێز و یەکگرتوو و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەم هەنگاوە گرنگ و هەستیارە پێویستی بە هاوکاری و هاوبەشی هەموو لایەک هەیە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا سەرۆک بارزانی بۆچوونی خۆی لەمەڕ گفتوگۆ و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئامادەبوون خستەڕوو.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە هونەرمەند محەممەد ئەحمەد ئەربیلی دەکات

رۆژی پێنجشەممە 2019/9/26 لە سەلاحەدین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازیی لە هونەرمەندی ناسراوی شاری هەولێر محەممەد ئەحمەد ئەربیلی کرد. لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی هونەرمەند محەممەد ئەحمەد ئەربیلی کرد، کە بە درێژایی تەمەنی خۆی خزمەتی هونەری کردووە، جێگەی دەستی لە گەشەی کولتوور و هونەری شاری هەولێر و کوردستان دیارەو، نیشتمانپەروەرانە لە رێگەی هونەرەکەیەوە خزمەتی وڵاتی خۆی کردووە.

هەروەها سەرۆک بارزانی لە باری تەندروستی و ژیانی "ئەربیلی" پرسی و، هیوای ساغی و تەمەندرێژی بۆ خواست.

نووری حەمەعەلی: هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دەوروبەری کەرکووک جێگیر دەکرێت



لەگەڵ هەنگاوەکان بۆ ئاسایی‌کردنەوەی ڕەوشی کەرکووک، بڕیارە بارەگاکانی پارتیمان ڕادەست بکرێنەوە و ژمارەی بازگەکان کەم بکرێنەوە، ئەوانەی زیادەن.

نووری حەمەعەلی، کە هاوکات فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکیشە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، بە بێ جیاوازی پارێزگاری لە سەر و مالّی هاووڵاتیانی کەرکووک دەکات، چونکە بڕیارەکە بۆ ئاسایی‌کردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەردەوامییان هەیە و بەرپرسێکی پارتیش ئاشکرای کرد، بڕیارە هێزی هاوبەش لە پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دەوروبەری کەرکووک جێگیر بکرێت.

نووری حەمەعەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی، بە مالّپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دانوستانەکان بۆ ئاسایی‌کردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەردەوامییان هەیە لە نێوان هەرێم و بەغدادا و بڕیارە دوو لیوای پێشمەرگە و دوو لیوای سوپای عێراق لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کەرکووک جێگیر بکرێن وەک هێزی هاوبەش، بەڵام تا ئێستا نەچۆتە واری جێبەجێکردنەوە.

بەرپرسەکەی پارتی دەشڵێت: ئەگەر هەنگاوەکان بۆ ئاسایی‌کردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەردەوام بن لە گەیاندنی پەیامی ئازادیخوازی و پێکەوەژیان و ئاوەدانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە هەمانکاتیشدا هۆکارێک بن بۆ پێدانی هۆشیاری و بەرچاوڕوونی بۆ خەڵک و بە تایبەت جیلی نوێ و پتەوترکردنی هەستی نیشتیمانپەروەری و خزمەتکردنی وڵات.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم و بمێنن بۆ کورد و کوردستان

مسعود بارزانی
28ی 9ی 2019

بروسکەی پیرۆزبایی سەرۆک بارزانی لە ساڵیادی دامەزراندنی دەنگی کوردستان:

ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەرچەرخانێک بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان

بە بۆنەی 56ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق، سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەر و ستافی ڕادیۆی دەنگی کوردستان کرد و ڕایگەیاند "ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەرچەرخانێک بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و پردێکی پتەو لەنێوان شۆڕش و خەڵک بوو و، بۆ پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان بەڕێوەبەر و ستافی ڕادیۆی دەنگی کوردستان

بەبۆنەی پەنجا و شەشەمین ساڵیادی دەستپێکی پەخشی دەنگی کوردستانی عێراق، پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو ئەو خەباتگێڕ و تێکۆشەرانە دەکەم کە لەماوەی کارکردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان زەحمەتیان کێشاوە و دەنگی زوڵاڵی شۆڕش و پێشمەرگەیان بە خەڵکی کوردستان و جیهان گەیاندووە.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەرچەرخانێک بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و پردێکی پتەو لەنێوان شۆڕش و خەڵک بوو و، بۆ پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان. هەردەم مایەی ئومێد و وەرەبەرزی بووە ڕادیۆی دەنگی کوردستان. لە هەموو قۆناغەکانیشدا ئامرازی بەهێزی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بەرگریکاری مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بووە.

لەو یادە پیرۆزەدا ئەو چاوەڕوانییە لە ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست هەیە کە بە گوڕوتینی زیاتر بەردەوام بن لە گەیاندنی پەیامی ئازادیخوازی و پێکەوەژیان و ئاوەدانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە هەمانکاتیشدا هۆکارێک بن بۆ پێدانی هۆشیاری و بەرچاوڕوونی بۆ خەڵک و بە تایبەت جیلی نوێ و پتەوترکردنی هەستی نیشتیمانپەروەری و خزمەتکردنی وڵات.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم و بمێنن بۆ کورد و کوردستان

مسعود بارزانی
28ی 9ی 2019

جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی لە میانی پانێلێکی دیداری ڕافیدەین خستەڕوو



ڕۆژی هەینی 27ی ئەیلوولی 2019)هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی دووەمی دیداری ڕافیدەین بۆ ئاسایش و ئابووری کە لەبەغدا بەڕێوەدەچێت بەشداریی لە پانێلێکدا کردو تیایدا تیشکی خستەسەر ڕەوشی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میحوەربەندییەکانی ناوچەکە.

لە میانەی پانێلەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سوپاسی ڕێکخەرانی دیداری ڕافیدەینی کرد لە کاتێکدا کەعێراق و ناوچەکە بەدۆخێکی هەستیاردا دەڕوات و ئەنجامدانی دیداری لەمجۆرەی بە گرنگ بۆ لێکنزیککردنەوەی بۆچوونەکان وەسفکرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیری تووندڕەوی و بەهێزکردنی یەکڕیزی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانەی بەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستانی گرتووە.

هەر لە پانێلەکەدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان کرد لەو سیاسەت و ستراتیژییەتەی کە پیادەی دەکات بەمەبەستی لێکنزیکبوونەوەو هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ بەغدا، هاوکات باسی لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کرد کە لەئێستادا دووبارە خەریکە بەهێز و گوڕوتینێکی تردە سەرهەڵدەدەنەوە،و دەگەڕێنەوە ئەو شۆینانەی کە پێشتر تێیدا بوونە، لەدرێژەی وتەکانیدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق کردو ڕایگەیاند: پێویستە کێشەکان لەچوارچێوەی دەستوور بەگفتوگۆ و هەنگاوی کرداری چارەسەر بکەین و هەوڵبدەین بێتلایەنانە مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و گرژییانەی کە لەناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە بکەین، چونکە هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور بەشدارە لەو بەرپرسیارێتییانەی کە دەکەونە سەر عێراقی فیدراڵ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی لەناوەوە و دەرەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گرەنتیی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان و بەغدای بە لێکنزیککەوتنەوە و چارەسەری کێشەکانی نێوانیان بەرێگەی گفتوگۆ لەچوارچێوەی دەستووری عێراقی فیدراڵدا خستەڕوو.

سیروان محەمەد: تیمێکی نێودەوڵەتی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق بەڕێوەدەبەن

پێویستە لە فۆرمی سەرژمێریدا ڕەچاوی ناوی نەتەوە و ئایین بکرێت



نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتیی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق دەکات و سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانیش دەڵێ، پێویستە لە ئامادەکردنی فۆرمی سەرژمێریدا ڕەچاوی ناوی نەتەوە و ئایین بکرێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی هەر نەتەوەیەک لە عێراقدا.

سیروان محەمەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە مالّپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیارە لێژنەیەکی تەکنیکیی نێودەوڵەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتیی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکات، تا لە ڕووی ئامادەکارییەوە سەرپەرشتیی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان بکات بۆ ئەوەی دیاریکردنی ڕێژەی هەر نەتەوەیەک لە عێراقدا ڕوون بێتەوە و ئەنجامەکانی قبوڵ بکرێن.

دەربارەی مەرجەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەکردنی فۆرمی سەرژمێری، سیروان محەمەد دەڵێت: ئامادەکردنی فۆرمی سەرژمێری نیقاشێکی زۆری دەوێت، چونکە بەپێی ستانداردی جیهانی و لەژێر ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئامادە دەکرێت، ئێمە لە بابەتی دیاریکردنی ئایین و نەتەوە کێشەمان دەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان دەیەوێت قەبارەی هەر پێکهاتە و نەتەوەیەک دیار بێت، بەتایبەتی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئێدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی:

دەبێ خوێندنی باڵا لەگەڵ پێویستییەکانی کوردستان بگونجێنین

زانکۆ دەبێ قوتابییەک دەربچوێنێت کە بازاڕ و کار، چاوەڕێی بن و پێویستییان پێ بێت، نەک خۆی بۆ کار بگەڕێت و نەیدۆزێتەوە



ئێوارەی ڕۆژی هەینی 2019/9/27 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مامۆستا و قوتابی و کەسوکاری قوتابیان، لە شاری هەولێر ڕێوڕەسمی دیداری دەرچووانی زانکۆی کوردستان ـ هەولێر بەڕێوەچوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کردو ڕایگەیاند، خۆشحالم کە ئەمڕۆ دەبینم دوای سێزدە ساڵ گەنجانی لێهاتوو پێگەیشتوون و دڵنیا بن داهاتوو بۆ ئێوەیە و سەرۆکایەتی و پێشەنگی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم وڵاتە لە ئەستۆی ئێوەدایە، ئەمە ئەرکی ئێوە قورس دەکات و ئاسان نییە، ئەرکی سەرشانتان زۆر زیاتر قورس دەکات، ئێوە سەرکردەی داهاتووی ئەم وڵاتەن، کوردستان پێویستی بە ئێوە هەیە، دەبێت لەوە تێبگەن. ئێمە میللەتێکین تەنها دەتوانین بە فێربوون، بە زانست و بەوەی کە خۆمان ماندوو بکەین، دەتوانین پێشبکەوین، شوێنی جوگرافیای ئێمە وایە، وڵاتی ئێمە وایە، ئێمە دەتوانین بە زانکۆ، بە فێربوون، بە زانست خۆمان بۆ ئایندەیەکی گەشتر بە دڵنیاییەوە بۆ وڵاتەکەمان و گەلەکەمان ئامادە بکەین و ئێوەش پێشەنگ و سەرکردەی ئەم وڵاتە دەبن. ئەمەش دەقی وتەکەیەتی:

ئامادەبوانی بەڕێز، ئێوارەتان باش..

خۆشحالم کە ئەم ئێوارەیە لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا، بەشداریی ئەم ڕێوڕەسمە دەکەم. هەموو لایەکتان بەخێربێن. بەخێرهاتنێکی تایبەتی ئەوانە دەکەم کە ڕێگەیەکی دووریان بڕیوە و بەتایبەتی بۆ ئەم ڕێوڕەسمە لە دەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە، بەخێر بێن.

ئەوەی زۆر مایەی خۆشحاڵییە، ئەوەیە کە ئەمڕۆ بەرهەمی 13 ساڵی پرۆسەی زانستیی زانکۆی کوردستان/ هەولێر لێرە دەبینین. کە پرسیارم کرد بۆچی ئەم ڕێوڕەسمە خراوەتە ڕۆژی هەینی، کە ڕۆژی پشوە؟! بە وڵامەکە زۆر خۆشحاڵ بووم کە گوتیان: ڕۆژانی دەوام هەندێ لە ئێوەی بەڕێز لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ناکرێت شوێنی کارەکەتان جێبهێڵن، بۆ ئەوەی ئیشی کارگەیەک، کۆمپانیایەک، یان ئۆفیسێکی بەڕێوەبردن لەو شوێنەی کە کاری لێ دەکەن، نەوەستێت!

کەواتە ئێوەی بەڕێز، ئەم گەنجە سەرکەوتوانە، بە تەواوی بەرهەمی بەدیهاتووی ئەو ڕوانگەیەن کە زانکۆی کوردستان ـ هەولێری لەسەر دامەزراوە، ئەویش پێگەیاندنی کادیری کلیلی و لێهاتوو و بەتوانایە بۆ بازاڕی کار، بۆ دامێنان و بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی وڵات بە باشترین شێوە.

مایەی شانازییە بەپێی ئامارەکان کە ئەمڕۆ پیشان دران، لە سەدا نەوەد و نۆی ئێوەی دەچوانی زانکۆی کوردستان ـ هەولێر لە بواری زۆر گرنگی وەک کەرتەکانی: وزە، نەوت و گاز، دیپلۆماسی، پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن، لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتیدا کارتان دەستکەوتووە، یان خۆتان کاری خۆتان بنیاتناوە و هەر خۆشتان بە شێوەیەکی زۆر باش بەڕێوەی دەبەن و دەرفەتی کارتان بۆ خەڵکی دیکە و بۆ هەندێ لە هاوپۆل و هاوکارەکانیشتان دابین کردووە.

بە ڕاستی بەڕێوەبەرانی ئەو زانکۆیە شایانی دەستخۆشییەکی زۆرن، چونکە زانکۆی کوردستان ـ هەولێر هەرگیز نەیویستووە تەنیا هەڵگرانی بڕوانامە دەربچوێنێت کە نەتوانن کار بدۆزنەوە، یان تەنیا چاویان لەوە بێت حکوومەت کاریان پێببدات و وەک فەرمانبەر دابمەزرێن !بەڵکوو هەمیشە ئامانجی ئەوە بووە، گەنجی زیرەک و بەتوانا و شارەزای کار ئامادە بکات. بە خۆشحاڵییەوە ئەوەی ئێستا دەیبینین، بەدیهاتنی ئەو ئامانجەیە، هیوادارم هەر بەو شێوەیەش بەردەوام بێت.

زانکۆ دەبێ قوتابییەک دەربچوێنێت کە بازاڕ و کار، چاوەڕێی بن و پێویستییان پێ بێت، نەک خۆی بۆ کار بگەڕێت و نەیدۆزێتەوە. وەک پێشتریش گوتوومانە: پەروەردە و خوێندنی باڵا، کلیلی هەموو سەرکەوتن و پێشکەوتنێکن لە هەر وڵاتێک، دەبێ خوێندنی باڵا لەگەڵ پێداویستییەکانمان و توانایەکمانەوە هاوکار دەبین بۆ زانکۆی کوردستان ـ هەولێر و هەموو زانکۆکانی کوردستان.

سوپاسی زانکۆی کوردستان ـ هەولێر دەکەم کە دەرفەتی خوێندنی بە قوتابیان و خوێندکارانی هەموو ناوچە و بەشەکانی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق و هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان داوە و لە (13)ساڵی تەمەنیدا زیاتر لە (1200)خوێندکاری لە چەندین بەشی جیای بوارەکانی ئەندازیاری، زانستی کۆمەڵایەتی، دەرمانسازی، کار و بەڕێوەبردنی کاردا پێگەیاندووە و لەم زانکۆیە دەرچوون و کاری باشیان دەستکەوتووە. دەرچووانی زانکۆی کوردستان، سەرکەوتووانە جێپەنجەیان بە شوێنی کارەکانیانەوە دیارە. سوپاس کە هاوکاریی منداڵی شەهیدان و قوتابیانی زیرەکی کەمدەرات کراوە بۆ ئەوەی دەرفەتیان هەبێت لەم زانکۆیە بخوێنن.

ئامادەبوانی خۆشەویست..

کۆکردنەوەی زۆربەی زۆری دەرچووانی زانکۆی کوردستان ـ هەولێر و هەموو ئەو دەرچووانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە بەرپرسی پشتی و دەرچووانیش بە کۆمەڵگە و وڵاتیان بەخشیوە. بێگومان کار و کاریگەریی دەرچووانی زانکۆ لە شوێنی کار و کۆمەڵگەدا، مایەی شانازییەکی گەورەیە بۆ زانکۆی کوردستان ـ هەولێر.

بەڕێزان..

ئێوە کە لەم زانکۆیە دەرچوون و ئەمڕۆ بوونەتە بەرپرسی پشتی ئەو دامەزراوانەی کاریان تێدا دەکەن، کەسی لێهاتووی تایبەتن. سەرکەوتنی ئێوە لە خوێندن و لە کاردا، ئیلهامبەخش و هاندەری نەوەی دوای خۆتانە بۆ خۆماندووکردن و شەونخوونی لەپێناو سەرکەوتنی گەورەتردا. پیرۆزبایی و دەستخۆشیتان لێ دەکەم، هیوادارم نموونەتان هەر زۆر بێت لە وڵاتەکەمان.

بە ڕاستی خۆشحاڵم کە لێرە پێشەنگ و سەرمەشقی نەوەیەکی ژیر و زیرەک و لێهاتووی کوردستان دەبینم. هەبوونی ئێوەی خۆشەویست و ئەو پێگە و پۆست و کارەی پێی گەیشتوون، ئەو ئەرک و خزمەتەی هەر یەکێکتان لە بواریکدا دەیکات، بەڵگەیەکی دیاری ڕاستی و دروستی و سەرکەوتنی ئەو ڕوانگەیەیە کە زانکۆی کوردستان ـ هەولێری لەسەر دامەزراوە و بوونەتە مایەی شانازیی ئەمڕۆ.

دڵنیام ئێوە و گەنجانی پێگەیشتووی وەک ئێوە دەبنە دایمەوێی سەرکەوتن و پێشکەوتنی زۆر گەورە بۆ گەلی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا. ئێوە بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن لە وڵاتەکەماندا بێگومان پێشدەخەن، لەبەر ئەوەش دڵنیام لەوەی کە ئێوە مایەی شانازین بۆ خۆتان و بۆ وڵاتەکەتان و بۆ خانەوادەکانتان.

دووبارە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم. سوپاس و دەستخۆشی و پێزانین بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی کوردستان ـ هەولێر و هەموو ئەو مامۆستا و ستافە بەڕێزانەی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ئێستا لە زانکۆ کار و خزمەتیان کردووە کە هەندێکیان لێرە دانیشتوون، یان ئێستا لە شوێنی دیکە خزمەت دەکەن و نەوەیەکی ژیر و لێهاتووی وەک ئێوە پێدەگەیەنن.هیوای سەرکەوتن و ئێوارەیەکی خۆش بۆ هەموتان دەخوازم. جارێکی دیکە دەمەوێ بڵێم کە زۆر خۆشحاڵ بووم بەشداریم لەم ڕێوڕەسمەدا کرد. دوای سێزدە ساڵ ئەوەی کە بیرم هاتەوە، ڕێک ئێمە زانکۆی کوردستانمان بۆ ئەوە دامەزراندبوو ئەوانەی لەم زانکۆیە دەردەچن بتوانن خزمەتی وڵات بکەن و ئەم وڵاتە پێش بخەن.

خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ دەبینم دوای سێزدە ساڵ گەنجانی لێهاتوو پێگەیشتوون و دڵنیا بن داهاتوو بۆ ئێوەیە و سەرۆکایەتی و پێشەنگی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم وڵاتە لە ئەستۆی ئێوەدایە، ئەمە ئەرکی ئێوە قورس دەکات و ئاسان نییە، ئەرکی سەرشانتان زۆر زیاتر قورس دەکات، ئێوە سەرکردەی داهاتووی ئەم وڵاتەن، کوردستان پێویستی بە ئێوە هەیە، دەبێت لەوە تێبگەن. ئێمە میللەتێکین تەنها دەتوانین بە فێربوون، بە زانست و بەوەی کە خۆمان ماندوو بکەین، دەتوانین پێشبکەوین، شوێنی جوگرافیای ئێمە وایە، وڵاتی ئێمە وایە، ئێمە دەتوانین بە زانکۆ، بە فێربوون، بە زانست خۆمان بۆ ئایندەیەکی گەشتر بە دڵنیاییەوە بۆ وڵاتەکەمان و گەلەکەمان ئامادە بکەین و ئێوەش پێشەنگ و سەرکردەی ئەم وڵاتە دەبن.

زۆر سوپاس...

عێراق بە دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەزانم

ئەبوبەکر عەلی: پەیامی ڕیفراندۆم شکستی نەخواردووەو ئایندەشمان لەگەڵ عێراقدا نییە



ئەبوبەکر، عەلی نووسەر و سیاسەتمەدار و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکای ڕاگەیاندووە، پەیامی ڕیفراندۆم شکستی نەخواردووە کە پەیامی سەربەخۆبوونە، پەیامی ئەوەیە کە کوردستانی باشوور ڕۆژێک لەڕۆژان بگات بە قەوارەی سەربەخۆی خۆی و ئێمە لەچوارچێوەی عێراقدا بەزۆرەملێ نەمێنینەوە، بەڵکو قەوارەیەکی سەربەخۆ و نیشتمانی و دڵخوازی خۆمان دابمەزرێنین.

ئەو سیاسەتمەدار و نووسەرە ئەوەشی گوتووە: بەبڕوای من ڕووداوێکی گەورە لەناوچەکەدا ڕوبدات، تەوافوقێکی نیشتمانی لەکوردستاندا هەبێت وە ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت بۆ ئەو واقیعەی کە هەرێمی و نێودەوڵەتی تێیدا بەشداربووە بە قازانجی ئێمەیە هەموو ئەوانەش دوای ڕووداوە میژوویییە گەورەکان و جەنگی داعش کە یەکێک بوو لەوانە.

ئەو نووسەرە دەشڵێت: من بڕوام بەسەربەخۆیی هەیە، بڕوام بەوە هەیە ئایندەمان لەگەڵ عێراقدا نییە، عێراق بەدەوڵەتێکی شکست خواردوو دەزانم . ئەو ئەندامەی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەشڵێت: ئەوەی لە شانزەی ئۆکتۆبەر ڕوویدا ئەگەر نەبووایە ئێمە نەدەگەیشتینە سەربەخۆیی ، بەڵام هەرگیز تووشی ئەو شکستە نەدەبووین و تووشی ئەو شەرمەزاریە نەتەوەییە نەدەبووین و چەند هەنگاوێکیش لەسەربەخۆیی نزیک دەبوینەوە. ئێمە ئەو چارنووسەمان نەدەبوو کە ئێستا هەمانە، خۆزگە ئێمە ساڵێک پێش ئەوە ڕیفراندۆمان بکردایە کە گەرمەی شەڕی داعش بوو، شانسی سەرکەوتن زیاتر دەبوو .

ئەبوبەکر عەلی ڕەخنەی لە لایەنەکان گرت کە پەشیمان بونەوە لەڕیفراندۆم و گوتی: نەک هەر پەشیمان بوونەوە هەندێکیان هەر پێچەوانەش کاریان کرد بەشێک لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان پێچەوانە کاری کرد، دیارە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ڕاستە لەدواتردا بە بەڵێ دەنگیان دا، بزوتنەوەی نەخێر هەبوو ئەویش بەپڕوای من زیاتر وەک ڕێگایەک بۆ ئەوەی بێنە ناو ژیانی سیاسییەوە و بزوتنەوەی نەوەی نوێ ڕابگەیەنن و سوود لە دۆخەکە وەربگرن.

9 لایەنی کوردستانی بڕیاری یەکلیستییان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان دا

کاکەمین نەجارِ: ڕێککەوتنی باش و لێکتێگەیشتنی باشمان هەیە بۆ ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن

سەعدی پیرە: یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنەکان لە ئەسڵدا بۆ کەمکردنەوەی کورسییەکانی کورد داڕێژراوە



لەپێناو پێکهێنانی یەک لیست بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، لە هەوڵێر نوێنەرانی نۆ لایەنی سیاسیی کوردستانیی کۆبوونەوە و بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیستێکی یەکگرتوو، کە ناوی "لیستی هاوپەیمانی کوردستانی" دەبێت. دوێنێ شەممە 28-9-2019 نوێنەرانی نۆ لایەنی سیاسیی کوردستانی لەسەر پێکهێنانی یەک لیست بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لەساڵی 2020 ڕێککەوتن، ناوی لیستەکەش کە یەکەم شت بوو لەسەری کۆکبوون لیستی هاوپەیمانی کوردستانییە. دوای کۆبوونەوەکەش لایەنە کوردستانییەکان بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەکەیان بڵاوکردەوە. ئەمەش دەقی بەلاغەکەیە:

ئەمڕۆ 28ی ئەیلوولی 2019 نۆ هێزی کوردستانی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەکەرکووک، نەینەوا، دیالە، سەڵاحەدین.

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بەیەک لیست لەژێر ناوی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەین و بانگهێشتی سەرجەم لایەنە کوردستانییەکانی دیکەش دەکەین بۆ بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتییەکەدا".

بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە تەئکیدیان کردەوە لەسەر ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەپێش هەڵبژاردنەکان. وە جەخت کرایەوە بۆ بەدواداچوون بۆ تانە پێشکەشکراوەکان لەدادگای فیدراڵی لەسەر یاسای هەموارکراوی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، وە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان دەزگای هەڵبژاردنی حزبەکان ڕاسپێردران بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

کۆبوونەوەکە جەختی کردەوە لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێکهاتەکان لەو پارێزگایانەدا.

لایەنە بەشدارەکانی کۆبوونەوەکە بڕیتیی بوون لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان، حزبی سوسیالیستی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

دواتریش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا نوێنەرانی بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان قسەیان کرد.

سەرەتا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کاکەمین نەجارِ بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: ئەمڕۆ لە بارەگای ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرانی نۆ لایەنی کوردستانی بۆ پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش لەو ناوچانەی کێشە لەسەرن کۆبوونەوەکە کرکووک، نەینەوا، سەڵاحەدین، دیالە، هەموو لایەک ڕێککەوتیین لەسەر ئەوەی لەو ناوچانە بەیەک لیست لەهەڵبژاردنەکان بەشداری بکەین بۆ ئەوەی دەنگی کورد بەفیڕۆ نەچێت، لەسەر هەموو خاڵەکان ڕێککەوتیین.

هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەعدی ئەحمەد پیرە لەوبارەیەوە ڕایگەیاند: ئەمڕۆ ئەو نۆ لایەنە کۆبوونەوە بۆ یەکخستنی لیستی هەڵبژاردن و هاوبەش لەمەڕ هەڵبژاردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە نەینەوا، دیالە، کەرکووک، سەڵاحەدین، دیارە یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2019ی هەموارکراوی هەڵبژاردنەکان دنیایەک کێشەی هەیە و کێشەی یاسایی و دەستووریی هەیە و لە ئەسڵدا بۆ کەمکردنەوەی توانای کوردستانییانی ئەو ناوچانە و کەمکردنەوەی کورسییەکانی کورد داڕێژراوە و ئەو یاسایە لە خزمەت گرووپ و قەوارەی بچووک نییە، بۆیە بۆ ئەوەی هیچ دەنگێکی کورد بە هەدەر نەچێت بڕیارمان دا یەک لیست پێکبهێنین. هەروەها گوتیشی: ئەو هاوپەیمانێتییەی ئێمە کراوەیە لەبەردەم هەموو ئەو گرووپ و ڕێکخراوە سیاسییانەی هەن و دەیانەوێت لەهەڵبژاردنەکانی ئەو ناوچانە بەشداریی بکەن و پێمانوایە ئەو یەک لیستییە خزمەت بە بارودۆخی ئەو ناوچانە و کوردستانییانی ئەو ناوچانە دەکات. ئەوەشی گوت کە پشتگیری لەسەرجەم ئەو تانانە دەکەن کە لەدژی ئەو یاسایانە گیراونەتەبەر، هەروەها داوای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە دەکەن بۆ ئەوەی لەهەڵمەتی هەڵبژاردن و ڕۆژی هەڵبژاردن دەرفەتی یەکسان هەبێت، گوتیشی تانە لە بایۆمەتریی هەڵبژاردنەکە دراوە لەگەڵ چەند پرسێکی دیکە. سەبارەت بە لۆگۆی لیستەکەش گوتی: دواتر دەزگای هەڵبژاردنەکانی لایەنەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەو وردەکارییە و لۆگۆی گونجاوترین دیاری دەکەن.

هەروەها سەبارەت بەگەڕانەوەی بارەگاکانی پارتی بۆ کەرکووک کاکەمین نەجارِ گوتی: ئێمە بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکووک لێژنەیەکمان هەیە، هەر کاتێک بارودۆخی ئەو ناوچانەی کەرکووک و ناوچەکانی مادەدە 140 ئاسایی بوونەوە و سوپا لە شارەکان چوونە دەرەوە و پۆلیس دۆسیەی ئەمنیی وەرگرت ئەو کات دەگەڕێینەوە.

کاکەمین نەجارِ ئەوەشی گوت: کاندیدمان لەنێو لیستەکە دەبێت و هەموومان کاندیدمان لەو لیستەدا دەبێت، هەرچی پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشە ئەوا پارتی دەزانێت چۆن ئیش دەکات بارەگای لەکەرکووک و ئەو ناوچانە هەبێت یان نا. هەرچی پەیوەندیی بەسەرۆکی لیستەکەشەوە هەیە گوتی: ئەمڕۆ و بەیانی ئەوەش یەکلایی دەبێتەوە، ڕێککەوتنی باش و لێکتێگەیشتنی باشمان هەیە بۆ ئەو ناوچانەی کە لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمن و لەهەموو خاڵەکان دەگەین بەیەک.

مەکتەبی سیاسی (56)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان پیرۆز دەکات

ئێزگەی دەنگی کوردستان هەمیشە دەنگی هەقیانەتی خەڵکی کوردستان بووە

بە بۆنەی 56ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانەوە، پەیامی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە. کە ئەمە دەقەکەیەتی:

هەڤاڵانی بەڕێز/بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و سەرجەم کادیرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان..

ئەمڕۆ کاروانی شکۆمەندانەی (ئێزگەی دەنگی کوردستان) پێ دەنێتە 56ـەمین ساڵی تەمەنیەوە، بەو بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و بیسەرانتان دەکەین، وێڕای ئومێدەواریان بۆ بەردەوامبوونتان لە خزمەتکردن، لێشمان مسۆگەرە بۆ ساڵی داهاتوو زیاتر و بەرچاوتر لەو بوارە پەرە بە کار و بەرنامە و چالاکییەکانتان دەدەن و، هەردەم بەرپرسانە و دڵسۆزانە ئەرکی سەرشانتان بەجێدەگەیەنن.

دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان بە بڕیار و ڕێنمایی "بارزانیی نەمر" و سەرکردایەتیی شۆڕش بەر لە 56 ساڵ، وەک دەسکەوتێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کاریگەریی دیاری هەبوو لەسەر بارودۆخی سیاسی و خەباتی سیاسی و چەکداریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان، ئێزگەی دەنگی کوردستان پەیامی داکۆکیکردن بوو لە هەبوون و واقیعی نەتەوەییمان و جۆشدانی گیانی بەرخۆدان و شۆڕشگێری بۆ بەدیهێنانی مافەکانمان.

ئێزگەی دەنگی کوردستان وەکو یادگارێکی زیندوو و نەمری شۆڕش و ڕۆژانی بەرخودان و دەنگی زوڵاڵی پێشمەرگە و بەرگری و گیانبازی، بە درێژایی کاروانی کار و بەخشش توانیویەتی جێدەست و پێگە و ڕۆڵی خۆی بسەلمێنێ لە بواری میدیایی و بزاقی نەتەوەیی و کولتووری، هەروەها هەمیشە دەنگی هەقیانەتی خەڵکی کوردستان بووە بە هەموو پێکهاتە ئیتنی و ئایینیە جیاجیاکانیەوە، توانیویەتی دەنگێکی ڕەوا و پێشەنگ بێت لە گوزارشکردن و گەیاندنی خواست و ویستی گەلەکەمان، ئێستاش بە هەمان ڕێباز و پەیامی کورداییەتی و پارتایەتی و نیشتیمانپەروەرێتی بەردەوامە و وەک هەمیشە مینبەری ڕاستبێژی و سەنگەرێکە بۆ خستنەڕووی ڕاستی و ناوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان.

لەو بۆنەیەدا جەخت لەسەر پاڵپشتیی بەردوامان بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستان دەکەینەوە و خوازیارین هەر لە پێشکەوتندا بن و شانبەشانی کەناڵەکانی دیکەی میدیایی ڕۆڵی ئیجابیانەی خۆتان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان ببینن و فاکتەرێکی ئەکتیڤی ئەو ئەرک و پەیامە پیرۆزە بن.

لەم یادەدا سڵاو و دروود لە گیانی پاکی ئەو جوامێر و ڕاگەیاندنکارانەی لەڕێی سەروەری ئەو کاروانە پیرۆزەدا شەونخونییان کێشا و سەریان نایەوە.

سڵاو و ڕێز لەو ماندوونەناسانەی لە خزمەتی کولتوور و ڕۆشنبیری و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کۆڵیان نەدا.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/9/28

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی 56ەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان پیرۆز دەکات

بەبۆنەی 56ەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی "ئێزگەی دەنگی کوردستان"، دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی پەیامێکی بەڕێوبەر و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی بەڕێوبردن و کادیر و کارمەندانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/بەڕێوبەر و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی بەڕێوبردن و کادیر و کارمەندانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان..

بەبۆنەی 56ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی (ئێزگەی دەنگی کوردستان) پیرۆزباییەکی گەرم لە خۆمان و لە ئێوەی بەڕێز و گوێگرانی ئازیزی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەکەین، مایەیش شانازیە بەو تەمەنە پڕ شکۆیە ئەو دەنگە زوڵاڵە نەسرەوتووە و بەردەوامە لە خزمەتگەیاندن، بۆیە دەستی هەوڵ و ماندووبوونتان توند دەگوشین، هیوای هەنگاوی زیاتر و بەرهەمدارتر تان بۆ دەخوازین لە کار و پڕۆگرامەکانتان.

دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان بە بڕیار و ڕێنمایی (بارزانیی نەمر) هەنگاوێکی گرنگ و بەرپرسانە بوو لەو سەردەمەداو ڕۆڵی دیار و کاریگەری خۆیشی هەبوو لە هۆشیارکردنەوە و داکۆکیکردن لە بیروباوەڕو گیانی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەریی، جگە لەوەی شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو کاروانەدا دەورێکی دیار و بەرچاوی هەبوو لە پتەوکردن و بەرزڕاگرتنی ڕۆحی خۆڕاگری و بەرخودان و شۆڕشگێڕیی.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەنگێکی تایبەتمەندی بواری ڕاگەیاندنە لەڕووی بەخشش و ئەرشیفی دەوڵەمەندی و وەک هەمیشە مینبەری ڕاستبێژی و سەنگەرێکە بۆ خستنەڕووی ڕاستی و ناوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان.

لەو بۆنەیەدا جەخت لەسەر پاڵپشتیی بەردوامان بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستان دەکەینەوە و خوازیارین هەر لە پێشکەوتندا بن و شانبەشانی کەناڵەکانی دیکەی میدیایی ڕۆڵی ئیجابیانەی خۆتان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان ببینن و فاکتەرێکی ئەکتیڤی ئەو ئەرک و پەیامە پیرۆزە بن.

لەم یادەدا سڵاو و دروود لە گیانی پاکی ئەو جوامێر و ڕاگەیاندنکارانەی لەڕێی سەروەری ئەو کاروانە پیرۆزەدا شەونخونییان کێشا و سەریان نایەوە.

سڵاو و ڕێز لەو ماندوونەناسانەی لە خزمەتی کولتوور و ڕۆشنبیری و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کۆڵیان نەدا.

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/9/28

---

3 شاندی بەغدا سەردانی هەرێم دەکەن

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا سێ شاندی بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێ، پێویستە بەر لەوەی پرۆژەیاسای بودجە بگاتە پەرلەمان، هەردوو حکوومەت بگەنە ڕێککەوتن. دکتۆر قیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بڕیارە سێ شاندێ بەغدا لە ڕۆژانی داهاتوودا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەویش شاندی هەریەک لە لیژنەکانی دارایی و ئابووری و یاسا و نەوت و گاز لە لیژنەی نەوت و گاز پێکهاتووە، ئەو لیژنەیە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتی نەوتدا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەکەن و حکوومەتی هەرێمیش زانیاریان پێدەدات.



دکتۆر قیان سەبری ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: باشترین چارەسەر ئەوەیە، بەر لەوەی پرۆژەیاساکە بودجەی گشتیی عێراق بگاتە پەرلەمان، هەردوو حکوومەتی هەرێم و فیدراڵ بگەنە ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان، چونکە ئەوکات زەحمەت دەبێت بودجە بە بێ ڕێککەوتن بگاتە پەرلەمان.

هۆشیار سیوەیلی لەگەڵ بریکاری وەزیری دەرەوەی پۆڵۆنیا کۆدەبێتەوە

دکتۆر لانگ: پۆڵۆنیا بەردەوام دەبێت لە هاوکاری و پاڵپشتیی حکوومەت و گەلی کوردستان



پێشنیوەڕۆی دوێنێ شەممە لە وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، کە بە سەردانێکی فەرمی لەو وڵاتەیە، چاوی بە بەڕێز دکتۆر لانگ کەوت. لەو دیدارەدا باس لە دوایین پێشهات و بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی و هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی کرا. لە درێژەی ئەو دیدارەدا بەڕێز لانگ باسی لە دواسەردانی خۆی بۆ هەولێر کرد کە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت کۆبوەوە. بەڕێزیان دووپاتیشی کردەوە کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەهێز و کاریگەری لە هەموو بوارەکانی ناوچەکەدا هەیە، بەتایبەتی لە بواری ئاسایش و ئابووری و پەنادانی لێقەوماواندا. ئەوانیش بەردەوام دەبن لە هاوکاری و پاڵپشتیی حکوومەت و گەلی کوردستان. لای خۆیەوە بەڕێز سیوەیلی سوپاسی پۆڵۆنیای کرد بۆ ڕۆڵی بەرچاو و هاوکارییان بۆ ئاوارە و پەنابەران. گرنگە هەمووان پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی ئاوارە و لێقەوماوان بە کەرامەتەوە بگەڕێنەوە جێگای خۆیان، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگیی نێودەوڵەتی هەیە، لەبەر ئەوەی عێراق بە تەنیا توانای ئاوەدانکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان نییە، کە لە بەشێکی زۆریاندا ژێرخانی ئابووری و دامودەزگاکانی دەوڵەت نەماوە. لە لایەکی دیکەوە، ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە لەبەر نەبوونی ئاسایش و ئیش و کار کە بەربەستێکی دیکەیە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان. حکوومەتی هەرێم بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەزۆرنارەنەوەی پەنابەراندا نییە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/9/29 ژمارە (5837) | خەبات

کۆبوونەوەی گشتیی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک



بەڕێز سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی کرد لە چوارچێوەی شاندی عێراق بەسەرۆکایەتی د. بەرهەم سالح، سەرۆک کۆماری عێراق بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک.

لە نیویۆرک، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ساڵانەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەفین دزەیی یاوەری سەرۆک کۆماری عێراق بوو لە چەندین دیدار و کۆبوونەوە تاوەکو رۆژی 25ی 9ی 2019 بریتین لە:

1.لەگەڵ مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا

2.کۆبوونەوەی سێ قۆڵی نێوان د. بەرهەم سالح، سەرۆک کۆماری عێراق، عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی کۆماری میسری عەرەبی و شا عەبدوڵڵا شای ئوردن.

3.دەستپێکی کردنەوەی کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان و گفتوگۆکردن لەسەر یەکەم لووتکە دەربارەی کاریگەری گۆڕانی ژینگەو کەش و هەوا.

4.بالیۆز جەیمس جیفری، نوێنەری تایبەتی ئەمریکا پەیوەست بەپرسی سوریا .

5.بەڕێز ڕومین ڕادیف، سەرۆکی بولگاریا

6.بەڕێز سالومی زورابیشڤیلی سەرۆکی جۆرجیا

7.بەڕێز ڕاویژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا میرکل

8.بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا

9.بەڕێز جۆسیپی کۆنتی، سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا

10.بەڕێز بۆریس جۆنسن، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا

11.بەڕێز سەرۆک تەرەمپ، سەرۆکی ئەمریکا

12.بەڕێز ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا.

13.بەڕێز حسن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران.

14.بەڕێز گوتێریز سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

15. بەڕێز دەیڤد مالباس سەرۆکی بانکی جیهانی.

16. بەڕێز ئودێری ئازولای بەڕێوەبەری گشتی یونسکۆ.

لە کۆبوونەوەکاندا، تاوتوێی چەندین پرسی گرنگ و تایبەت کرا:

- دیارترین بەرەوپێشچوونەکان لە عێراق و ناوچەکە بەگشتی.
- کاریگەرییەکانی داعش مەترسییەکانی دووبارە سەرهەڵدانەوەیان لە ناوچەکە.
وە گرینگی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی داعش بوون.
- گرینگی پرۆسەی سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایش لە عێراق و ناوچەکە بەگشتی.
- پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێشکەوتنی باشی بە خۆیەوە بینیوە.
- بارودۆخی سوریا ، ڕەوشی ئاوارەو پەنابەران و پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی زیاترو هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، هاوکات نەهێشتنی ئەو بەربەستانەی دێنە بەردەمیان لە گەڕانەوەیاندا.
هاوکات ئەمڕۆ بەڕێزیان بەشداربوو لە کاتی پێشکەشکردنی ووتاری بەڕێز د. بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق.




وەزیری ناوخۆ و شاندێکی هاوپەیمانان ڕەوشی ئەمنیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیان تاوتوێ کرد

وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مێجەر جەنەرال جیرالد ستریکلاند ڕەوشی ئەمنیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیان تاوتوێ کرد بەتایبەتیش جموجۆڵی تیرۆریستانی داعش بە سوود وەرگرتن لەو بۆشاییە ئەمنییەی لەم ناوچانەدا دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دروست بوون.

مێجەر جەنەرال جیرالد ستریکلاند جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا بۆ سەقامگیری، هەماهەنگیی سەربازی و ئەمنیی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزی هاوپەیمانان و سوپای عێراقی بە گرنگ و پێویست لەقەڵەم دا بۆ لەناوبردنی هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش لەم ناوچانەدا و ئامادەیی هێزەکانی هاوپەیمانانی بۆ بەردەوامیی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە خستەڕوو.

لە بەرامبەریشدا بەڕێز وەزیری ناوخۆ سوپاسی هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد بۆ هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا و مەشقی پێشمەرگە و خوازیار بوو ئەم هاوکاری و پەیوەندییانە بەردەوام بن و زیاتریش پەرە بستێنن و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە ڕێی دەستوورەوە چارەسەر بکرێن.



جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ وەزیری داراییی عێراق کۆبوونەوە

لەدرێژەی دیداری بەسەرکردنەوەکانی لە شاری بەغدا، دوێنێ شەمە، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەیاوەریی هێڤیدار ئەحمەد جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان و بەڵێن ئیسماعیل سەرۆکی لیژنەی وزەو سامانەسروشتییەکان و سەرکۆ ئازاد بریارەدەری لیژنەکەو فارس عیسا نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە بەغدا سەردانی دفۆئاد حوسێن وەزیری داراییی عێراقی کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا هێمن هەورامی باسی لە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالیی عێراق کردو جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان بەرێگەی دیالۆگێکی ڕاستەقینەو بەپێی دەستوور و جێگیرکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020کردەوە، هەروەها نیازپاکیی هەرێمی کوردستانی بەڕادەستکردنی بڕی 250 هەزار بەرمیل نەوت بەکۆمپانیای سۆمۆ نیشاندا بەو مەرجەی بەغداش پابەند بێت بەنەناردنی شایستەداراییەکان و بودجەی هەرێمی کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا هێمن هەورامی باسی لە پێویستیی بوونی پەیوەندییەکی باش لەنێوان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و فراکسیۆنە کوردستانییەکان کرد بۆ ئالوگۆڕی ڕاوبۆچوون و پێشنیازەکانی هەردوولا پێش ئامادەکردنی هەر پڕۆژەیاسایەک. لای خۆیەوە دفۆئاد حوسێن وەزیری داراییی عێراق بەگرنگییەوە باسی لە پێویستیی بوونی پەیوەندییەکی باش لەنێوان حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کردو دووپاتی لەچارەسەری کێشەکان بە ڕێگەی دانووستاندن و لێکتێگەشتن بۆ سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکان کردەوە.

لەلایەن خێرخوازان و کۆمپانیاکانی کوردستانەوە سپۆنسەری پڕۆژەکە دەکرێت

دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی دارایی (4356) منداڵ دەکات

موسا ئەحمەد: لە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن بۆ پاڵپشتی دارایی دەست بە دابەشکردنی هاوکاری بۆ منداڵانی ئازیز دەکەین



دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە بەردەوامی کار بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتی زیاتری منداڵانی بێباوک (ئازیزان) لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەکات، لەو چوارچێوەیەدا لەساڵی 2012 پڕۆژەی چاودێریی ئازیزانی قۆناغی کوردستانی ڕاگەیاند و تاکو ئێستا بەپڕۆژەیەکی زۆر منداڵان بەبێ جیاوازی هاوکاری مانگانەیان پێشکەش دەکرێت، ئەم پڕۆژەیە بە پاڵپشتی و هاوکاری بەردەوامی کەسایەتی خێرخواز و خاوەنکارو کۆمپانیا نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت و لە قۆناغێکی نوێدا بڕی (871200) دۆلاری ئەمەریکی بەسەر (4356) منداڵی بێباوک دابەش دەکات کە هەر منداڵێک بڕی ($200) دۆلاری ئەمەریکی وەردەگرن، لەگەڵ پێشکەشکردنی سیمینارێک لەبارەی چۆنێتی پەروەردەکردن و مامەڵەکردنی خێزانەکان لەگەڵ منداڵەکانیان.

دەستپێکی قۆناغێکی نوێ

لەدرێژەی کارو چالاکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەچوارچێوەی پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان و بەبۆنەی دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، پڕۆژەی پاڵپشتیکردنی قوتابیانی بێباوکی ڕاگەیاند کە تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە منداڵان سوودمەند دەبن. لەدەستپێکی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکەدا، لەلایەن (د. رزگار عەبدوڵڵا) بەناونیشانی (بنەما زانستییەکانی پەروەردەی منداڵ) پێشکەشی کەسوکاری منداڵان دەکرێت، کە تیایدا ڕێگەچارەو ڕێوشوێنەکانی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ و پاراستنیان لە تووندوتیژی و گونجاندنیان لەگەڵ دەوروبەردا.

بەڕێوەچوونی پڕۆژەکە

لەم پڕۆژەیەدا کە قۆناغێکی دیکەی دابەشکردنی هاوکارییە بۆ منداڵانی بێباوک بەمەبەستی پاڵپشتیکردنیان بۆ چوونە قوتابخانە، لەشارەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت، لەو چوارچێوەیەدا لە شاری هەولێر (1201) منداڵ بڕی (240200) دۆلاری ئەمەریکی لەبری چوار مانگ هاوکاری وەردەگرن، هەروەها لەشاری دهۆک (804) منداڵ بڕی (160800) دۆلاری ئەمەریکی وەردەگرن، لەشاری سلێمانی بەهەمانشێوە (1006) منداڵ بڕی (201200) دۆلاری ئەمەریکیان بەسەردا دابەش دەکرێت. لەشاری کەرکووک (788) منداڵی ئازیز بڕی (157600) دۆلاری ئەمەریکی وەردەگرن، لەشاری کەلار و دەوروبەری (557) منداڵ بڕی (111400) دۆلاری ئەمەریکی بۆ چوار مانگ هاوکاری وەردەگرن.

سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن

سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکە، موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕایگەیاند: دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەک هەمیشە پاڵپشت و هاوکاری بەردەوامی خێزانی هەژارو کەمدەرامەت و منداڵانی ئازیزە بەبێ جیاوازی، بۆ ئەم پڕۆژەیە بەباشمان زانی لەدەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن و وەک پاڵپشتییەکی زۆر باشی دارایی منداڵان لەپێناو کڕینی پێداویستی و جلوبەرگ و کەرەستەکانی خوێندن، دەست بە دابەشکردنی قۆناغێکی دیکەی پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان بکەین بەسوپاسەوە کۆمپانیاکانی کوردستان و کەسایەتی و خاوەنکار و خێرخوازان پاڵپشتی ئەم پڕۆژەیە دەکەن.

ئەم پڕۆژەیە ساڵانێکی زۆڕە بەردەوامەو جێبەجێ دەکرێت کە لەو ڕێگەیەوە بە هەردوو قۆناغی ئیمارات و کوردستان زیاتر لە 22 هەزار منداڵی ئازیز ناونووسکراون و هاوکارییان پێشکەش دەکرێت.

پەرلەمانتارێک شاری بەسرە بە زبڵخانە ناو دەبات

شاری بەسرە لە باشووری عێراق ڕووبەڕووی کارەساتێکی ژینگەیی مەترسیدار، دەبێتەوە. فالح خەزعەلی، پەرلەمانتاری بەسرە لە پەرلەمانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، 80 شار و ناوچە. زبڵ و پاشماوەکانیان فڕێ دەدەنە ناو ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و دواجار ئەو پیساییە لە بەسرە کۆدەبێتەوە.

فالح خەزعەلی داوای لە حکوومەتی خۆجێیی بەسرە و حکوومەتی عێراق کردووە چارەسەرێک بۆ بارودۆخەکە بدۆزنەوە، چونکە خەریکە کارەساتێکی ژینگەیی لە بەسرە دروست دەبێت. ئەو پەرلەمانتارە شەتولعەرەب (شوێنی بەیەک گەیشتنی دیجلە و فورات) و بەسرە بە زبڵخانە ناو دەبات و داوای چارەسەری بە پەلە دەکات.

جێی باسە پارێزگای بەسرە بە شادەماری ئابووریی عێراق دادەندرێت و زۆرینەی نەوتی ئەو وڵاتە، لە بەسرە دەردەهێندرێت و هەناردە دەکرێت.

زیاتر لە 200 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان تاپۆ دەکرێن



شوان کەریم، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: پرۆژەیاسای تاپۆکردنی خانووە زیادەڕۆکانمان بۆ وەزارەتی شارەوانی نارددووە بۆ ئەوەی ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن و ئێمە تێبینیمان لەسەر نرخی تاپۆکردن هەیە و ئەوانیش ڕای خۆیان لەسەر داوە و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە. لەم حەفتەیەدا ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئێمەی ڕەوانە دەکەنەوە و دوای گەیشتنیشی، ئێمە ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە دەکەین و ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە و پەسەند بکرێت. شوان کەریم گوتیشی: چاوەڕێ دەکرێت لە مانگی داهاتوو پرۆژەیاساکە پەسەند بکرێت و ئەگەر پەسەند بکرێت زیاتر لە200هەزار خانووی زیادەڕۆ لێی سوودمەند دەبن، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە و خەڵکێکی زۆر لێی سوودمەند دەبن.

بەرپرسی لقی 16: ڕیفراندۆم خەونی سەدان ساڵەی میللەتەکەمان بوو بۆ سەربەخۆیی



بە بۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ڕیفراندۆمە مەزنەی باشووری کوردستان و بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو یادە پڕ لە سەروەریە، بە ئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی و بەرپرسانی حزبی و حکوومی دەڤەرەکە و ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری سنووری قەزای دەشتی هەولێر لە تەواوی چین و تێڕەی جیاجیاکان، لێژنە ناوچەی بنەسلاوە ئاهەنگێکی جەماوەری بەرفراوانی سازکرد.

لە دەسپێکدا بەرپرسی لقی 16 ئاماژەی بە گرنگی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کرد کە خەونی سەدان ساڵەی میللەتەکەمان و کردنەوەی گرێکوێرەی دەوڵەتی کوردستان بوو بە ڕێبەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی کە تەحەدای هەموو وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کرد و بە هەموو دونیای ڕاگەیاند کە سەربەخۆیی کوردستان و بڕیاردان لەسەری مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە و تەنها گەلەکەمان دەتوانێت بڕیار لەسەر ئەو مافە بدات هەر بۆیە گەلەکەمان بەجۆش و خرۆشەوە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و زیاتر 93 %ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا و ئەنجامی ڕیفراندۆم هەموو دوژمنانی میللەتەکەمانی شۆککرد و ئەگەر خیانەتی هەندێ کەس نەبوایە ئەمڕۆ گەلەکەمان قۆناغێکی گەورەی لەو ئامانجە بڕیبوو. دواتر ئاهەنگەکە بە گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردەواری بەردەوامی پێدرا.

سێ بەشی نوێ لە نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان کرایەوە



خەبات- سەید فاتیح پەرزنجی: بە ئامادەبوون و چاودێری دکتۆر سامان پەرزنجی وەزیری تەندروستی و ئەدهەم عەبدولمونعیم بەرپرسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە عێراق و دکتۆر چەتۆ حەمەد ئەمین بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بە وەکالەت و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت لە نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری منداڵان لە هەولێر سێ بەشی نوێ کرایەوە کە بۆ یەکەمین جارە ئەو بەشانە دەکرێنەوە. لە وتەیەکدا دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە: مایەی خۆشحاڵیە لە نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری منداڵان ئەو بەشانە دەکرێنەوە و سودێکی یەکجار زۆری هەیە و بە یەکێک لە خزمەتگوزاریە گرنگەکانی کەرتی تەندروستی دەژمێردرێت و کاریگەری زۆر باشی لەسەر باشترببوونی ڕەوشی نەخۆشخانەکان دەبێت و بەشەکانیش بریتین لە بەشی نازور و بەشی چاودێری چڕ و ئامێری پێشکەوتوو بۆ منداڵە ناکامەکان و بۆ جاری یەکەمە نازوری منداڵان دەکرێتەوە و بەکردنەوەی ئەو بەشە گرنگە چیتر پێویست ناکات منداڵان بۆ پشکنین ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان بکرێت. دواتر بەرپرسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە عێراق و دکتۆر گوتی: زۆر خۆشحاڵبووین لە نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان لە هەولێر ئەو بەشە گرنگانە کرانەوە بۆ ئەوەی منداڵان زیاتر سوود لەو سێ بەشە گرنگانە وەرگرن و دیارە ئەو هەنگاوەی ئێمە لە چوارچێوەی هاوکاری و پاڵپشتی کردنی ئەو نەخۆشخانەیەیە و دەتوانێت 40%ی منداڵانی ئاوارەش سوود لەو بەشانە وەرگرن.

ئەو تۆمەتبارانەی جانتای ئافرەتان و ماتۆرسکیلیان دەدزی دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، دەستگیرکردنی پێنج تۆمەتباری بە تۆمەتی دزینی بڕێکی زۆر پارە لە ناو جانتای ئافرەتان و هەروەها دزینی ژمارەیەک ماتۆرسکیلی ڕاگەیاند. دوای تۆمارکردنی سکاڵا لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی دارەتوو بە بوونی دوو ڕووداوی دزیکردن لە سنووری بنکەکەیان، ڕائید هۆگر عەزیز وتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەم ڕووداوانە کردەوە و توانی لە ماوەیەکی کەمدا ناسنامەی پێنج تۆمەتبار ئاشکرا بکات و دەستگیریان بکات. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ڕوونیشی کردەوە، لە تاوانی یەکەمدا تۆمەتباران (ع.ا.س) تەمەن 16ساڵە و (ا.ا.س) تەمەن 11ساڵە هەڵسابوون بە دزینی بڕێکی زۆر پارە لە ناو جانتای ئافرەتان لە بازاڕی دارەتوو بۆیە تۆمەتباران بە پێی ماددە 446لە (ی.س.ع) بەند کران. گوتیشی: لە تاوانی دووەمیشدا تۆمەتباران (م.س.م) تەمەن 14 ساڵە و (ا.گ.گ) تەمەن 19ساڵە و (پ.م.ا) تەمەن 17ساڵە هەڵسابوون بە دزینی 3ماتۆرسکیل لە گەڕەکەکانی ڕۆشنبیری و فەرمانبەران کە ئەوانیش بە پێی ماددە 446لە (ی.س.ع) بەند دەکرێن و بە گوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

وەزیری ئەوقاف بۆ ژمارەیەک لاوانی شنگال: ئێوە نموونەی خۆشەویستی و گیانی پێکەوەین



لە دیوانی وەزارەت د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشوازی کرد لە ژمارەیەکی بەرچاوی گەنجان و لاوانی پێکهاتە جیاوازەکانی دەڤەری شەنگال، لەمیانی پێشوازی کردنەکەدا وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی ڕایگەیاند: مایەی خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ پێشوازی دەکەین لە کۆمەڵێک لە گەنجان و لاوانی خوێنگەرمی دەڤەری ڕەنگینی شەنگال چونکە ناوچەکەتان یەکێکە لە جوانترین تابلۆی پێکهاتەکانی کوردستان و ئێوە نموونەی خۆشەویستی و گیانی پێکەوەین، هەروەها زیتر گوتی: کوردستان ماڵ و لانەی هەموانە کوردستان لانکەی پێکەوەیی و سەرجەم پێکهاتەکانی ناوچەکەیە، خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی میللەتەکەمان بۆ هەمووان بووە تاوەکو بەخۆشی ئارامی پێکەوە بژین، بێگومان هەموو پێکهاتەکانیش بەشدارن لە شۆرش و بەرخودان و بەرگریەکان و دەسکەوتەکانی کوردستان.

سەرجەم سەرپێچی و زێدەڕۆییەکانی گەڕەکی فەرمانبەران و ڕێگای کەسنەزان لادران



لەسەر فەرمانی قایمقامی هەولێر و لە ڕێگای بەشی پۆلیسی شارەوانی و هێزی زێرەڤانی و بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی چوار سەرجەم سەرپێچی و زێدەڕۆییەکانی گەڕەکی فەرمانبەران و ڕێگای کەسنەزان لادران.

دوای ئاراستەکردنی گلەیی و گازاندەیەکی زۆری هاوواڵتیان و شوفێران و دروستبوونی ئاستەنگی هاتوچۆ و خنکانی شەقامەکان و زێدەڕۆیی لە ناوچەی سەوزایی مۆلکی گشتی و شێواندنی سیمای شار، قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر ڕێکاری یاسایی گرتە بەر و تێکڕای سەرپێچی و زێدەڕۆییەکانی هەردوو گەڕەکی فەرمانبەران و ڕێگای کەسنەزانی لابرد.

لە پێناو بەرژەوەندی گشتیی هاوواڵتیان و لە درێژەی کار و چاالکییەکانی قایمقامیەتی هەولێر، لەسەر فەرمانی قایمقامی هەولێر لە ڕێگای بەشی پۆلیسی شارەوانی و هێزی زێرەڤانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چوار، هەڵمەتی لادانی تەواوی داگیرکردنی شۆستە و سەرپێچی و زێدەڕۆییەکانی سەوزە و میوەفرۆشانی گەڕەکی فەرمانبەران و ڕێگای بنەسلاوە و ڕێگای کەسنەزان دەستی پێکرد و سەرجەمیان لادران. ئەم هەڵمەتە بەردەوام دەبێت و لە هەر شوێنێک سەرپێچی و زێدەڕۆیی بکرێتە سەر مۆلکی گشتی، بە گوێرەی یاسا الدەدرێت.

گەرمیان... بڕیارە ئەمڕۆ زیاتر لە 28 هەزار منداڵ بکوترێن



خەبات- سەبریە یوسف: ئامانجی هەڵمەتەکە کوتانی زیاتر لە 28 هەزار منداڵە و ئەمڕۆ هەڵمەتی کوتانی منالان لە گەرمیان دەستپێدەکات. سیروان محەمەد لێپرسراوی بەشی هۆشیاری لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان بەخەباتی ڕایگەیاند: لە ڕۆژی یەکشەمە 29-9-2019هەڵمەتی کوتانی منداڵان دژ بە نەخۆشی ئیفلیجی لە گەرمیان دەستپێدەکات و تا ڕۆژی پێنجشەمە بەردەوام دەبێت. وتیشی: هەڵمەتەکە منالانی تەمەن 1ڕۆژ تا 5ساڵان دەگرێتەوە و هەموو منداڵێک لەو تەمەنەدا ئەگەر چەندین جاری تریش کوترابن دەبێت بکوترێنەوە و 2دڵۆپ پێکوتەی ڤاکسینیان پێبدرێت بۆ دڵنیابوون لە توشنەبوون بە نەخۆشیەکە. ڕوونی کردەوە: بە منداڵانی ئاوارەشەوە ئامانجی هەڵمەتەکە کوتانی زیاتر لە 28هەزار منداڵە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز عەلی عەبدوڵاڵا مەحمود

بە دڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئەیلوولی مەزن و کەسایەتی دیاری کۆمەڵایەتی دەڤەری گەرمیان و گوندی بەرلووت عەبدوڵاڵا مەحمود مەجیدمان پێگەیشت. هاوخەمی بۆ ئێوە و خانەوادە و تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزمانی گوندی بەرلووت و دۆستانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز ئاوات عەباس

بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو گەلاوێژ کەریم قادر ی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوخەمیمان بە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بەناوی خانەوادەی کۆچکردوو هونەرمەند ئەنوەر شێخانی، لە قۆاڵیی دڵەوە سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی تر و وەزیر و بەرپرسە ئیداری و حکوومییەکان و هونەردۆستان و مامۆستایانی زانکۆ و مامۆستایانی ئایینی و هونەرمەندان و ڕێکخراوکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو هاووڵاتیان و چین و تۆێژ و دۆستەکانمان کە هەر لەسەرەتای بیستنی نەخۆشکەوتنی خوالێخۆشبوو ئەنوەر شێخانی بە سەردان و هەواڵپرسین لەگەڵی دابوون و، لەدوای کۆچی دواییشی زەحمەتیان کێشا و بە بروسکە و تەلەفۆن و سەردان بەشداری پرسەی خوالێخۆشبوو بوون و لە خەمی ئێمەیان کەم کردەوە و باری قورسی لەدەستدانی ئازیزێکیان بۆ ئێمە سووک کرد.

سوپاسی تایبەتی سەرۆک بارزانی دەکەین کە بەر لە کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو ئەنوەر شێخانی چاوی پێکەوت و هەواڵی پرسی. سوپاسی بێپایانمان بۆ خەمخۆری و لە نزیکەوە ئاگاداربوونی جەنابی سەرۆک بارزانی کە هەر لە سەرەتاوە و بە پەڕۆشەوە بەردەوام لە تەندروستی دەپرسی و هەر لەگەڵ بیستنی کۆچکردنیدا، کە هێشتا لە ڕێگای گۆڕستان بووین بروسکەی ماتەمینی بۆ ناردین.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین سوپاسی بێپایانی خۆمان ئاراستەی هەموو دەزگەکانی ڕاگەیاندنیش بکەین کە لەماوەی نەخۆشکەوتن و لە کۆچی دواییشی بە بایەخەوە پۆششی هەواڵەکان و پرسەی خوالێخۆشبوو ئەنوەر شێخانیان کردووە. هەموو ئەوانە دووپاتکردنەوەی ئەو ژیانە سەختە و پڕ بەهای مێژوویییەی کۆچکردوو بووە کە بۆ دۆزی نەتەوەکەیبی و میللەتەکەی ژیا و مولکی نەتەوەکەی بوو، مولکی ئێوە بوو، و بۆ هەمیشە لە لاپەڕەکانی مێژووی بە زیندوویی دەگەشێتەوە. بوونتان لەگەڵمان لە ماوەی نەخۆشکەوتنی و پرسەی کۆچکردوو، تا ڕادەیەک لەو خەمە قورسەی ئێمەی ڕەواندەوە و یارمەتیدەربوون. خوای گەورە هەموولایەکتان بپارێزێت و بۆ ئێمەمانان بهێڵێت و دوورین لە خەم و ناخۆشی. خوای گەورە پاداشتی خێر و چاکە و ماندووبوونتان بداتەوە و ڕووحی کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

بنەماڵەی هونەرمەندی کۆچکردوو ئەنوەر شێخانی

****

بە ناوی خۆمان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەمانەوە پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەریەک لە بەڕێزان: نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسرور بارزانی، مەکتەبی سیاسی پارتیمان، بەرپرسی لقی 2پارتی، سەرۆک و ئەندامانی دەزگای خێرخوازی بارزانی، بەڕێز پارێزگاری هەولێر، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان وەزیرانی حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسیەکان و گشت وەرزش دۆستان و کەنالەکانی ڕاگەیاندن و هەموو خزم و دۆستان و برادەران و دامودەزگا حزبی و حکومیەکان دەکەین، کە بەشداریان کرد لە پرسە و بەخاکسپاردنی جوانەمەرگ کوری خۆشەویستم ڕێبەر چەتۆ مەولوکرد، بە بەشداریان لەخەمیان کەم کردینەوە و خوا پاداشتی خێری هەموولایەک بداتەوە..

چەتۆ مەولود عەلی سیان پیرەباتی

باوکی ڕێبەری کۆچکردوو

یەکپۆشی لە جلوبەرگی قوتابخانە، جیاکاری لەنێوان قوتابیان نەهێشت

هاوواڵتییەک: بڕیاری یەکپۆشی زۆرباش بوو، بەڵام نرخی جلوبەرگەکان گرانن

دوکاندارێک: گرانییەکە لەلای بازرگانەکانە نەک دوکانداران



ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

ساڵی تازەی خوێندن دەستی پێکردووەو هێشتا جلوبەرگی قوتابخانە لە بازارەکان ڕەواجی هەیە، دایک و باوکی قوتابیانیش گلەیی لە گرانی نرخەکان دەکەن و لەبەرانبەریشدا دوکاندار و بازرگانەکان پێیانوایە گرانی نرخی لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە.

بازاڕی گەورەی قەیسەری هەولێر جمەی دێت لە دایک و باوکی قوتابیان و هەمووی بۆ کڕینی جلوبەرگ و پێداویستی خوێندن هاتوون و لەوێدا ژمارەیەک لە دایک و باوکی قوتابیان قسەیان بۆ کردین:

خاتوو نەوال گوتی: هەموو ساڵێک لەو کاتەدا خەریکی کڕینی جلوبەرگی قوتابیەکانمان دەبین، بەڵام بەداخەوە نرخەکان گرانە و داوا لە لایەنە پەیوەندارەکان دەکەین کە چاوێک بەبازاڕدا بخشێننەوە تا دوکانداران بەئارەزووی خۆیان نرخەکان گران نەکەن.

خاتوو سەبیحە گوتی: پێمان باشبوو کە وەزارەتی پەروەردە بڕیاری یەکپۆشی بۆ قوتابیان دەرکرد، چونکە پێشتر هەر قوتابخانەو جۆرە جلوبەرگێکیان بە قوتابیان ئامادە دەکرد ئەگەر بەهەر نرخێک بووایە.

مامۆستا نەوزاد باوکی قوتابیەک بوو گوتی: یەکپۆشی قوتابیان جیاوازی ناهێلێ وبڕیارێکی لەجێی خۆی بوو، بەڵام پێشتر هەندێ قوتابخانە خۆیان جۆرو ڕەنگی جلەکانیان دیاری دەکرد، دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین کە ئەو بڕیارە گرنگە بۆ یەکپۆشی دەرچوو.

سەرهەنگ جەلال گوتی: نرخەکان گرانە نرخی یەک کراسی سپی قوتابیان لەنێوان 20هەزار تا 25 هەزار دیناڕەو تا بەدواداچوون بۆ نرخەکان نەکرێ هەرزان نابن نرخی یەک پانتۆڵی ڕەش بە 25هەزار دیناڕەو نرخی یەک کراسی سپی بە 20هەزار دینارە ئەو نرخانەش بۆ قوتابیان گرانە و هەندێ ماڵ هەیە چوار قوتابیان هەیەو بارقورسی دەخاتە سەر کەسوکاری قوتابیان.

کامەران باوکی قوتابیەک بوو گوتی: من چوار قوتابیم هەیەو ماوەی سێ ڕۆژە لەناو بازاڕی گەورەی قەیسەری بەدوای کڕینی جلوبەرگی قوتابخانەم بۆ جگەر گۆشەکانم بەڕاستی نرخی جلوبەرگی قوتابیان زۆر گرانە هەق وایە لیژنەی سینەوە لەگەڵ ئەو بازرگان و دوکاندارانە بکرێت کە جلوبەرگی قوتابیان دەفرۆشن.

شێخ عەبدوڵڵا دوکاندارێکی بازاڕەو گوتی : دەزانین کە دایک و باوکی قوتابیان گلەییان لە گرانی نرخی جلوبەرگی قوتابیان هەیە، بەڵام لەدەست ئێمە نییە، بەڵکو بازرگانەکانن نرخەکان گران دەکەن هەقوایە حکومەتی هەرێم ئاگاداری بەرزی و نزمی نرخەکان بێت و هەر دوکاندارێک یاری بە نرخەکانەوە بکات ئەوا تیمێکی لێپرسینەوە بگەڕێت و بەدواداچونی بۆ بکرێت.

کارزان دوکاندارێکی دیکە بوو گوتی: لە بازاڕی لەنگە نرخەکان زۆر گران نین نرخی یەک پانتۆڵی ڕەش بە 12 هەزار دینارەو لە ناو بازاڕی گەورە بە 20هەزار دینارەو نرخی یەک کراسی سپی بە 10هەزار دینارەو لە بازاڕ نرخەکان زۆر گرانن.

لوقمانی دوکانداریش گوتی: داوا لە دوکانداران دەکەم کە نرخی جلوبەرگی قوتابیان گران نەکەن تا بۆیان دەکرێت نرخەکان مام ناوەندی بن بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن بیکڕن و زۆریش لەسەر کەسوکاری قوتابیان نەوەستێت.

مام کەریمی دوکاندار گوتی: هەموو کاتێک نرخی شتەکان لەو بازاڕە هەرزانترە، بەڵام لەبازاڕی لەنگە نرخەکان گونجاون هەموو کەسێک دەتوانێ جلوبەرگی قوتابیەکانی خۆی ئامادە بکات بەو نرخەی کە حەزی لێیەتی و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری جلوبەرگ دەفرۆشم و کەس گلەیی نەکردووە.

لەنێوان جلوبەرگی کوردی و جلوبەرگی مۆدەدا، کامیان هەڵدەبژێریت..؟

ڕۆژنامەنووسێک: گرینگی بە جلوبەرگی کوردی دەدەم، چونکە کولتووری گەل و نیشتمانەکەمانەو پێی دەناسرێینەوە

ڕاپۆرت: پەریها عومەر

خواست لەسەر جلوبەرگی کوردی لەزۆربوونداید و ژمارەیەکیش لە هاونیشتیمانیان پێیانوایە جلوبەرگی مۆدێرن خواستی زۆرتری لەسەرە، لەم ڕاپۆرتەدا ئەوانەی بەشداریان کردووە ڕاوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو:

ڕاژان ئەحمەد ڕۆژنامەنووس دەڵێ: بەڵێ بەدڵنیاییەوە، گرینگی زۆر بەمۆدێل و جلوبەرگ دەدەم، لەبەر ئەوەی من پێموایە، کەسایەتی مرۆڤ دەردەخات، بەپێی وەرز و بەپێی شوێن و شێوازی جلوبەرگەکەم دەگۆڕم، واتە ئەو شوێنانەی پێویست دەکات جلوبەرگێکی فەرمی لەبەر بکەم و ئەو شوێنانەی کە نافەرمین بەهەمان شێوە، بەپێی دەرکەوتنەکانم مۆدێلی دەرکەوتنەکانم کاریگەری لەسەر جلوبەرگ دەبێت، واتە ئەگەر پێویست بکات لەم کاتەوە وەک شوێن بەم شێوازە مۆدێلە دەربکەوم.

گوتیشی: هەروەها گرینگی بەجلی کوردیش دەدەم ، چونکە پێم وایە جل و بەرگی کوردی نیشانەی نەتەوەکەم دیاری دەکات، لەم کاتەی بۆنەیەکی نەتەوەیی و کۆمەلایەتیەکانی بە جلوبەرگی کوردی دەردەکەوم، لەبەر ئەوەی نەتەوەیی بوونی کەجلێکی کوردەواریەو جوانییەکی تایبەتی هەیە، هەمیشە حەزم لە پۆشینی کردووە بۆ زۆربەی ئاهەنگ و بۆنەکان لەبەری دەکەم.

ئامینە ئازاد ڕۆژنامەنووس دەڵێ : خۆم وەک تاکێکی من دەسەڵێنێت.

دکتۆرە ئاڵا سەعید وەک پزیشکێک لەبارەی جلوبەرگی کوردییەوە گوتی: سەبارەت بە پۆشینی جلوبەرگ و مۆدیلی جلوبەرگ جگە لەوەی کە پێویستیە و جێگای بایەخدانی مرۆڤەکانە، هەر کەسە و بەجۆرێک خواستی پۆشینی هەیە.

گوتیشی: ئەگەر باس لە سەردەمی دروستبوونی مرۆڤەوە بکەین مرۆڤ جلوبەرگی تەنیا بۆ داپۆشینی جەستە بوو بەڵام بەبێی تێپەڕبوونی زەمەن گۆڕانکاری بە سەر جلوبەرگدا هات و ڕۆژ بەدوای ڕۆژ مۆدیل و جۆری جیاواز دروست دەکرا ، بەو پێیەش مرۆڤ خولیای بۆ جلی نوێ و مۆدیلی نوێ زیاتر بوو، سەبارەت بە خۆم بێگومان منیش گرینگی بە مۆدیلی جل و بەرگ دەدەم هەو ولێ گونجاندنی ڕەنگەکان دەدەم . سەبارەت بەجلی کوردی ناکەم جاری وا هەیە جلێک نوێیە جارێیکم لەبەر کردووە بڵێیم والا مۆدێلی نەمایە بەکاری ناهێنم من حەز بەوە ناکەم مهیم جلێکی خاوێن و پاک بێتن دراوە وو شپرزە نەبیت تەواو.





پزیشکێک: لە سەرەتای دروستبوونیدا مرۆڤ جلوبەرگی تەنیا بۆ داپۆشینی جەستە بوو، بەڵام بەبێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەر جلوبەرگدا هات

بێی سەلیقەی کەواتە کارەکانت جوان ناکەی

بۆیە جوانی و ڕێکی و کەشخەی جل و بەرگ گارێگەریەکی گرینگی هەیە بۆ هەموو کۆمەڵگا بەلای خۆشمەوە زۆر گرینگی پێدەدەم.

سێوێ عەبدوڵڵا قوتابی لە کولێژی زانست دەڵێ: جلی مۆدە ڕاستە پێویستە گرنگی پێی بدرێت، چونکە کەسایەتی و ڕێک و جوانی مرۆڤ نیشان دەداتن من وەک تاکێک زۆر گرنگی بە جلی و بەرگ دەدەم بەڵام وەک مۆدێل نا بڵێیم ئەوە مۆدێلە بەڵام لامواید جلێکی جوان و ڕێک بێتن نەک بچی بڵێی ئەوە مۆدیلە ئاوا بکەم و ئاوا نەکەم چونکە زۆر حەز بە مۆدێل و ئەو شتانە گرینگی بە جل و بەرگ بدەی ئێستا بچیە هەر شوێنێک یان هەر کارێک بکەی ئەگەر جلێکی جوان و کەشخەت لەبەردا نەبێت لەوانەیە لەکارەکە وەرت نەگرن وا هەست دەکەن کەوا کەسێکی کووردی دەکەم هەروا حەز دەکەم زۆربەی کاتەکان بیپۆشم هەروەها گرینگی بە مۆدێلی جل و بەرگیش دەدەم ئەوەیان شتێکی جوانە و پێی جوانی و ڕێکی مرۆڤ نیشان دەدات ئەوەش گرینگە گۆتیشی: بۆ جل و بەرگی کووردی وەک تاکێک زیاتر گرینگی بەوە دەدەم زۆر حەز بە جلی کووردی دەکەم حەز دەکەم هەمیشە جلی کووردی بکەم ئەگەر لە کولێژ ڕێگا بدرێتی حەز دەکەم لە جیات جلی مۆدە جلی کووردی بکەم لام جوان و کلتووری خۆم و گەلەکەمە بەوە لە نەتەوەو گەلی تر جیادەکرێمەوە بۆیە هەمیشە گرینگی بە جلی کووردی دەدەم زۆریش وەک لە جلی مۆدە .



حسن هاشم باڵەکی

سیستەمی کەوتنی قوتابی لەسەرجەم بابەتەکان تا کەی..؟

قوتابی کە دەنێردرێتە قوتابخانە بۆمەبەستی فێربوون و خوێندنەوە و نوسین و وەرگرتنی زانست و زانیاری و بەدەستهێنانی پیشەیەکە لەو بوارەی کە دەیەوێ خزمەت بە ولاّت و هاوڵاتیان و خودی ژیانی خۆشی بکات نەوەک دەربچێت بە زاکیرەیەکی خاڵی.

ئەوەی دەمەوێت بیخەمە بەر باس ئەوەیە کە چەند ساڵێکە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بریارێک دەرچووە کە قوتابی ئازادە لە هەرچەند بابەتی بکەوێت دەتوانێ سەرجەم تاقیکردنەوەکان دووبارە بکاتەوە، یاخود زۆرجار قوتابی هەبووە سەرجەم بابەتەکانی خستۆتە وەرزی دووەم ئەوکات وەلاّمی دەداتەوە وەک ئارەزوویەک، بەلاّم دەبێ بپرسین ئایا بەم سیستەمە هەیبەت و شکۆی خوێندن بەردەو پێشەوە چووە یان بەرەوە دواوە پاشەکشەی کردووە؟ بێگومان نەمەش لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، بەشێک لە بەخێوکارانی قوتابیان و مامۆستایان پێیان وایە کە ئەم سیستەمە سیستەمێکی پێشکەوتووە و هاندەرێکیشە بۆ قوتابی بۆ ئەوەی بتوانێ لە خولی دووەم کۆششی زیاتر بکات تا بتوانێ سەرکەوتووبێت و قۆناغێکیتری خوێندن ببڕێت، چونکە زۆرجار قوتابی بەهۆی بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و نەخۆشی نەیدەتوانی سەرکەوتووبێت بەڵام لە خولی دووەم بابەتەکانی پڕکردۆتەوە.

بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێکیتر لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەخێوکاران و مامۆستایان بۆچوونیان ئەوەیە کە پێویستە ئەم سیستەمەی ئێستا هەڵبوەشێنرێتەوە و سیستەمە کۆنەکە کاتێک قوتابی لە سێ دەرس دەکەوت بە دەرنەچوو هەژمار دەکرا بگەڕێتەوە لە پێناو گەڕانەوەی سەنگ و شکۆی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ ئەوەی قوتابی ناچاربێت یاخود زۆرجار لە ترسی دەرنەچوون هەوڵی زیاتر دەدا بۆ ئەوەی لە سێ بابەت نەکەوێت، چونکە بەشێکی زۆری ئەو قوتابیانەی کە لە چوار بابەت زیاتر دەکەون و بە بیرکردنەوەی خۆیان پێیان وایە دەتوانن لە پشووی هاوین بخوێنن و لە خولی دووەم دەربچن، بێگومان ئەو قوتابیانە فەشەلی خوێندنیان هێناوە و لە خولی دووەمیش ناتوانن سەرکەوتووبن و بوون بە بارگرانی بۆسەر قوتابخانەکان و کەرتی پەروەردە ،چونکە بەشێکی زۆریان ساڵێک و دوان و هەیە زیاتریش لە یەک پۆل ماوەتەوە و ناخوێنێت .

هەرچەندە لە هەندێ وڵات بۆ نموونە وەک چین لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا دەگاتە پۆلی نۆکەوتن و دەرنەچوون نییە لە قوتابخانەکان دەبێ هەموو قوتابیەکان بە سەرکەوتوو هەژمار بکرێن و بچنە قۆناغی دواتر، بەڵام قوتابیەکان سەرجەم پێداویستی خوێندن و سیستەمێکی سەرکەوتوو پڕۆگرامێکی ناوازە و بوونی بابەتی دروستکردن و فێربوونی کەڵەپەلە پیشەسازیەکان و تاقیگە و ئامێری پێشکەوتوویان هەیە و بۆیان دابین دەکرێ کە وا دەکات قوتابیەکە لەتەمەنی منداڵیەوە هەوڵی دروستکردن و دۆزینەوەیەکی نوێ دەدا و فێردەکرێت، ئایا دەکرێت لە هەرێمی کورد ستانیش هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان سیستەم و پڕۆگرام و بابەتی پیشەی و دروستکردن و پەروەردەیی دابنرێت لە قوتابخانەکان و کەرتی پەروەردە بۆ ئەوەی کوردستانیش بگاتە ئاستی وڵاتان، بێگومان دەتوانێ بە پیلان و هەوڵی حکومەت و کەرتی پەروەردە باشترین نەوەی زیرەک و خاوەن بیرۆکە و پڕۆژە و داهێنان و خاوەن زاکیرەیەکی بەهێز بەرهەم بهێندرێت .

بەهیواین لە داهاتوو وەزارەتی پەروەردە گرنگی زیاتر بە کەرتی پەروەردە و خوێندن بدات، چونکە بناغەی دروستکردنی نەوەی داهاتووە، پێویستە شکۆی خوێندن و قوتابی و مامۆستا بگەڕێندرێتەوە، قوتابی لە سێ بابەت دەرنەچوو ئەو ساڵە بە کەوتوو هەژمار بکرێت بۆ ئەوەی ئایندە گرنگی زیاتر و هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو وانانەی لێی دەرنەچووە پڕی بکاتەوە.

نەبوونی کارەبای پێویست و هێڵی ئەنتەرنێت لە گوندەکان گرفتی سەرەکی سیستەمی بەئەلکترۆنی کردنی قوتابخانەکانە

ڕاپۆرت/ مسلم دزلەمەری

بۆبەڕەوپێشبردنی بواری پەروەردەیی وبەسیستەمکردنی کاروباری ئیداری ورای کردنی کاری ڕۆژانەی قوتابخانەکان بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی پێشکەوتو بەبڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە بڕیارمان مەبەستە چەندین خولی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرویاریدەدەرانی قوتابخانەکان کرانەوە بڕیارمان لەمەو دووا بەم سیستەمە نوێیە کارەکانیان ئەنجام بدەن ,بەڵام بە وتەی زۆرێک لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان لەزۆربەی قوتابخانەی ناوچە شاخاویەکاندا جێ بەجێکردنی ئەم سیستەمە ئەستەمە بۆیە ئێمەش ڕاوبۆچونی ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی مێرگەسورمان وەرگرت وئەوانیش بەم شێوەیە بۆ خەبات دووان.

سەرەتا مامۆستا عبدالستار بەڕێوەبەری قوتابخانەی شانەدەر گوتی: ئەم سیستەمە تابلێی شتێکی باش وپێشکەوتوە چونکە ،دەبێتە هۆی ئاسانکاری لەکاری ڕۆژانەمانداوەهەروەهاسیستەمی مەرکەزیە بۆپاراستن وهەلگرتنی زانیاری وەهەروەها فاکتەرێکە بۆ نەهێشتنی هەندێ ڕۆتیناتی ئیداری ، بەڵام وەک ئاشکرایە بۆ جێ بەجێکردنی ئەم سیستەمە پێویستیمان بە کارەباو هێڵی ئەنتەرنێت هەیە ,بەڵام بەداخەوە کەئەمەش لەزۆربەی گوندەکانی ناوچە شاخاویەکان نیە نموونە سنوری پەروەردەی مێرگەسور جامن پێم وایە زۆر ئەستەمە ئەم سیستەمە سەرکەوتوبێت لەم ناوچانە بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە سەرەتا بیرلەدابینکردنی کارەباو دانانی هێڵی ئەنتەرنێت



مامۆستا عبدالستار

بەڕێوەبەری قوتابخانەی بلن ی هاوڕێ گوتی: من پێم وایە ئەم سیستەمە سەرکەوتو نابێت ، چونکە وردەکاری زۆری تێدایە کەڕۆژانە پێویستی بە گۆڕانکاری وکارکردن لەسەری دەبێت وهەروەها زۆربەی وردەکاری وزانیاریەکانی نێو ئەم سیستەمە لە قوتابخانەکان نیە وهەروەها نەبونی کارمەندی شارەزاو پسپۆریش لەقوتابخانەکان گرفتێکی تر ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر گرفتی هەرە گەورە کەڕۆژانە پێویستە بۆ ئەم سیستەمە کارەباو هێڵی ئەنتەرنێتە ئەویش لە زۆربەی قوتابخانەکانی سنورمان نیە جانازانم ئەم سیستەمە چۆن دەگونجێت لە گەڵ ئەم کەموکوریانە بۆیە من وام پێباشە وەزارەت لە جیاتی ئەم سیستە هەستێت بە زیاتر کاراکردنی بواری فێرکردن لە قوتابخانەکان ئەویش بەکردنەوەی خولی تایبەت بۆمامۆستایان وڕێکخستنەوەی میلاکات ودابینکردنی مامۆستایانی پسپۆڕبۆقوتابخانەکان بەرای من



مامۆستا مێتان

وەهەروەها مامۆستا مێتان گوتی: ئەوە پەیڕەوی لەسیستەمێکی هاوچەرخ بکەن کە ولاتانی پێشکەوتوو پەیڕەوی لێدەکەن لەبواری پەروەردەو فێرکردن .

پێمواید پەیڕەوکردن لەو سیستەمەی گواستنەوەو دانانی مامۆستایان لەقوتابخانەکان کە ئێستا باوە لەهەندێ پەروەردەکانی کوردستان سیستەمێکی نایەکسانی وئێهاتوویی مامۆستا لەڕووی فێربون وبەرزبونەوەی ئاستی زانستی قوتابیان زۆرگرنگترەلە جۆرە سیستەمێکی لەم جۆرە لە ئێستادا.

وە هەروەها مامۆستا نافع بەڕێوەبەری قوتابخانەی کانی زەرکی کچان گوتی: من پێم وایە دەبێ پێش بریاردان لەسەر ئەم سیستەمە ڕەچاوی چەندین شتکرابا بەتایبەتی ناوچە شاخاویەکان یان دەبێت پێشتر لە سەنتەری شارەکان جێ بەجێکرابا دوواتر لە گوند نشینەکان ، چونکە لەزۆربەی گوندەکانی سنورمان نەکارەباو نەهێلە ئەنتەرنێت هەیە بەتایبەتی لەوەرزی قوتابخانەکان واتە بەیانیان هەرکارەبای نیشتمانی لەم ناوچانە نیە هێڵی ئەنتەرنێتیش بەهەمان شێوە



مامۆستا نافع

جائەم سیستەمە چۆن چۆنی رای بکرێت وجێ بەجێبکرێت کەڕۆژانەش پێویستە کاری لەسەر بکرێت بۆیە من دەڵێم سەرناکەوێت.

وە لەکۆتاییدا مامۆستا نیهاد بەڕێوەبەری قوتابخانەی زریۆکی کوران گوتی: بەڕاستی بەسیستەمکردنی قوتابخانەکان شتێکی زۆرپێویست وگرنگە ، بەلام پێم وایە هێشتان زووە ،چونکە پێویست بوو هەندێ شت ئامادەکاری بۆکرابا ئەوجا ئەم بریارە درابا وەدەبێت ڕەچاوی هەندێ شت بکرابایە وەکونمونە کە ناوچەی ئێمە ناوچەیەکی شاخاویە لەزۆربەی قوتابخانەکانی گوندەکانماڵان نە بەپێە پێویست کارەباهەیە نە خەتی ئەنتەرنێتیش هەیە ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر بەپێی شارەزایانی بواری ئەلکترۆنی کەدەڵێن زۆربەئاسانی دەکرێت دەستاری ئەم سیستەمە بکرێت کە ئەمەش کارەساتە بۆ سەر قوتابخانەکان وەهەروەها خال وداتای زۆری تێدایە بەتایبەتی هەندێ خال وداواکاری تێدایە کەلە هیچ قوتابخانەیەک بگرە لە پەروەردەکانی ئەستەمە هەبێت , بۆیە پێویستە پێداچونەوەیەک لەم بابەتەبکرێتەوە ئینجا بریارێکی تری لەبارەیەوە بدرێت.

سەرەنجێک لەسەر گواستنەوە یان شوێنگۆڕکێی مامۆستایان

فەرهاد قادر ئۆمەر

وا باوە ساڵانە لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن باس وخواسی گرفتی گواستنەوەو شوێنگۆڕکێ وپەرتکردنی مامۆستایان بەسەر قوتابخانەکان لەپەروەردەکانی کوردستان دێتە ئاراوە. وەک دەشزانن ئەو پرۆسەیە بەپێی سیستەم ومیتۆدێکی دواکەوتوو ولاسایی ساڵانی کۆن بەڕێوەدەچێ، کە سیستەمێکی خەسێنراوەو بەهیچ شێوەیەک گوزارشت لەسیستەمی خوێندنی هاوچەرخ ناکات، هەڵبەت رەنگە لەسەرجەم پەروەردەکان وانەبێ، بەڵام من لێرەدا باس لەو سیستەم ومیتۆدە دواکەوتووە دەکەم کە تائێستاش بەشێک لە پەروەردەکانی هەرێم پەیڕەوی دەکەن لەئاڵۆگۆڕ وشوێنگۆڕکێی مامۆستا لەقوتابخانەکان کە لەجیهاندا باوی نەماوەو بۆتە کەلتورێکی مۆمیاکراو.

مەبەستم لەو کورتە نووسینە ئەوە نییە بەڕێوەبەران وسەرپەرشتیارانی نیگەران بکەم یان لەپلەو پایەیان کەم بکەمەوە، چونکە ئەو میتۆدە میتۆدێکی ماوە بەسەرچووی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردووەو تاوانی ئەوانی تێدا نییە، بەڵام ئەوان دەتوانن هاوبەشی ئەو میتۆدە دواکەوتووە نەبن ولەبری خواردووە بەدەستیەوە .

باشە، چۆن وەڵامی ژینگەش بدەینەوە، ئەویش لەو نێوەندەدا بەش بەحاڵی خۆی پرووشکی ئەو میتۆدە نادروستەی پەروەردەی بەردەکەویت کە پیسبوونی ژینگەیە لەئاکامی بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆرترەی ئۆتومبێل .

هاوڕێیەک بۆی گێڕامەوە کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر سەردانی سەرپەرشتیاری هەولێر کردووە بەمەبەستی گوستنەوەی ڕاژەی لەقوتابخانەیەکەوەو دانانی لەقوتابخانەیەکی دیکە، دوای ئەوەی (10) ساڵی لەدەرەوەی شارو لە دوورە گوندەکان بەڕێکردووەو (10) ساڵیشی لەناو شار قەتاندووە.. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەبری دەستخۆشی ماندوو نەبوونی چەند ساڵەی خزمەتی لەسەر سنوورو دەرەوەی شارو ڕەچاوی باری خێزانی وسەختی ژیان وتێڕامان لەفاکتەری جیاکاری وجوگرافی ودەروونی مامۆستا نەکراوە، بەبێ پێشەکی دوو بژاردەیان بۆ دیاری کردبوو، یان قوتابخانەیەکی ئەوپەری شار وەک دوورخراوەیەکی سیاسی، یا ئەوەتە بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێیهاتووە .

پرسیارێک لێرەدا سەرهەڵدەدات، ئەویش ئایا ئەوە هەڵوێست وشێوازی دواندنی مامۆستا بێت لەلایەن لێژنەی پەروەردەیی وسەرپەرشتیاری پەروەردەیی، دەبێ ئەم شێوازی دواندنە چ کاریگەرییەک لەسەر ڕۆڵی مامۆستا جێبەهێڵێت لەپێگەیاندنی نەوەی نوێ؟

پێموایە وەڵامی ئەم پرسیارە بیرکردنەوەی هێندە قوڵی ناوێ، بەو پێیەی مامۆستا لایەنی دەروونی داهێزراوەو زامدارە، هەست ونەستی ڕانەگیراوەو نازی پێنەدراوە لەلایەن دەزگای پەروەردەییەوە، تاوەکو هزروبیری ئارام وئاسوودە بێت، بۆیە زۆر ئەستەمە لەو هەلومەرجەدا بە ئەرک ورۆڵی پەروەردەیی خۆی هەڵسێ، بەڵکو لەبری ئەوە بیر لەبڕێکردنی وەخت دەکاتەوەو هەرگیز لەبیری بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی نابێ.. ئەوە هاوکێشەیەکی ڕاستەوانەیەو کاردانەوەکەشی ڕێژەییە ، چەندی دەروون ئاسوودەو ئارام بێ، لەبەرامبەردا بەهەرەو تواناکان لەبار دەبێ بۆ کاری پەروەردەیی ولەکۆتاییشدا پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن سەرکەوتوو دەبێت.

(هەورە فێرگە) پڕۆژەیەکی وەزارەتی پەروەردەیە

جێگای مامۆستای تایبەت دەگرێتەوە، مامۆستا لەماڵەوە وانەکە ڕووندەکاتەوە



خەبات/ ڕۆشنا عەلی

لە کۆبوونەوەی ژمارە دووی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە کە ڕۆژی سێشەمە 24-9-2019ئەنجامدرا کۆمەڵێک بڕیاری تێدا درا، گرنگترین بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەش پڕۆژەی هەورە فێرگەیە کە خاڵی یەکەمی بڕیارەکانەو تیایدا ئاماژە بە پەسەندکردنی دەکات، کە گوایە پڕۆگرامێکی ئەلیکترۆنییە لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن جگە لە باخچەی منداڵان، کە هاوکارو یاریدە دەری مامۆستایانەو لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕادەگەیەنرێت.

سەرپەرشتیارێکی پەروەردەییش پێی وایە ئەگەر پڕۆژەکە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە سوودێکی زۆری بۆ مامۆستایان دەبێت ، مامۆستا محەمەد ڕەشید سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە سنووری پەروەردەی دەروبەری هەولێر لەبارەی پڕۆژەکە وتی : لە کۆبونەوەی دووەمی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە چەند بریارێک دەرچووە کەرتی تایبەت سەرپەرشتی دەکات ، بەو هیوایە پڕۆژەکە بکەوێتە بواری جی بەجێ کردن سودیکی گشتگیری دەبێت بۆ قوتابیان .

بەدیلێک بۆمامۆستای تایبەت

دەبارەی ئەوەشی کە ئایا ئەم پڕۆژەیە دەتوانێت جێگای مامۆستای تایبەت بگرێتەوە ؟ ئەو سەرپەرشتیارە وتی: بەڵێ بێگومان ، ئەگەر قوتابی ئارەزووی هەبێت دەتوانێت، تەنها هەندێک وانە ماوە دابنرێت و کارێکی زۆری تێدا کراوە. خاڵی دووەمی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزارەت تایبەت بوو بەو قوتابییانەی قۆناغی 4-3-2کەبەسیستەمی ئینگلیزی خوێندوویانە کە تیایدا بابەتێک دواکەوتبێت لەماڵەوە دەتوانێت پێداچوونەوەی بابەتەکە بکات بەبێ ئەوەی بۆ مامۆستا بگەڕێتەوە ، وەک بیرۆکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردە چەند ساڵێک پێش ئێستا گەڵاڵەی کرد ، بەڵام قەیرانی دارایی ڕێگربوو لە جێ بەجێ کردنی ، ئێستا بەپێ ی زانیاری خۆم ڕێکخراوێک وەک کەمووبیان لە خزمەت پڕۆسەی پەروەردەبوون شایەنی ئەوەن هەڵوەستەیان لەسەر بکەین خاڵی یەکەم باس لە پڕۆژەی (هەورە فێرگە) دەکات ، ئەوەی من ئاگادار بم پڕۆژەیەکی تەواو لە خزمەتی قوتابیانە ، چونکە (وێب سایتێکە) تێیدا تەواوی پڕۆگرام و هەر وانەیەک بە قیدیۆ تێدا جێگای کراوەتەوە کاتێک کە قوتابیەک لە بابەتێک دواکەوت لەماڵەوە دەتوانێت پێداچوونەوەی بابەتەکە بکات بەبێ ئەوەی بۆ مامۆستا بگەڕێتەوە ، وەک بیرۆکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردە چەند ساڵێک پێش ئێستا گەڵاڵەی کرد ، بەڵام قەیرانی دارایی ڕێگربوو لە جێ بەجێ کردنی ، ئێستا بەپێ ی زانیاری خۆم ڕێکخراوێک وەک 2020) باخچەو قوتابخانەو پەیمانگا ناحکومییەکان ڕێگەیان پێنەدرێت بەهیچ جۆرێک نرخی خوێندن زیاد بکەن. دەبارەی هۆکاری دوابڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە دووی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە محەمەد ڕەشید ئاماژەی بەوەدا کە هۆکارەکە بۆ ڕاگرتنی خوێندنی زانست و بیرکاری قوتابخانە حکومییەکانە ئەو لەمبارەیەوە وتی : خاڵی چوارەم کە باس لەوە دەکات نابێت کرێی خوێندنی ناحکومییەکان بۆ ئەم ساڵ زیاد بکرێت کارێکی تەواو پەروەردەیی یە ، چونکە دەنگۆی ئەوە هەبووە کە سیستەمی ئینگلیزی لە حکومی نەما ئیتر بازاری قوتابخانە ناحکومییەکان خۆش دەبێت ، بەڵام من پێشنیاردەکەم نەک ڕێگری لە زیاد بون بگیرێت بەڵکو نرخەکان دابەزێنن کە گونجاو بێت بۆ هەموو پێکهاتەکان نەک بەس بۆ دەوڵەمەندەکان کاتێک نرخ دابەزی جەنجالی لە قوتابخانە حکومییەکانیش کەمتر دەبێت.



سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی:

پێشنیاردەکەم نەک ڕێگری لە زیاد بوونی کرێی خوێندنی ناحکومییەکان بکرێت، بەڵکو نرخەکان دابەزێنن کە گونجاو بێت بۆ هەموو پێکهاتەکان بۆ ئەوەی جەنجالی لە قوتابخانە حکومییەکانیش کەمتر بێتەوە

لە 48ەمین ساڵیادی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر لەلایەن رژێمی بەعسەوە

بارزانیی نەمر: ئەگەر دەست بەشەڕ بکەینەوە، با شەڕ لەپێناوی کەرکووک و خانەقین و شنگال بێت، نەک بە هۆی ژیانی منەوە بێت





خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

ئەمڕۆ باس لە یەکێک لەو پیلانە کوشندانە دەکەین کە 48ساڵ لەمەوبەر ڕژێمی بەعس بە نەخشەیەکی داڕژراوی نامرۆڤانە هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر ڕابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی دا، دوژمن باش دەیزانی کە گەلی کورد دەستبەردار مافەکانی نابێت و لەو پێناوەدا بەردەوام خەبات دەکات و بەرچی دوژمنانی دەداتەوە، ، هەربۆیەشە هەموو گەلی کوردستان بەبێ جیاوازی بارزانیی نەمریان بە رابەری خۆیان دەزانی و هەمووان لە سۆنگەی بیرو خەبات و سەرکردایەتی ئەوەوە دەیانڕوانیە خۆیان و ولات و دۆزو ئایندەی شۆرش و نیشتیمانەکەیان و بەو پەڕی متمانەو ئومێدەوە لەگەڵ بارزانی و شۆڕش و ڕێبازەکەیدا بوون، بێگومان ئەم ڕۆڵ و پێگە گرنگەی ئەم رابەرە چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و میللی و چ لەسەر ئاستی خەباتگێڕی و سیاسیەوە وایکردبوو کە لە پیلان و پەلامارەکانی دوژمنان و داگیرکەران خودی بارزانی نەمرو بنەماڵە تێکۆشەرەکەی ئەولەویاتی تایبەتی هەبێت، چونکە نەمان یان لاوازی و پاشەکشەی کاروانی خەبات و شۆرشی کوردستانیان لە نەمان و و لاوازی ئەو سەرکردە بەهێزەو کزبوونی ڕۆڵی بنەماڵەکەیان دەزانی، هەر وەک لە لایەڕەکانی مێژوودا دەیان پیلان و فشارو سیاسەتی تونددو تیژ بەو ڕابەرەو خانەوادە نەبەزەکەی تۆمارببونەئەمە لە کاتێکدابوو کە بە پێی ڕێککەوتنی 11ی ئادار 1970دانوستان و کەشی ئاشتی هاتبووە پێشەوە بوو لە 29/9/1971لە حاجی ئۆمەران سەر بە دەڤەری بالاکایەتی، پیلانی بەعسی لەڕێی چەند کەسێکەوە کە مەلا و زانای ئایینی عەرەب بوون جێبەجێ کرا، دوژمن لەو پیلانەشدا سەرکەوتنو نەبوو، تەنیا ڕووڕەشی و شەرمەزاری بۆ مایەوە. بۆیە ڕووداوی پیلانەکە بۆ خوێنەرانی خەبات دەخەینە ڕوو.

* لە بارەی پیلانەکەی 29ی ئەیلوولی 1971 سەرۆک مەسعود بارزانی لە کتێبی (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازای کورد شۆڕشی ئەیلوول 1975-1961 نووسیویەتی:

بەیناو بەین لە ڕێگەی دەزگای پاراستن(ئیستیخبارات) شۆڕشەوە دەنگویاسێکمان لەبارەی ئەوەوە پێ گەیشت کە حکوومەت بەمەبەستی لە ناو بردنی ژیانی بارزانی خۆی، ڕێگەی پیلانانەوەی گرتووەتەبەر، یەکێک لەو پیلانە ئەوە بوو چەند پاسێکی گەورە کە پڕ بن لە هێزی کۆماندۆس(مەغاویر) و جل وبەرگی ئافرەتیان لەبەردا بێت، بیانبەن بۆ کانیێ شێخی بالەک لە حاجی ئۆمەران و لەوێ خۆیان بشارنەوە و پاشان دەست بکەن بە هێرش بردن. پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد ئەم خەیاڵەیان لە میشکی خۆیان دەرکرد چونکە دەرفەتی سەرکەوتنی زۆر کەم بوو. بیریان لەوەش کردەوە کە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژنێتری ڕێ بارزانی بگرێ ئەنجا بەدەزگای کۆنترۆڵ بتەقێنرێنەوە بەڕوویدا، بەڵام ئێمە لە کاتی خۆیدا لەمە ئاگادار بووین و چی پێویست بوو بۆ دابینکردنی سەرنەکەوتنی ئەم پیلانەش کردەمان تا ئەگەر هاتوو جێبەجێیان کرد هیچ ئامانجێک نەگەیێنی. من و ئیدریس هەوڵمان دا باوکم ڕازی بکەین هەندێ کاری ئاسایشیی بۆبکەین لەبارەی چۆنیەتیی پێشوازیکردن لە میوانەکانی، بەڵام ئەو ڕێی نەدا کەس لەوانە بپشکێنرێت کە دێن بۆ لای نەخوازە ئەگەر لە پیاوانی ئایینی بن.

* لەبارەی پێش پیلانی 29ی ئەیلوولی 1971جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی دەنووسی:

لە ڕۆژی 15ی ئەیلوولی ساڵی 1971دا دوو مەلاهاتن بۆ بارەگای بارزانی عەبدولجەبار تەعزەمیی سوننی مەزهەب و عەبدولحوسێن دەخیلیی شیعە مەزهب بوون، هاتبوون سەر لە بارزانی بدەن، ئەویش بە گەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنی کردن. ئەمانە بە قسەی خۆیان بە هۆی بەدبوونی بارودۆخی نێوان شۆڕش و ڕێژیمەوە هاتوون و باسی کاریگەریی ئەو بکەین واتە (بارزانی ئاگەدار بکەن) کەوا دەست دەدەنە هەڵمەتێک لە نێوان زاناینی ئاین و خەڵک بۆ ئەوەی هەوڵێک بدەن بۆ گرتنی ئەو کەلێنانە و دەیانەوێ ڕای بارزانی لەم ڕووەوە بزانن و ئاخۆ ئەم نیازەی ئەوان چۆنە لای؟ بارزانی نیازەکەیانی پەسند کرد کە بیریان لێ کردەبووەوە و، دڵگەرمیی خۆی بۆ پێشان دان و هانی دان جێبەجێیی بکەن، تووەمز ئەو شۆڕشەری ئۆتۆمبێلەکەیانی لێ دەخوڕی یەکێک بوو لە کاربەدەستانی دەزگای موخابەرات. بەپێی ئەو فێرکردنەی لە موخابەراتەوە فێریان کرد بوو هاتنەکەی خۆی بەهەل زانی هەندێ شتی کرد بۆ شارەزا بوون لە ناوەچەکە و توانیی بزانن بارزانی لە کوێ دادەنیشێ و مرۆڤ لە کوێوە دەگاتە ئەو شوێنە و لە کوێوە لێی دەردەچێ.

* جەنابی سەرۆک (مەسعود بارزانی) لە کتێبەکەیدا لەبارەی ڕووداوی پلانی 1971کە بەخۆی یەکێک لە شاهیدحاڵەکان بووە نووسیویەتی:

ڕۆژی 29ی ئەیلوولی 1971 ئیدریس لە ماڵ نەبوو، چوو بۆ سەردانی بارەگاکانی پێشمەرگە لە زۆزک و گەریەبێش و حەسەن بەگ،ساعەت چوارو پەنجا و پێنج خولەک دەنگی تەقینەوەیەکی گەورەم گوێ لێ بوو، وام زانی دەنگی تەقینەوەی مینی دینامێتە لەو جۆرەی بۆ شکاندنی بەردی چیایەکان بە کار دەهێنرێت، بەڵام ڕاستەوخۆ دەنگی گوللە تەقینەوەیەکی زۆڕیشی بەدوادا هات.ڕاست و ڕەوان ڕام کرد بەرەو ماڵی باوکم، وام دەزانی باوکم لەوێیە، بەڵام لەوێ نەمدی. تفەنگەکەم هەڵگرت و بەهەڵەداوان ڕام کرد بۆ ئەو شوێنەی پێشوازیی میوانی لێ دەکات. لە نیهادم پرسی: باوکم لە کوێیە؟ وتی: کوژرا. کەوتمە زەوی.هێزم لێ بڕا، بەڵام پاش تۆزێک زۆرم لە خۆم کرد و هەستامەوە و ڕووم کردە شوێنی تەقەکە. لە ڕێدا تووشی پێشمەرگە ڕەسووڵ خدر بووم کە یەکێک لە پاسەوانەکانی باوکم. لەبارەی باوکمەوە پرسیارم لێ کرد، وتی: سەلامەتە، دڵت خەتەرە نەکا، بەڵام پرژی یەکێک لە نارنجۆکە فڕێدراوەکانی بەرکەوتووە و بریندار کردووە. پاشان بۆ دەرکەوت کەوا بارزانی پێش ئەو کاتەی خۆی دیاریی کردبوو بۆ دیتنی میوانەکان، ڕاستەوخۆ پاش نوێژی عەسر، چوو بۆ لایان. چوو بووە ژوورەوە و بەخێرهاتنی لێ کردبوون و دانیشتبوو. لەوکاتە پێش خزمەتەکە کە ناوی شەریفی کوڕی شەریف بوو هاتبووە ژوورەوە و چای هێنا بوو بەسەر میوانەکانیدا دەگێڕا. لە نێوان باوکم و بۆمباکەدا وەستا بوو کە ناو جلەکانی ئیبراهیم خوزاعیدا بوو کە یەکێک بوو لە مەلاکان. بەوجۆرە چاپچییەکە بوو بەدیواڕێک کە بۆمباکە لەناو جلەکانی ئیبراهیم خوزاعیدا تەقیەوە باوکمی لێ پاراست و خۆی پێوە بوو. بەم جۆرە بارزانی بەپەرجوو(موعجیزە) یەک بە سەلامەمەتی لەو پیلانە ڕزگاری بوو.



کاروان محەمەد سینۆ

سڵاو لە 56 مین ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان

شۆڕشی ئەیلوول بەڕابەرایەتی بارزانی نەمر باوکی ڕوحی خەڵکی کوردستان،قوتابخانەی خەبات و بەرخودانی تەواوی خەڵکی کوردستان بوو، ئیلهام بەخشی ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان بوو. بارزانی نەمر و شۆڕشی مەزنی ئەیلوو لە دڕێژی خەبات و بەرخوداندا چەندین دەستکەوت و سەروەری بە بزاقی ڕزگاری خوازی کوردستان بە خشی. لەوانە ناساندنی کورد وەکو (شەریک) لە ولاتی عێراقدا (دەستوری کاتی عێراق (1958هەروەها ڕێکەوتنی 11ی ئازاری 1970کە دیکۆمێنتێکی فەرمی عێراق بوو جەنابی مەلامستەفا بارزانی بەخەبات و قوربانیدان لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەسەر حکوومەتی عێراقدا چەسپان، بێجگە لە سەدان بڕیار و دەستکەوتی دیکە لە بوڕای یاسای چاکسازی کشتوکاڵ (الاصلاح الزراعی) و بواری پەروەردە و زانست و پیشەسازی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و تەواوی بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان.

ڕاگەیاندی شۆڕشگێرانە و گەیاندنی دەنگی خەبات و ناساندنی بەرخودانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بە وڵاتانی ئەقلیمی و تەوای جیهان، پێویستییەکی دیکەبوو کە جەنابی مەلامستەفا بارزانی بە گرنگ و پێویستی زانی. بۆیە لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی مستەفا بارزانی لە 27ی ئەیلوولی 1963ئێزگەی دەنگی کوردستان دامەزرا. لەو سەردەمەدا ئێزگەی دەنگی کوردستان بووە سەرچاوە و مینبەری ڕاستەقینەی دەنگی خەڵکی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول و پێشمەرگە قارەمانەکانی لە دەڤەرەکە و سەرانسەری جیهاندا. بەم شێوەیە دەنگ و هەواڵ و چالاکییەکانی شۆڕشی ئەیلوو و پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی سنووری عێراقی بڕی ڕووەو جیهانی دەرەوە.

بێشک، کارایی و ئیدارەدانی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق لەوسەردەمەدا، هەروا کارێکی ئاسان و ئاسایی نەبووە، بەڵکو ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق لە نێو ئەشکەوت و ژێر بەردو دارەکانی کوردستان دڕێژەی بە خەباتی خۆیداوە، بۆ دەستکەوتن هەواڵ و ڕاپۆرتی داستانەکانی خەبات و بەرخودانی پێشمەرکە کارمەندان ڕەنج و خەباتێکی زۆریان کێشاوە.

ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق کاریگەری ئەرێنی زۆری لە سەر مۆڕاڵ و دەروونی پێشمەرگە و تەواوی خەڵکی کوردستان هەبوو، بەپێچەوانەشەوە، ئەم ئێزگە شۆڕشگێڕە ترس و دڵەڕاوکێ و داڕمانی خستووە ناخ و دەروونی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان، هەر بۆیە لەهەر هەوڵێکی دانوستان لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدواییەکانی حکوومەتی عێراق، مەرجیە یەکەمی داگیرکەرانی کوردستان ئەوەبوو کە دەبێ ئێزگەی دەنگی کوردستان دابخرێ.

بۆیە ئەمڕۆ لە 56ساڵیادی دامەزراندی ئێزگەی دەنگی کوردستان، بەناوی ڕۆژنامەی خەبات و خۆم و تەواوی کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان،پیرۆزبایی و سلاو ڕێزمان بۆ هەموو ئەو کادیر و کارمەندانە هەیە کە خەباتیان کردووە لە ئێزگەی دەنگی کوردستاندا و هەروەها ئەوانەی کە ئەمڕۆش دڕێژە بەخەباتی پارتایەتی خۆیان دەدەن لەم ئێزگە تێکۆشەرە سەربەرزەدا.

سەری ڕێز و نوازش بۆ هەموو ئەو خەباتگێرانە دەنوێنین کە هەرلەسەرەتاوە لەم ئێزگە شۆڕش گێردا کاریان کردووە، سەری ڕێز و نوازش دەنوێنین بۆ شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول و ڕێبازی بارزانی، لە سەرووبانەوە بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەر لەیاد.

ئەقڵی سیاسی دەوڵەتە سەردەستەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و دوزی ڕەوای کورد



ڕاژان عەبدولڕەحمان پیرۆ

کورد وەک نەتەوەیەکی ماف خوراو لە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا بە درێژایی قوناغەکانی مێژووی سیاسی ناوچەکە کەوتوتە بەر شاڵاوی زوڵم ستەمکاری ئەقڵیەتی سیاسی خو سەپێن و خو بە باڵاتر زانین لە کەمە نەتەوەکانی ناوچەکەمان و هەرچی مافە بۆ خۆیان بە حەلال زانیوە ، بۆ کوردیش حەڕام.

سەدان ساڵە ئەم ئەقڵە سیاسیەی دەڤەرەکەمان زاڵە و ڕێگرە لە بەردەم هەر بەرە و پێشڤەچونێکی دوزی ڕەوای نەتەوەییمان و لە هەر کوێیەک بەرەو پێشڤەچونێک هاتبێتە ئاراوە لەوێدا داگیرکارانی کوردستان گەلە کومەکییان کردووە و لە دژی وەستاونەتەوە و نەیانهێشتووە هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بڕوات جا چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت.

کە دەڵێم ناڕاستەوخۆ لە هەموو قوناغەکاندا زوڵە کوردیش ڕۆڵی دوژمنایەتی کردنی دوزی ڕەوای کوردیان بینیوە و ئاویان کردوتە ئاشی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان.

ئەوەتا با زۆر دور نەڕوین هەموومان بینیمان کە چۆن پڕوسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کەوتە بەر هەڕەشەو پەلاماری دەوڵەتە داگیرکارەکارانی کوردستان و دەست پەنجکانیان لە هەرێمی کوردستان و حەتتا مافی دەنگدانیان بە سەربەخۆیی کوردستان.

نێودەوڵەتی لە دژی ئەم سەرکەوتنە مێژوییەی گەلی کوردستان ئەنجام درا و پەلاماری هەرێمی کوردستانیان دا و نیوە زیاتر لە خاکی کوردستان واتە کەرکوک و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە خیانەتێکی نیشتیمانی دا ڕادەستی دوژمنان کرا ،کە هەتاکو ئەمڕۆش ئەم ناوچانە بە دەست ئەم خیانەتە مەزنەوە دەناڵێننز. ئێمە زۆر جار باس لە داگیرکارانی کوردستان دەکەین ‘ڕاستە ئەوانە دوژمنی گەورەی کوردو کوردستانن’ بەڵام ئەگەر داریش کرمی لە خوی نەبێت دوژمنان بە ئاسانی ناتوانن زاڵ بن بەسەرماندا.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەم ڕاستیە کە ئەقڵیەتی سیاسی دەوڵەتە سەردەستەکان کە لەسەر بنەمای ڕەگەزپرستی حوکمرانی دەکەن و هەروەها ئەقڵیەتی خیانەتی نیشتیمانی هەمیشە بەربەستی گەورە وئاستەنگ بوونە لە نەگەیشتنی کورد بە ئامانجی کوتایی خوی کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە.

سەرچاوە کتێبی: (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد/ بەرگی سێیەم –بەشی دووەم/ شۆڕشی ئەیلوول) نووسینی: سەرۆک مسعود بارزانی.

وون بوون

ناسنامەی پۆلیسی گومرگی سەر بە پاسەوانی سنور عیراقی بەناوی مصطفى صديق حمامين وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: کۆمپانیای مایلر جۆری ئۆتۆمێبل: مقطورە تریلە فلات ڕەنگ: نفتی ژمارەی شاسی: C0188054 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی سەروکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٨٣٢٤٨١ بەروار ٢٠١٨/١/٣٠ بەبڕی ٥٦٠٠٠٠ بەناوی سمیر حسن محمود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة احوال شخصية اربيل/٣

العدد: ٢٠١٩/٣/ش٢٤٢٤

التاريخ: ٢٠١٩/٩/٢٤

اعلان

الى/ المدعى عليه (غزوان خوام محمد) محل اقامتك مجهول

قررت هذه المحكمة فى الدعوى المرقمة (٢٠١٩/٣/ش٢٤٢٤) بتاريخ ٢٠١٩/٩/١٨ الحكم عليك ب (التفريق للهجر) بين المدعية (مها زياد محى) و المدعى عليه (غزوان خوام محمد) و لمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة القادسية التابعة لقضاء تكريت تقرر تبليغك بوسطة جريدتين يوميتين محليتين ولك حق الاعتراض و المتييز خلال المدة القانونية البالغة (١٠) عشرة ايام من يوم النشر وبعسكه يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.

القاضى/ صباح قادر كاملا

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە:٢١٣٠/ب٢٠١٩/٢

ڕێکەوت:٢٠١٩/٩/٢٥

جاردان

بۆ/ داواليكراو (جلال احمد معروف)

داواکار (فاروق عثمان مصطفى) داوای ژمارە (٢١٣٠/ب٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت (جلال احمد معروف) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەڕەکی (زانیاری) لە ٢٠١٩/٩/٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٠/٢٠) کاتژمێر (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ قباد شیرزاد نوری

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر) ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٦

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هەڤال علی قادر) لە بەروارى ٢٠١٩/٩/٢٥ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانەراوە لە (ڕێگاى کەسنەزان) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پیشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردنى لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزى زکى

ئامێزەکان:

١- لێدانى قەپانى دەبەى زاهى بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥,٥.

٢- تێکردنى زاهى بۆ ناو دەبە هەشت سەرکى بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٠.

٣- میکسەرى تێکەڵکردنى مواد بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٠ خەزان ٢٠٠٠ لترى – ٣٠٠٠ لترى.

٤- شرینگى بەسێت کردن بێ ژمارە دروستکراوى سینى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای A١٠.

٥- تێکردن فاس بۆ ناو دەبە شەش سەرکى بێ ژمارە دروستکراوى خۆمالى مۆدێل ٢٠١٥ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٢,٥.

٦- کۆمپرێسەرى هەوایى بێ ژمارە دروستکراوى سینى مۆدێل ٢٠١٥ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٧,٥.

٧- لێدانى لەزگە لە دەبە بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٤,٥.

٨- لێدانى تێب لەکارتۆن بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٢,٥.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر) ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٦

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمد بکر وسو) لە بەروارى ٢٠١٩/٩/٢٥ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانەراوە لە (پ. تیار) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پیشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزى زکى

ئامێزەکان:

١- رافیعە بەرزکردن و گواستنەوە ژمارە/ ١٠٣٠٢٤٣٧ دروستکراوى سینى مۆدێل ٢٠٠٣ جۆرى سوتەمەنى گاز توانای ٣ طن.

٢- مجموعەى کونکردن و بڕین ژمارە/ ٣٣٣١ دروستکراوى ئەمریکى مۆدێل ١٩٦٠ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥,٥.

٣- مۆلیدەى کارەبایى ژمارە/ ٩٦٣٨٤٠T دروستکراوى المانى مۆدێل ١٩٨٢ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای A٣٠ لحیم کارەبایى.

٤- لەحیم وولدن کارەبایى ژمارە/ ARC٤٠٠ مۆدێل ٢٠١٠ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای A٢٠.

٥- کەپس کردنى عامود بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١١.

٦- کۆمپرێسەرى هەوایى بێ ژمارە دروستکراوى المانى مۆدێل ٢٠١٠ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٧,٥.

* * *

ئاگاداری

وەزارەتى دارایى و ئابوورى هەڵدەستێت بە بەکرێ دانى ڕووبەرى (٦٠٠)م٢ لە پارچە زەوى ژمارە (١/١) ك (٤١) قریتاغ پشت ڕێگاى گوێر, بەمەبەستى دروست کردنى کۆگا بۆ ماوەى (٢٥)بیست و پێنج ساڵ بە زیاد کردنى ئاشکرا بە پێى یاسایى ٣٢ ساڵى ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایى دارایى ژمارە (٥) ى ساڵى ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووى بەشدارى کردنى هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕووبەرایەتى خانووبەرەى میرى لە هەولێر بدات لە ماوەى (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژى دواى بڵاوکردنەوەى سەعات (١٠) ى ى سەر لە بەیانى بە مەرجێك بارمتەى یاسایى (٢٠٪) یەدەگى پێى بێت لەبرى پارەى خەملێنراو گشت خەرجیەکانى بەکرێ دانیش لە ئەستۆى کرێچیە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەرى گشتى باجەکان و خانووبەرەى میرى

* * *

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارەی:٤٠٧/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٩/١٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (حیدر علی جاسم) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (وفاء فالح ابراهیم) داوای ژمارە ٤٠٧/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (جیابوونەوە) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (السدة - بابل) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٧ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادەوەر/ عبدالله عثمان خضر

* * *

ئیدارەی ڕاپەڕین/ کاروباری هونەری بەڕێوەبەرایەتی گڕێبەستە گشتییەکان بەشی چاودێری و ڕاهێنان

ژمارە: ٩٢٣

کۆدی پڕۆژە: (MI-RA- ١٣) ساڵی ٢٠١٩ز

کەمکردنەوەی نهێنی/ کەمگیری کراوە

بۆ پڕۆژەی: (نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی فیرکاری ڕانیە) بەپێی نوسراوی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ خەرجییەکان, کە لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین جێبەجێ دەکرێت. ئیدارەی ڕاپەڕین بانگهێشتی سەرجەم بەڵێندەران و کۆمپانیاکان دەکات کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە, با سەردانی ئیدارەی ڕاپەڕین/ کاروباری هونەری/ بەڕێوەبەرایەتی گڕێبەستە گشتییەکان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی یەك شەممە بەرواری (٢٠١٩/٩/٢٩) دەستپێدەکات تا ڕۆژی یەك شەممە بەرواری (٢٠١٩/١٠/١٣) لە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا کاتژمێر (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ.

٢- دوا ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی چوار شەممە بەرواری (٢٠١٩/١٠/١٦) تا کاتژمێر (١٠:٠٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٣- ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی چوار شەممە بەرواری (٢٠١٩/١٠/١٦) کاتژمێر (١٠:٠٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- ئەگەر ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر بوو بە پشوی فەرمی بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژی دوای پشوەکە دەبێتە دواڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر و کردنەوەی تەندەر.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بریتییە لە (١٥٠) ڕۆژ.

٦- ڕۆژانی (٢٠١٩/١٠/١٥,١٤) ماوەی وەستانی فرۆشتنی تەندەرە.

٧- ماوەی کارکردنی تەندەرەکان (٩٠) نەوەد ڕۆژە لەدوای بەڕواری کردنەوەی تەندەر دەست پێدەکات.

٨- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێشکەش بکات وە هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات. مەرجەکانی بەشداری کردن:-

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن تایبەتمەند بن بە بواری بیناسازی, وە پێناسی وەزارەتی پلاندانان یان وەزارەتی بازرگانی و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان) پێبێت وە بە سە ر نە چو بێت .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە بیانیانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە تۆفیسی بەناوی کۆمپانیاوە هەبێت لە هەرێمی کوردستان, وەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان تۆمارکرابێت, وە پشتگیری بکرێن بەمەرجێك پشتگیریەکە ماوەی بەسەرنەچووبێت.

٣- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پڕۆسەی کردنەوەی تەندەر بەبەردەوامی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گڕێبەستە گشتییەکان لە ئیدارەی ڕاپەڕین بکەن, بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە لەسەر ئەسپاردەکردنی پڕۆژەکە.

٤- ئەو بەڵێندەرانەی بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری یان هەر سەرنج و تێبینیەك لەسەر دەرخستەی پڕۆژەکە دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین بکەن.

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠١٩)ز بهێنن و بەسەرنەچووبێت.

٦- پێویستە لەسەر بەڵێندەر دەستەبەری تەندەر (ضمان العطاء) بەشێوەی بەڵێنەمەی نوسراو بۆ دەستەبەری تەندەر (التعهد الخطی الضامن للعطاء) لەبەشی یاسای بەڕێوەبەرایەتیان پڕبکاتەوە.

٧- ئیدارەی ڕاپەڕین پابەند نییە بە کەمترین نرخ لەسەر هەڵمارى لایەنی هونەری و مەرجەکانی تەندەر.

ئەندازیار/ دلاور قباد احمد

ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین

* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە

ژمارە/ ٤٥٣١/٢٤/١٧

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٤

بۆ بەڕێز/ ڕەوەز دلاوەر محمد

بەناونیشانی(تدریسی/٦) لەسەر میلاکی

زانکۆمان/ فاکەڵتی ئەندازیاری

دوا ڕاگەیاندن

بەهۆی دابڕانت لەکارەکەت لەبەروارى(٢٠١٩/٩/١)وە نەگەڕانەوەت بۆسەر کارەکەت بەپێ ئاگادار کردنەوەی سەروی خۆت پێت ڕادەگەیەنین پێویستە دەست بەکار بێتەوە لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ گەر لەناو عێراق دابیت وە لەماوەی(٣٠) سی ڕۆژ گەر لەدەرەوەی عێراق دابیت, بەپێچەوانەوە بەدەست لەکار هەڵگرتوو دادەنرێیت بەپێی بڕگەی(٢) دوو لەمادەی(٣٧) سی و حەوت لەیاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە(٢٤) بیست و چوارى ساڵی(١٩٦٠)ی هەموارکراو.

پ. د. ولی محمود حمد/ سەرۆکی زانکۆ

* * *

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

تأسيس اتفاقية لخدمات الاعلان و النشر في الصحف العراقية المحلية

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتأسيس اتفاقية لخدمات الاعلان و النشر في الصحف العراقية المحلية

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/٤٣٣	تاسيس اتفاقية لخدمات الاعلان و النشر في الصحف العراقية المحلية	https://www.ungm.org/Public/Notice/٩٧٣٩٠ كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/٤٣٣

٢- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	١٢ تشرين الاول ٢٠١٩ الساعة ٢٣:٥٩ توقيت العراق
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	٢٦ تشرين الاول ٢٠١٩ الساعة ٢٣:٥٩ توقيت العراق

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية UNGM أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل IRQBASUP@UNHCR.ORG

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

Invitation to Bid (ITB)

INVITATION TO BID: HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/433 - ESTABLISHMENT OF FRAME AGREEMENT FOR THE PROVISION OF NEWSPAPER ADVERTISEMENT SERVICES IN IRAQ

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Iraq informs qualified suppliers to make a firm offer for the establishment of a frame agreement for the provision of newspaper advertisement services in Iraq:

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents Available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/433	ESTABLISHMENT OF FRAME AGREEMENT FOR THE PROVISION OF NEWSPAPER ADVERTISEMENT SERVICES IN IRAQ	https://www.ungm.org/Public/Notice/97390 The ITB Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/433 in the subject heading

2. IMPORTANT DATES FOR THIS ITB:

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
Tuesday, September 24, 2019	Issuance of the tender notice
12 October 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Closing date for clarifications
26 October 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Deadline to submit your complete offer for this ITB

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM

هەلی کار

ئێمە وەکو کۆمپانیای (Stout) پێویستیمان بە (٢٣) کرێکار هەیە بە مەبەستی کارکردن هەر کەسێك ئارەزووی کارکردنی هەیە باراستەوخۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کار بکات کە دەکەوێتە ڕێگای مخمور پشت مزگەوتی خدر سوارە یاخود پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥٠٣٩١٢٩٤٩)

ناونیشانی کار/ کرێکاری هونەری

ژ.هەلی کار/ ٢٣

مووچە/ ٤٩٠٠٠٠

ڕەگەز/ نێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچون وپشکنین
ژمارە / ٧٠١٧
ڕێکەوت / ٢٠١٩/٩/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (CROSS CULTURAL MANAGEMENT / بۆ بازرگانی گشتی و خزمەت گوزاری کارگێری / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەروارى ٢٠١٩/٩/٢٥
مافپەروەر/ کۆڤان جلال صالح
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

دادگای باری کەسێتی سید صادق
ژمارە : ١٨٩ / ش / ٢٠١٩
بەروار / ٢٣ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار / ڕزگار قادر عبدالمجید
داوالەسەرکراو / سپێدە فایز جوانبخت
بۆ داوا لەسەرکراو ئاگادارت دەکەینەوە کە داواکار (ڕزگار قادر عبدالمجید) داوایەکی بە ژمارە (١٨٩ / ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت لەم داوایەدا هاتووە داوای (إیقاع الطلاق) دەکات، لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت، دادگا بڕیاریدا ئاگادارت بکاتەوە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی فەرمی (رسمی) بۆ ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی لە بەرواری (٢٠١٩/١٠/١٣) کاتژمێر (٩:٣٠) ی سەرلەبەیانی بۆ دادبینی، بە پێچەوانەوەئەگەر خۆت یان بریکارەکەت ئامادەنەبێت ئەوا داواکە دەبینرێت بە پێی یاسا.
دادوەر / جمیل جمال محمد
* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢٨٥/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٢
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار: الیشواع یوسف فرنسیس
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (٤٧ کەرتی ٧٢/شیزی) ی و مولکی ژمارە (١ کەرتی ٧٢/شیزی)ی ئیوە بە بنبری فروشرا بە بری (٦٩٤١٠٠٠٠) شیست ونەه ملیون وچوار سەد ودەە هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاون قەرز (توما کورکیس حنا) بە پیێ ماددە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە رۆژ لە دوای رۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٦٩٠٠٠٠٠٠) شیست ونەه ملیون دیناری عیراقی یە بە پیچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پیێ یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد
* * *

دادگەها بەرایی/ زاخۆ
ژمارە ٢٦٦/ب/٢٠١٩
ڕێکەوتی: ٢٠١٩/٩/٢٥
راگەهاندن
بو/ داوالیکراوان/ جمال محمد علی – نسرین خلیل میرو – اڤین خلیل میرو/ جهێ ئاکنجیبوونا بەرێ زاخو- گەرەکا صلاح الدین و (ادریس محمد علی – صباح محمد علی – صبریە محمد علی)/ جهێ ئاکنجیبوونا بەرێ زاخو- گەرەکا گوندك، جهێ ئاکنجیبوونا وە یا نوکە نەدیارە, ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/٩/٤) ل داوا ژمارە ٢٦٦/ب/٢٠١٩ بریاردا ب مولك کرنا خانوبەرێ ژمارە (٥/٣٠ کەرتێ کندك) (عەرد و ئاڤاهی) بناڤێ (حسن حسین اسماعیل) و دگەل خەرجی خستنە ئەستوومانديبوونی پارێزەر بو بریکارێ داواکاران پاێزەر (خدیجە علی مصطفی) ب کوژمێ (١٤٠٠٠) جاردە هزار دینار و ژبەر دیارنەبینا جهێ ئاکنجیبینا هەوە لدیڤ نڤێسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە ٢٧٥٥ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٩/١٨ و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گەرەکا صلاح الدین و کوندك کو تێدا هاتیە دیارکرن (ناڤێ وان د تومارا تاخێ مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکرینە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە و مە چ دیارە و مە چ پێزانین ل دور نینن) دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ یێ د دوو روژنامە یێن نافخوی و روژانە دا داهین بهێنە ئاگەهدارکرن ب بریارێ و ئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەر نەهێنانەبەر ژسیندخارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبوونێ و هەوە مافێ نەرازیبوون و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاسای دا و بەروڤاژی بریار دێ پلابنبرِ وەرگرت.
دادوەر / یوسف الیاس سدن
* * *

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٦٩٧/ج٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی:٢٠١٩/٩/١٢
بۆ تۆمەتباری رەڤی (مقداد عادل محمد)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٦٩٧/ ج٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نزارکێ ل سەر ماددێ (٤٥٦) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/١٠/٢٨ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
* * *

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٦٦١/ج٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی:٢٠١٩/٩/١٢
بۆ تۆمەتباری رەڤی (موفق مصطفی مشختی)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٦٦١/ ج٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل رێڤەبەریا بەرهنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتا پارێزگەهێ دهوکێ/ نڤیسینگەها نزارکێ ل سەر ماددێ (٧/ یاسا بەرهنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتا) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/١٠/٢٩ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٤٥٢/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٩/١١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ شیرکو عابد محمد
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٥٢/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سەختەکاری ب هژمار ٢٠١٧/٣ ل سەر ماددە (٢٩٥ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/١١/٢٠ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٤٨٢/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٩/١١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ شیروان جلال ابراهیم
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٨٢/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها مالتا ب هژمار ٢٠١٨/١٥٤ ل سەر ماددە (٤٤٤ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/١١/٢٨ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٤٨١/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٩/١١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ مراد عبو اسماعیل
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٨١/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها داسنیا ب هژمار ٢٠١٨/٦٩ ل سەر ماددە (٤٤٣ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/١١/٢٨ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
لیژنەی بەکرێدانی ماڵ و موڵکی دەوڵەت
ژمارە: ١
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/١ ئاگاداری سەرجەم هاووڵاتیان دەکات کە فەرمانگەکەمان هەڵدەستێت بە بەکرێدانی کۆشکی (سکاڵانووس و فۆتۆکۆپی و وێنەگر و کافتریای ناو باڵەخانەی فەرمانگە دادییەکانی سلێمانی) کە دەکەوێتە ناو باڵەخانەی کۆنی دادگای سلێمانی لەسەر شەقامی کاك ئەحمەدی شێخ لەرێگەی زیادکردنی ئاشکراوە بەپێی ماددەی ٩ لەیاسایی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو بۆ ماوەی یەك ساڵ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە دەتوانێ سەردانی فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/١ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر.
ڕۆژی زیادکردنی ئاشکرا بەرێوە ئەچێت لە (٣٠) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەیەکی فەرمی.
زیادکردنەکە لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ لە دادنووسی سلێمانی/١ ناو باڵەخانەی کۆنی دادگای سلێمانی بەرێوەدەچێت.
کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە زیادکردنەکەیان بۆ دەردەچێت.
پێویستە بەشداربوو بارمتەی دارایی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی دابنێ، پێش ڕۆژی زیادکردنەکە بەشداربوو پێویستە پێناسی باری شارستانی پێبێت.
زانیاری لەسەر کۆشکەکان
١- کۆشکەکانی فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/١ یەك (١١) شوێن بۆ سکاڵانووس
٢- کۆشکێکی تایبەت بە سکاڵانووس تایبەت بە سکاڵانووسی بەرێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی سلێمانی.
٣- کۆشکی فۆتۆکۆپی فەرمانگەکانی دادنووسی یەك کە ژمارەیان (٣) کۆشکە.
٤- گەراجێکی داخراو پێکدێت لە (٧) شوێن کە تایبەتە بەشوێنی سکاڵانووسی فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/ ئێواران.
٥- کۆشکی فۆتۆکۆپی فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/ ئێواران
٦- کافتریای باڵەخانەی فەرمانگەدادییەکان لەناو باڵەخانەی کۆنی دادگای سلێمانی.
دادنووس/ بژار احسان حکمت
سەرۆکی لیژنەی بەکرێدان
* * *

دادگای بەرایی شارەزوور
ژمارە: ١٣٨/ب/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٥
ئاگاداری
داواکار: برهان حمەرشید حمەفرج
داوالەسەرکراوان: ١- هند حسین احمد ٢- الاء حسین احمد
بۆ داوالەسەرکراوان: (١- هند حسین احمد ٢- الاء حسین احمد) کە ئێستا ناونیشانتان نادیارە، دادگا ئاگادارتان دەکات کە داواکار (برهان حمەرشید حمەفرج) لەرێگەی بریکارەکەیەوە داوای بەرایی ژمارە (١٣٨/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داواکارە کە موڵکی ژمارە (١/١٠٥١ کەرتی ٤ زرایین و کانی رەش) تۆمار (تملیك) بکرێت بەناویەوەوە لە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی شارەزوور لەبەر ئەوەی کەناونیشانی نادیارە دادگا لەرێی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە ئاگادارتان دەکات کە خۆتان یان بریکارێکتان لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/٢١ کاتژمێر/٩ لەم دادگایە ئامادەبن وە بەپێچەوانەوە دادگا لەسەر دادبینی خۆی بەپێی یاسا بەردەوام دەبێت.
دادوەر/ صلاح الدین احمد عارف
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٣٨٨/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٩/١٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رەنج ریبوار عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخال محمد مصطفی
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٣١٢/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: صالح ندیم قاسم ئۆغلو
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەشی نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخال محمد مصطفی
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٣٦٣٢/ج/٢٠١٥
ڕۆژ: ٢٠١٩/٩/١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: گۆران مجید فارس
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر / کامل تۆفیق سعید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٧٦/ك.ت.خ/٢٠١٦
ڕۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: پشتیوان جلال غالب عبدالرحمن ناوی دایکی پروین حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) (غیابی) بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی تاوانی ژمارە ٧٦/ك.ت.خ/٢٠١٦ وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بە پێی ماددەی ٧ لەیاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ حوکم درا بەسەرتا بەبەندکردنت بۆ ماوەی (١٠) دە مانگ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر / کامل تۆفیق سعید
* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٤٢٢١/ش٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٩/١٩
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (عمر احمد عثمان العلاف) شوێنی دانیشتنت (نادیارە)
داواکار (سعدیە ابراهیم عبد) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٤٢٢١/ش٢٠١٩/٣) تیایدا داوای (پەسندکردنی گرێبەستی مارەبرین) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- گەڕەکی فەرمانبەران) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/٢٧ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٤٣/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال)
داواکاران (کامران محمد مامە و زریان اسماعیل واحد) داوای ژمارە ١٤٣/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (راماڵینی کۆبەشی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (عەرەبی کۆن) دادگا بڕیاری دا کە پێتان ڕابگەیەنێ لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆتان یان بریکارێکی یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٧) کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٤٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال)
داواکاران (کامران محمد مامە و زریان اسماعیل واحد) داوای ژمارە ١٤٤/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (راماڵینی کۆبەشی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (عەرەبی کۆن) دادگا بڕیاری دا کە پێتان ڕابگەیەنێ لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆتان یان بریکارێکی یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٧) کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٤٢/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال)
داواکاران (کامران محمد مامە و زریان اسماعیل واحد) داوای ژمارە ١٤٢/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (راماڵینی کۆبەشی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (عەرەبی کۆن) دادگا بڕیاری دا کە پێتان ڕابگەیەنێ لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆتان یان بریکارێکی یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٧) کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:٢٠٦/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال)
داواکاران (کامران محمد مامە و زریان اسماعیل واحد) داوای ژمارە ٢٠٦/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (راماڵینی کۆبەشی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (عەرەبی کۆن) دادگا بڕیاری دا کە پێتان ڕابگەیەنێ لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆتان یان بریکارێکی یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٧) کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٤١/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال)
داواکاران (کامران محمد مامە و زریان اسماعیل واحد) داوای ژمارە ١٤١/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (راماڵینی کۆبەشی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (عەرەبی کۆن) دادگا بڕیاری دا کە پێتان ڕابگەیەنێ لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆتان یان بریکارێکی یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٧) کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:٢٠٧/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال)
داواکاران (کامران محمد مامە و زریان اسماعیل واحد) داوای ژمارە ٢٠٧/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (راماڵینی کۆبەشی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (عەرەبی کۆن) دادگا بڕیاری دا کە پێتان ڕابگەیەنێ لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆتان یان بریکارێکی یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٧) کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:٢٠٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (١- عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال)
داواکاران (کامران محمد مامە و زریان اسماعیل واحد) داوای ژمارە ٢٠٨/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (راماڵینی کۆبەشی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (عەرەبی کۆن) دادگا بڕیاری دا کە پێتان ڕابگەیەنێ لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆتان یان بریکارێکی یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٧) کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
* * *

HKN ENERGY LTD.

Position: Well Services Supervisor
Location: HKN Erbil Office / HKN Field Locations, Sarsang Block Dohuk Kurdistan Region
Status: Staff – Full Time Position
Reports To: Well Services Operations Coordinator
Transportation/Parking: Not provided. Employee will be required to commute daily with their own vehicle.
Employment Type: Local (Iraqi Nationals)

Candidate will support the Well Services Department with various duties as outlined below:

Responsibilities:

- Responsible for assisting the Senior Well Services Supervisors with general Well Services duties including overseeing Completions, Slickline, Wireline, Coiled Tubing, Stimulation and Well Testing operations and witnessing function and pressure testing of 3rd party vendors equipment, assisting with implementing lessons learned in future operations with the responsible 3rd party vendors.
- Assisting the Well Services Supervisors with going to 3rd party vendors and performing QAQC on all equipment prior to it being delivered to our well sites.
- Assisting the Completions Supervisor on witnessing making up and testing of completion assemblies, pup joints, etc. prior to load out to the well site.
- Assisting the Completions Supervisor whilst running these completions in the hole on our well sites.
- Assisting with supervision of any Wellhead maintenance work that needs to be done on our field locations.

Requirements:

- Fluent in both written and speaking in the Kurdish and English languages.
- IWCF Intervention Well Control certificate level 3 or 4 preferred (but not mandatory).
- A good understanding of basic Microsoft Word, Excel, PowerPoint and PDF.
- 7 or more years oil Industry experience in Kurdistan, preferably with experience in well testing or completions or some other form of Well Services Operations (coiled tubing, slickline, stimulation).
- A technical background in Engineering is also preferred and educated likewise.

ئایا تره‌مپ یارمه‌تی ئیسرائیل ده‌دات؟





تۆماس فریدمان

به ساده‌یی و روونی ده‌یڵێم:ئه‌گه‌ر جوله‌که‌یه‌کی ئه‌مریکیت و به‌نیازیت ده‌نگ به تره‌مپ بده‌یت، چونکه پێت وایه پشتیوانی له ئیسرائیل ده‌کات، به دڵنیاییه‌وه تۆ گه‌مژه‌یت. تکایه به هه‌ڵه لێم تێمه‌گه‌ن. تره‌مپ، زۆر شتی له به‌رژه‌وه‌ندی حکوومه‌تی ئێستای ئیسرائیل، وت و کرد، مایه‌ی سه‌رسامی به‌شێکی زۆری جه‌ماوه‌ری ئیسرائیلیش بوو. نکۆڵیکردن له‌وه نکۆڵیکردنه له راستیی.

به‌ڵام راستییه‌که‌ی، شێوازی تره‌مپ له گوزاره‌کردن له سۆزی خۆی بۆ ئیسرائیل، ده‌که‌وێته ژێر باری ویسته سیاسیه‌که‌ی، له باشترکردنی ده‌رفه‌ته‌کانی دووباره هه‌ڵبژاردنه‌وه‌ی، له میانی وێناکردنی پارتی (کۆماری) به گشتی، گوایه پشتیوانی له ده‌وڵه‌تی عیبری ده‌کات، هه‌روه‌ها هه‌موو پارتی (دیموکراتی)یش، له‌دژی ئه‌و ده‌وڵه‌تەن. هەر بۆیە تره‌مپ، یارمه‌تی نه‌تنیاهۆ ده‌دات، به شتێک که پێشتر هیچ سه‌رۆکێکی ئه‌مه‌ریکا و سه‌رۆک وه‌زیرانێکی ئیسرائیل، پێی هه‌ڵنه‌ستاون: ئه‌وان وا له پشتیوانی ئیسرائیل ده‌که‌ن، ببێته دیمه‌نێکی ناکۆکی له دیمه‌نی سیاسیی ئه‌مریکادا. به‌هه‌ر حاڵ، ئایا هیچ شتێکی ترسناکتر بۆ سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئیسرائیل، له دوور ماوه‌تردا هه‌یه، له‌وه‌ی ببێته مه‌سه‌له‌ی لایه‌نگری حزبی له ئه‌مریکا، که به پشتیوانیکه‌ری سه‌ره‌کی له جیهان داده‌نرێت؟ وه‌کو چۆن، دوری گۆڵد، باڵیۆزی راسترەوی پێشووی ئیسرائیل له نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان، که ڕۆژێک لە ڕۆژان نزیکترین راوێژکاری نه‌تنیاهۆ بوو، له وته‌یه‌کی له پەیمانگەی هادسۆن، له ڕێکەوتی 27تشرینی دووەمی 2018هۆشداری دا و وتی:"ده‌بێت پەیوەندیت لەگەڵ دیموکراتییەکان و کۆماریيەکان بەردەوام بێت، ناشێت له لایەنگری پارتێکی دیاریکراو له ئەمریکا بگلێیت".

هه‌ڵمه‌ته‌که‌ی تره‌مپ، بۆ شێواندنی ناوودەنگی پارتی دیموکراتی به‌گشتی، به‌هۆی هه‌ندێ بۆچوونی دژ به ئیسرائیل، به‌شێکه له‌و پرۆسه‌یه‌ی، که زیانێکی توند و دڕێژخایەن به پشتیوانی ئه‌مه‌ریکا بۆ ئیسرائیل ده‌گه‌ینێت. به‌ڵام له که‌یه‌وه ئیسرائیل، که عه‌ره‌بی ئیسرائیلی له پەرلەمانەکەیدا، هەموو شتێکی شێتانە و نارەوا ده‌ڵێن، له‌وه ده‌ترسێت، ئه‌وه‌ی هه‌ندێ نوێنه‌ری ئه‌مه‌ریکی وای ده‌بینن و وا ده‌ڵێن؟ ئێستا کاتەکە بەسەر چووە، زیان کەوتنەوە لەوەی تره‌مپ و نه‌تنیاهۆ هۆکاری بوون، که وایکرد ئیسرائیل ببێته بابه‌تی ناکۆکی، له دیمه‌نی سیاسیی ئەمەریکا، به کرده‌وه رووی دا. نابێت فێڵمان لێ بکرێت: نه‌تنیاهۆ، له میانی پلانه‌کانی له‌گەڵ کۆمارییەکانی ئەنجومەنی پیراندا، ده‌توانێت وا له کۆنگرێس بکات، هەر کاتێک بیەوێت سکۆڵەکی پێ بەخشێت. بەڵام نەتنیاهۆ، ئەمڕۆکە ناتوانێت له هیچ زانکۆیەکی گەورە قسه بکات، ئەگەر پۆلیس پاریزگاریەکی باشی لێ نەکەن، چونکە ناڕەزاییەکان زۆر گەورە دەبن. ئینجا گوێ له هەندێ پاڵێوراوی بەرچاوی سەرۆکایەتی (دیموکراتەکان)ی ئێستا بگرە، وەکو ئیلیزابێس وارن و بێرنی ساندرز، ئەوکات دەتوانی هەست بە بڕی وەڕەسیان له ڕەفتارەکانی حکوومەتی ئیسرائیل و داگیرکردنی بەردەوامی بۆ بەرەی ڕۆژئاوا بکەیت. ئەوان چیتر لەوە ناترسن ئەوە بڵێن. وەکو چۆن ڕۆژنامەی (گیرۆزالیم پۆست) له ڕێکەوتی 11تەموزی ڕابردوودا ڕایگەیاند، خاتوونی سیناتۆر (ئیلیزابێس وارن)، کە دەرفەتی پاڵێورانی له هەفتەکانی دوایی زیاتر بووە، بە دوو چالاکی جولەکەی دژ بە داگیرکردنی وت (بەڵێ)، کاتێک داوای پشتیوانیان لێی کرد. بەڵام کێ دەتوانێت گلەییان لێ بکات؟ تره‌مپ، هەموو پارتی دیموکراتی، به ڕق لێبوونەوە له ئیسرائیل هاوتا دەکات، کەچی هاوتایی لەنێوان پشتیوانیکردن له نەتنیاهۆ- که سەرۆکایەتی توندڕۆترین حکوومەت لە میژووی ئیسرائیل دەکات و، سێ تۆمەتی گەندەڵیشی ڕووبەڕوو کراوەتەوە، لەگەڵ پێشنۆرەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی دەکات.پاشان فاکتەرێکی دیکەش هەیە: لەمیانی گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودس و، گۆڕینی باڵیۆزخانە، بە سەرکردایەتی دێڤید فریدمان (هاوڕێی تره‌مپ)، بۆ بنکەیەکی ڕەپێشکەردنی بەرژەوەندییەکانی نشینگەکانی جولەکە، نەوەکو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. ئینجا هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ئیسرائیل، بۆ ئەوەی بەرەی ڕۆژئاواش بکاتە هی خۆی.جارێکی دیکە دەیڵێینەوە: ئەگەر نەتنیاهۆ هەر بە سەرۆک وەزیران بمێنێتەوە، کە پێویست بە پێکهێنانی بەرەیەک لە پارتە ڕاسترەوەکان دەکات، کە بیەوێت بەرەی ڕۆژئاو و دانیشتوانەکەی، 2.5ملیۆن فەلەستینی، بخاتە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل، ئیسرائیل لە ڕێگەیدا دەبێت، بۆ ئەوەی ببێتە، یان دەوڵەتێکی دوو نەتەوەیی عەرەب و جولەکە، یان دەوڵەتێک، کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی لە مافی دیموکراتیان لە دەنگدان بێبەش بکات. هەر یەک لەوانەش، نابێتە ئەو دیموکراتیەی جولەکیانەی، کە دامەزرێنەرانی ئیسرائیل خەونیان پێوە دەبینی. من ئیسرائیلی، فەلەستینی و عەرەبم خۆش دەوێت، داوا لە خوداش دەکەم، لە هەندێ دۆستی ئەمەریکیان بمپارێزێت. چونکە بەشێکی زۆریان، تەنیا دەیانەوێت ئەوکێشەیە بقۆزنەوە، بۆ ئەوەی خۆیان لە ڕووی سیاسییەوە ڕەپێش بکەن، یان سەرنجەکان بەلایان خۆیاندا ڕاکێشن، یان پارە کۆ بکەنەوە، یان ڕەوایەتی لە نەیارەکانیان دامالن. ڕاستە تره‌مپ لەوەیاندا تەنیا نییە، بەڵام ئێستا لە پێشەوەی هەموویانەوە دێت.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.alittihad.com

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1918:
لە جەنگی یەکەمی جیهاندا بولگاریا خۆی ڕادەستی هێزەکانی هاوپەیمانان کرد .



سالی 1960:
نیکیتا خرۆشۆڤی سەرۆکی ئەوکاتەی سۆڤیەت لە کۆبوونەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان تورە بوو و چەند جارێک مشتی بە میزەکەی بەردەمیدا کێشا .



سالی 1962:
دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ، ئەحمەد بن بلە بووە سەرۆکی یەکەم حکومەت لە جەزائیر .



سالی 1988:
خەڵاتی نۆبل بۆ ئاشتی بە هێزەکانی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەخشرا .



سالی 2015:
هێزەکانی تالیبان دەستیان بەسەر شاری قندوز دا گرت لە باکووری ئەفغانستان .



سالی 2018:
بومبەلەرزەیەک بە گورِی 7.5پلە لە دوورگەی سولاوسی ئەندۆنیسیا ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی 830کەس .

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/9/29 ژمارە (5837)

رۆدریگۆ لۆندۆنۆ ،سەرۆکی پارتی هێزە شۆڕشگێڕە جێگرەوەکان بۆ کۆمەڵگە لە کۆلۆمبیا:

بەردەوامین لە هەنگاونان بەرەو ئاشتی، وێڕای کوشتنی ئەندامانمان





سەرکردەی پێشووی بزووتنەوەی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (FARC)و سەرۆکی ئێستای پارتی هێزە شۆڕشگێڕە جێگرەوەکان بۆ کۆمەڵگا، رۆدریگۆ لۆندۆنۆ رایگەیاند کە بەردەوامن لە هەنگاونان بەرەو ئاشتی وێڕای کوشتنی بەردەوامی ئەندامەکانیان.رۆدریگۆ لۆندۆنۆ لە دیمانەیەکدا هەڵسەنگاندنی بۆ بڕیاری ژمارەیەک لە فەرماندەکانی پێشووی بزووتنەوەی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (FARC) کرد کە داوایانکردووە دەست بکرێتەوە بە خەباتی چەکداری دژبە حکوومەت.رۆدریگۆ لۆندۆنۆ ڕوونیکردەوە ژمارەیەک لە فەرماندەکانی پێشووی (FARC)لەنێویاندا ئیڤان مارکیز کە بڕیارنداوە بە دەستپێکردنەوە بە خەباتی چەکداری دژبە حکوومەت، هەوڵیانداوە هەڵەکانیان پەردەپۆش بکەن ئەویش لە ڕێگەی ڕاگەیەندراوێکەوە کە بەم دواییانە بڵاویانکردبوویەوە.سەرکردەی پێشووی بزووتنەوەی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا، رۆدریگۆ لۆندۆنۆ گوتیشی: "ئەو کەسانەی هیچ پرۆژەیەکیان نییە ئەو جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن کە کاریگەری نابێت لەسەر کارەکانمان، 95لەسەدای ئەو کەسانەیشی واژوویان لەسەر ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی کۆلۆمبیادا کردووە ئێستا لەناو پارتی هێزە شۆڕشگێڕە جێگرەوەکان بۆ کۆمەڵگە دان، هەروەها بۆ کۆلۆمبیا و جیهان، سەلماندوومانە کە پابەندین بە بەڵێنەکانمان". رۆدریگۆ لۆندۆنۆ لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایە ئەو کەسانەی بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریان داوە، مەترسی ڕاستەقینە بۆسەر پرۆسەی ئاشتی دروست دەکەن گوتی: "زۆربەی ئەو کەسانەی بڕیارنداوە خەباتی چەکداری دەست پێ بکەنەوە دەناسم و پێکەوە خەباتمان کردووە، زۆر خەمبارم کە ئەو بڕیارەیان داوە، بە تایبەتیش ئیڤان مارکیز کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی کۆلۆمبیادا، بەڵام بڕیاری ئەو فەرماندانە زیانی زۆری بە هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئاشتی گەیاندووە کە ئەوەیش جێگەی داخە". سەرۆکی پارتی هێزە شۆڕشگێڕە جێگرەوەکان بۆ کۆمەڵگە سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەکداری گوتی: "دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەکداری قورسە، چونکە پێکهێنان و ڕێکخستنی یەکە چەکدارییەکان کارێکی ئاسان نییە".رۆدریگۆ لۆندۆنۆ سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کۆلۆمبیا لە لایەن فارک-ەوە گوتی: "نەک هەر فارک بەڵکو سەرجەم پارتەکان لەگەڵ حکومەتی کۆلۆمبیا، تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریدا نین".سەرکردەی پێشووی بزووتنەوەی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (FARC) و سەرۆکی ئێستای پارتی هێزە شۆڕشگێڕە جێگرەوەکان بۆ کۆمەڵگە، ڕۆدریگۆ لۆندۆنۆ ڕوونیکردەوە کە ئەو بڕیارەی کە دەکوژرێن، بەڵکو چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و ڕاستڕەوی تۆندئاژۆ لە کۆمەڵگە، ڕۆدریگۆ لۆندۆنۆ سەبارەت بە کوژرانی ژمارەیەک فەرماندەی فارک دوای ڕێککەوتنی ئاشتی گوتی: "ئەوە ڕاستە، دوای ڕێککەوتنی ئاشتی ژمارەیەک ئەندامی پێشووی فارک دوای دانانی چەکەکانیان کوژراون و بۆ چەند جارێکیش ئەوەم گوتووە و ئێستاش دەیڵێمەوە کە بەردەوامین لە هەنگاونان بەرەو ئاشتی، وێڕای کوشتنی ئەندامەکانمان، چونکە ئەوە هەر ئەندامانی فارک نییە دەکوژرێن، بەڵکو چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و داکۆکیکاران لە سروشتیش دەکوژرێن و پێویستە چارەسەرێک بۆ ئەو پرسە بدۆزینەوە".ئەو گوتیشی: "بێ گومان حاڵەتەکانی کوشتن کاریگەری و ڕۆڵیان هەیە لە بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، دەرکمان بەوە کردووە کاتێک ڕێککەوتنی ئاشتیمان واژوو کرد، ڕێککەوتنی ئاشتی بەڵای ئێمەوە تەنها بریتییە لە ئەنجامێک، بەڵکو سەرەتای قۆناغێکی ئاڵۆزە، چونکە درکمان بەوە کردبوو کە ڕاستڕەوی تۆندئاژۆ لە کۆلۆمبیا بێ دەنگ نابێت و هەوڵی کوشتنمان دەدات".سەرکردەی پێشووی بزووتنەوەی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (FARC) و سەرۆکی ئێستای پارتی هێزە شۆڕشگێڕە جێگرەوەکان بۆ کۆمەڵگە، ڕۆدریگۆ لۆندۆنۆ جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە داکۆکیکاران لە ڕێککەوتنی ئاشتی لە کۆلۆمبیا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بوونداں لە هەمان کاتدا حکوومەتی تۆمەتبارکرد کە دوای ڕێککەوتنی ئاشتی، ڕێگرە لەوەی پێشڤەچوون لە پرۆسەی ئاشتی لە ولاتەکەیدا بەدی بێت و گوتی: "پرۆسەی ئاشتی تەنها بۆ فارک نییە، بەڵکو میراتی گەلی کۆلۆمبیایە و لەگەڵ ئەوەی داکۆکیکاران لە ڕێککەوتنی ئاشتی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بوونداں، دەتوانین سەرجەم کێشەکان چارەسەر بکەین".ڕۆدریگۆ لۆندۆنۆ جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە پارتەکەی کار دەکات بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان ولاتەکەی و ڤێنیزوێلا، دوای ئەوەی حکومەتی کۆلۆمبیا، ڤێنیزوێلا-ی بەهۆ تۆمەتبار کرد کە پاڵپشتی دەکات لە سەرکردەکانی پێشووی فارک و گوتی: "دڵنیام کە حکومەتی ڤێنیزوێلا پاڵپشتی نەکردووە لە فەرماندەکانی پێشووی فارک کە بڕیاریانداوە بە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، بەڵام هەندێک لایەن کە سوودمەندن لە ڕەوشەکە لە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی نابەرپرسانە، ئەو تۆمەتەیان ناراستەی ڤێنیزوێلا کردووە کە بەردەوام پاڵپشتیکردووە لە پرۆسەی ئاشتی لە کۆلۆمبیا".سەرکردەی پێشووی بزووتنەوەی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (FARC)و سەرۆکی ئێستای پارتی هێزە شۆڕشگێڕە جێگرەوەکان بۆ کۆمەڵگە، ڕۆدریگۆ لۆندۆنۆ لە کۆتاییدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەری هەیە ناوی پارتەکەی بگۆڕێت، دوای ئەوەی ژمارەیەک فەرماندەی پێشووی بزووتنەوەی فارک بڕیاریاندا بە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کۆلۆمبیا.بەم دواییانە لۆسیانۆ مارین ناسراو بە ئیڤان مارکیز کە یەکێک لە فەرماندەکانی پێشووی بزووتنەوەی فارک، دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دژبە حکومەتی کۆلۆمبیا ڕاگەیاندبوو.

فارک: حکوومەتی کۆلۆمبیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریدا نین

لە 24ی تشرینی دووەمی 2016دا، شاندی دانوستانکاری فارک و حکومەتی کۆلۆمبیا ڕێککەوتنێکی ئاشتییان واژوو کردبوو، بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوانیان کە لە 1950وە لەگیرسابوو.بەپێی ڕێککەوتنەکە لە 27ی حوەزیرانی 2017دا، چەکدارانی فارک چەکەکانیان ڕادەستی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.وێڕای ڕێککەوتنەکە، بەڵام هێشتا لە ژمارەیەک ناوچەی کۆلۆمبیا شەڕ و پێکدادان بەردەوامە کە لە میانداا چەکدارانی بزووتنەوەی فارک هەوڵ دەدەن ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەنەوە کە چەکدارەکانی پێشووی بزووتنەوەکەیان دوای دانانی چەکەکانیان چۆڵیانکردووە.

مانشێت



سکای نیوز:
بەرپرسێکی باڵای ڕووسی ڕایگەیاند کە ولاتەکەی سەبارەت بە فڕۆشتنی فڕۆکەی شەڕکەری جۆری سوخۆی 35لەگەڵ ئەنقەرە لە گفتوگۆدایە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوێنێ هاوکات لەگەڵ گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندی ئەمنیدا ، لە ئەفغانستان پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەستی پێکرد .



ئیلاف:
ڕاگەیاندنەکانی چەند ڕۆژ لەمەوبەری جۆنسۆن کە تیایدا هێرشی تۆندی کردە سەر پەرلەمانتارانی باڵی ئۆپۆزسیۆن ، دوور نیە ببێتە مایەی پەردەسەندنی ناکۆکی سیاسی لە بەریتانیا .



ئەی ئێف پی:
سەرۆکوەزیرانی پاکستان ڕایگەیاند کە هیند بەنیازە گۆمێکی گەورەی خۆین لە کشمیر بخولقێنێ .



فرانس 24:
وەزیری دەرەوەی چین لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند باروودۆخی ناسەقامگیری ئێستای جیهان دوور نیە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی تەنگژەیەکی ئابووری سەرتاسەری .



کەنالی ئەڵعەرەبیە:
لە دەریای ئیجە و لە نزیک کەناراوەکانی یۆنان بەلەمێکی پەنابەران ژێرئاو کەوت و لانی کەم 7کەس گیانیان لەدەست دا .

وێنەی کۆمێنت



کۆریای باکوور دەسەڵاتی زیاتر بە (کیم) دەدات!

ئاژانسی ئەی ئێف پی ڕایگەیاند کە کۆریای باکوور دوای هەمواڕکردنەوەی دەستووری وڵات ،پلەی کیم یۆنگ ئونی سەرۆکی بەرزتر کرد ، بەرادەیەک ئێستا ئەو لە پایەیەکی نزیک پایەی کیم ئیل سونگی باپیریەتی کە دامەزرێنەری وڵات بوو. لەو بارەوە ڕۆژی 29ی ئاب ئەنجوومەنی باڵای گەل ڕەزامەندی سەبارەت بە ژمارەیەک گۆڕانکاری لە دەستووری وڵات دەربڕی.


70ساڵە لەگەڵ پاسکیلدا ژیان دەکات



سلێمان عەبدوڵڵا سالح ناسراو بە سلێمانی عەبەکە هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری سلێمانییە و ماوەی زیاترە لە 70ساڵە کاری ئەو پاسکیل چێتییە و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر کرییار سەردانی دەکەن بۆ کرێنی پاسکیل.پاسکیل حەز و خولیای منداڵی بووە و زۆربەی ژیانی ئەم پیاوە لەگەڵ پاسکیلدا بووە، ئەو لەو بارەیەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: "لە تەمەنی چوار ساڵییەوە لەگەڵ براکەم دەستم بە کاری فرۆشتنی پاسکیل کردووە، سەرەتا لە ساڵی 1953دوکانێکمان دانا و بوین بە بریکاری کۆمپانیای ڕۆیجی بەریتانی و بە کەناڵی سوێسدا پاسکیلمان لە بەریتانیاوە دەهێنایە عێراق و شاری سلێمانی و لە ڕێگەی بانکی رافیدەینیشەوە پارەکەمان ڕادەستی کۆمپانیاکە دەکرد". ئەو گوتی: "پاسکیل لە منداڵییەوە حەزو خولیای تایبەتی خۆم بووە و دوای تەواوکردنی پۆلی سێ لە قوتابخانەدا دەستم لە خوێندن هەڵگرت و خۆم بۆ ئیشەکەم یەکلاییکردەوە، ئێستاش منداڵەکانم هەمان کار دەکەن و سەرقاڵی کاری پاسکیلچێتین".سلێمانی عەبەکە لەبارەی بازاڕی کڕین و فرۆشتنی پاسکیل لە سلێمانی قسەی کرد و گوتی: "ئێستا پاسکیل لە چینەوە دەهێنین، وەرزی پاسکیل زیاتر لە وەرزی هاوین و پشووی هاوینەی قوتابخانەدایە تا ئەو کاتەی پشوو کۆتایی دێت، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر خەڵک سەردانمان دەکەن و پاسکیل دەکڕن بە تایبەت پاسکیلی منداڵان، بەپێچەوانەی جارانیشەوە کە عەیبە بوو، ئێستا پاسکیلی ئافرەتانیش کڕیاری هەیە و وەک کوڕان ئەوانیش پاسکیل دەکڕن".ئەم پاسکیلچییە بە ئەزموونەی شاری سلێمانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بە هۆی ئەوەی شاری سلێمانی ناوچەیەکی شاخاوییە و بەرزی و نزمی زۆری تێدایە، بەراورد بە شارەکانی هەولێر و کەرکووک کە زیاتر ڕووتەختن، هاووڵاتییان لەم شارە کەمتر پاسکیل بەکار دەهێنن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا.

باس لە نەهامەتی و کێشەکانی بەردەم تاکی کورد دەکات لەڕێی هەندەران

کەوتن لە بەهەشتی ئەورووپا چاپ کرا



لەم ڕۆژانەدا کتێبی "کەوتن لە بەهەشتی ئەورووپا" کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ڕۆژنامەوانییە لەگەل پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ئەورووپا ئەنجام دراوە کە دووچاری کێشە و گرفت و ئاریشەی جۆر بە جۆر بونەتەوە، بە چاپ گەیاندرا.ئەم کتێبە لە لایەن هاوکاری پێشوومان، ڕۆژنامەنووس فریاد محەمەد کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە ئامادە کراوە، دەزگەی ڕۆژنامەوانی وشە ئەرکی بە چاپ گەیاندنی لە ئەستۆ گرتووە.لەم بارەیەوە نووسەری کتێبەکە فریاد محەمەد لە لێدوانێک دابەخەباتی وتی، ئەم کتێبە بەرگی یەکەمە و لە 128لاپەرە پێکهاتووە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ڕۆژنامەوانییە لەگەل پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ئەورووپا ئەنجام دراوە کە دووچاری کێشە و گرفت و ئاریشەی جۆر بە جۆر بونەتەوە، بە چاپ گەیاندرا.ئەم کتێبە لە لایەن هاوکاری پێشوومان، ڕۆژنامەنووس فریاد محەمەد کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە ئامادە کراوە، دەزگەی ڕۆژنامەوانی وشە ئەرکی بە چاپ گەیاندنی لە ئەستۆ گرتووە.لەم بارەیەوە نووسەری کتێبەکە فریاد محەمەد لە لێدوانێک دابەخەباتی وتی، ئەم کتێبە بەرگی یەکەمە و لە 128لاپەرە پێکهاتووە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ڕۆژنامەوانییە لەگەل پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ئەورووپا ئەنجام دراوە کە دووچاری کێشە و گرفت و ئاریشەی جۆر بە جۆر بونەتەوە، بە چاپ گەیاندرا.ئەم کتێبە لە لایەن هاوکاری پێشوومان، ڕۆژنامەنووس فریاد محەمەد کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە ئامادە کراوە، دەزگەی ڕۆژنامەوانی وشە ئەرکی بە چاپ گەیاندنی لە ئەستۆ گرتووە.لەم بارەیەوە نووسەری کتێبەکە فریاد محەمەد لە لێدوانێک دابەخەباتی وتی، ئەم کتێبە بەرگی یەکەمە و لە 128لاپەرە پێکهاتووە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ڕۆژنامەوانییە لەگەل پەنابەرانی

کورد لە وڵاتانی ئەورووپا، ئەوانەی لە ڕێگەی چوون بۆ ئەورووپا، یانیش لە کاتی مانەوە لەو وڵاتانە ڕووبەڕووی کێشە و ئاریش و شکست هاتوون, بەشێکیان کەس و کاریان لە دەستداوە, لە دەمی خۆیانەوە چیرۆکەکانیان دەگێڕدرێنەوە و دیمانەیان لەگەل ئەنجام دراوە.لە بارەی گرنگی نووسینی ئەو کتێبەش بۆ خوێنەر، نووسەر وتی: گرنگی ئەم بەرهەمە لەوە دایە بۆ تێگەیشتن لە خەونی گەیشتن بە ئەورووپا کاتێک تاکی کورد بڕیار دەدات بۆ هەتایە نیشتمان بە جێبهێڵێ و کۆچی یەکجارەکی بەرەو غوربەت بکات، بێ ئەوەی لە ساتی کۆچ لە سەلامەتی گیانی خۆی و مالباتەکەی دڵنیا بێت، هەروەها نەکەونە ناو داوی درۆی و فێڵی قاچاخچی، هەروەها بێ ئەوەی لە ئایندەی ژیانی خۆی و منداڵەکانیشی دڵنیا بێت، کۆچ دەکات. بۆیە لە ڕێگەی گەیشتن و هەندێکجار لە ساتی مانەوە و ژیان لە یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپا دووچاری دەیان کێشە و گرفت دەبن بە جۆرێک چیرۆکی هەر یەکێک لەو پەنابەرانە خۆی لە خۆی دا تراژیدیایەکە.ئامارۆشی پێ دا، بۆیە تاکی کورد لەو مەترسیانە لە کاتی کۆچ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەر لە کۆچ کردن گرنگە پێی بزانن، هەموو ئەو مەترسیانە لە زاری ئەوانە دەگێڕدرێنەوە کە لە ڕێگەی خەونی گەیشتن بە بەهەشتی ئەورووپا ڕووبەڕوویان بونەتەوە.



وەفا کیلانی و تیم حەسەن
بە نهێنی هاوسەرگیریان ئەنجامدابوو

وەفا کیلانی پێشکەشکاری ناوداری دیارترین کەناڵە عەرەبییەکان، هەر لەسەرەتاوە بەوە ناسراو بوو کە پرسیارەکانی دانسقەو پر لە جورئەتن و زۆربەی ئەوانەی دیداریان لەگەل ساز دەدات، لە پرسیارەکانی واقیان دەورمێ، لە دواین لێدوانی هاوسەری پێشووی بۆ میدیاکان ئەوە ئاشکرا بووە، کە وەفا کیلانی پێشکەشکاری ناوداری میسری بەر لە ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری لەگەل هونەرمەندی سوری بەناوبانگ تیم حەسەن ، بەر لە ساڵێک ئەو هاوسەرگیریە بە نهێنی ئەنجام درابوو، بەڵام ئەوان ئاشکرایان نەکردبوو، ئەمەش دەنگۆی زۆری نارەزایەتی هەوادارانی تیم حەسەنی لێکەوتۆتەوە.

هۆڵەندا... ئاستەنگەکانی بەردەم میدیایی کوردی لە سیمینارێکی ڕێکخراوی چەپک باسی لێوەکرا



توانا زرار

ڕێکخراوی چەپک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی، لە شاری ئارنهێمی وڵاتی هۆڵندا سیمینارێکی لە ژێر ناونیشانی (ئاستەنگەکانی بەردەم میدیای کوردی) بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنوس دلێر عەبدولخالق بەڕێوەبرد.

لەسەرەتادا، شاخەوان ئەکرەم دوکانی، سەرۆکی ڕێکخراوی چەپک ئامانجی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەی بۆ ئامادەبووان ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند: بۆ ڕەوندی کوردی لە ئەورووپا و هۆڵندا چالاکی سیاسیی و کۆڕ و کۆبونەوە و سیمیناڕەکان فاکتەری پێکەوەیی و بەیەکگەیشتنی کوردانی دانیشتوی ئەورووپا هاوکاتیش بانگهێشتکردنی ڕۆژنامەنوسان و چالاکانی هەرێمی کوردستان دەبێتە سەکۆی ئاگاداربوون لە ڕەوشی سیاسیی و ڕۆژنامەوانی هەرێم و دانەبڕانی کوردانی تاراوگە لە واقعی ژیانی کوردستان.

دواتر و دوای بەخێرهاتنی نوسەر و ڕۆژنامەنوس دلێر عەبدولخالق بۆ ئەورووپا، ناوبراو سیمینارێکی چڕو پڕی لەسەر ڕەوشی میدیایی کوردی و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەنوسان و کاریگەری واقعی سیاسیی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر میدیا پێشکەش کرد.دلێر عەبدولخالق ئاستەنگەکانی بەردەم میدیای کوردی بۆ لەمپەڕە سیاسیی و یاسایی و پیشەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دابەشکرد و لەسەر هەر ئاستەنگێک بە ژمارە و داتا و کەیس بەرچاو ڕوونی بۆ ئامادەبووانی سیمیناڕەکە خستەڕوو. هاوکاتیش تیشکی خستەسەر ئاڵنگاریەکانی ڕۆژنامەوانی کوردی و بوونی میدیای سێبەر و ئەو کەناڵەنەی هی کەس و شەخسن و سەرگەرمی بە شەخسەنەکردنی پەیامی میدیایین وەک مەترسی جدی ئەم قۆناغەی هێنایە زمان.ناوبراو باسی لەو پێشێلکارییانەش کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا بەرامبەر ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستات کراون و بەشێک لەو کەیسە قانونیانەشی ڕوونکردەوە کە تێیدا مافی ڕۆژنامەنوسان بەرامبەر سیاسیەکان و دەسەڵاتداران پێشێلکراوە. ڕەخنە لەوەشگیرا یاساکانی ڕۆژنامەنوسی جێبەجی ناکرێن و زۆرجار ڕۆژنامەنوسان بە گوێرەی یاسای سزادانی عێراق ژمارە١١١ی ساڵی ١٩٦٩ سزا دەدرێن.

دواتریش ئامادەبووان بەشداریەکی کارایان لەو پرسەدا کرد و چەندین پرسیار و سەرنج و تێبینیان پێشکەش بە سیمیناڕەکە کرد. کە زۆرینەیان ئامانجیان بە ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ئازادی ڕۆژنامەوانی و دەستبەرکردنی مافی زانین بۆ هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنوسانی هەرێم دەکرد. لە کۆتایدا، چەپکەگوڵی ڕێزلێنان و میدالی ڕێزلێنانی ڕۆژنامەنوسی لەلایەن ڕێکخراوی چەپکەوە پێشکەش بە دلێر عەبدولخالق کرا.

خیڤەتا شین ل شفشاون!

عەبدولەحی مفتاح/ مەغرب

د دیاریەکا ئەدەبی دا وەکو ئاهەنگەکا زەنگین، وێژەڤانەکێ کورد، دلێ خەلکێ باژارێ شفشاون بۆ خوە بر و شیا هەیڤەکا هنگڤی د ناڤبەرا کوردستانێ و ڤی باژارای دا پەیدا بکەت، پشتی کوژ خیڤەتا خوە یا شیین ل سەر ئەردێ چادرگەها ئەزیلان دا دهێتە دەر، ئەڤ گەرۆکڤانێ کورد بەدەل ڕەڤۆ یێ ڕژدە کو ل هەمان خیڤەتا خوە ل وی ئەردی دادەت یێ کو بۆ جارا ئێکی لێ دادایی، شفشاون، خیڤەتەکە ژ دو نهۆمان پێکدهێت، من ئەو ڕۆناکبیر دیت و وەسا یێ پێ شاهی یە هەروەکو ئۆتێلەکا پێنج ستێر، خیڤەتا شین یا متوازع ل بن ئەسمانەکێ شین و ستێر و هەیڤێ ?د ناڤ داروباران دا کو خوە نەچەمینین بتنێ ژ پێرۆڤە و ب سیبەرێن وان یێن خوش، بەدەل ب ڕەخڤە ڕادوەستیت ب ڕێدینا خوە یا سپی کو هەمی بووینە حیکمەت و هەداری، چەندی خەلکێ وی باژێری چاڤەرێ مژارێن وی یێن خۆشن و شەڤبێرێین ئەلهۆێ چیایان یێن پر ژ حیکمەتێ و زانینێ و تشتێن حێبەتی و جاران د کۆمێدی ب مەرەما بلندکرنا ئالایێ مرۆڤاتیێ.

رامانێن گەشتان تەمام نابەن گەر ب خیڤەتا دروستی نەبیت، خوە هەکە کاروانێ گەشتێ هاتبیتە گوهارتن ژی و هەلبەت ئەڤە نینە ژی، هەما مەجازی یە، چونکو بەدەلێ گەشتیار نەهاتیە وەکو سووارێ هێسترێ یان ل سەر پشتا حێشترەکێ ?بەلێ ئەز وەسا هزردکەم، ئەو کەسێ ل خیڤەتێ ئاشق دبیت، باوەرنەکە دەنگوباسێن کاروانان و ریسکێن گەشتیارێن پێشین د ناڤ خینا وی دا بچیت، خوە هەکە ل فرۆکەکێ یان شەمەندەفەرەکێ سووار ببیت یان ئوتۆبیسەکێ وەکو نەچاری ژ بەر سەردەمێ نووبوونێ ..بەدەل یێ کەیفخۆشە ب دۆستێن خوە هەروەک لێبۆرینێ ژێ دکەت کو وی پێ باشە ب پیادە سەردانا وەلاتان بکەت، چونکو ڕێ بۆ وی پشکەکە ژ گەشتێ ?چو د پرپن ب خەلکی یان ب لقینێن وان ئاکنجیبوونێن وان یان دهەژار بن و سروشت جوانیەکێ بدەتە سحرا وێ یا ڤەمایی.

د ناڤ خیڤەتێ دا بەدەل چیرۆکێن خوە و سەرهاتی و خەونێن خوە دچنیت، خوە ژ وەستیانا ڕۆژ و سالان ئارام دکەت، بیرهاتن وی دبەنە وان ئەردێن پیێن خوە لێ دانایں ل سەرانسەری جیهانێ ل ڕۆژهەلات و ڕۆژئاڤا، باکۆر و باشۆر، ب وێ خیڤەتا سروشتی هەمیێز دکەت، و سروشت ژی وی هەمیێز دکەت ب بایێ خوە یێ فێنک و قەبینێ ?ب دەنگێ هڕوبایێ وێ ..وان دتشقلیت یێن د گەشتکرنێ و خیڤەتڤەدانێ دا داهێنایین، ئێدی چیرۆکێن وان یێن پڕی مرۆڤایەتی و سەربۆرێن ژیانا کەسک زەنگین دبن.

بەدەلێ ڕەڤۆی ب ڕوخ خیڤەتا خوە ڤە، پێشوازیا پاریزگاریێ باژاریێ شفشاون کر، محەمەد ئەلسفیانی، کو بەری دەمی ئەو د دیدارەکا ئەدەبی دا خەلاتکر بوو ب ئالایێ هەڤوەلاتیبوونا شاناز، ل وی جهی چەندین مژار هاتنە لێکگوهارتن د جڤینەکا سڤک دا، سڤکیا مەزنان، و مژارێن وان د پڕامان بوون.

ب ڕوخ خیڤەتێ ڤە گەرۆکڤان هەڤالێن خوە یێن دلسۆز دبینیت ژ هەمی تەخێن جڤاکی، هەروەکو ئەو ناسناما خوە ئاشکرا دکەت یا کو دبێژیت: هەمی دلێن خەلکی ناسناما منن، لەوا بلا پاسپۆرتا من ژکاربێخن.ئەڤ دیدارا وێژەیی ب ئاهەنگا هێژا بەدەل ڕەڤۆی پشکا ئێکێ ژ پرتووکا خوە " العالم بعیون کردیه " ولژوکر، پرتووکەکە د وێژەیێ گەشتیاری دا، 16 گەشتان د ناڤ خوە دا هەمبێز دکەت د قالبەکێ خۆش و ب چیژ دا، پێشکەکیا وێ عبدالإله الصائغ نڤیسیە، هەوەرسا پرتووکا " أطفال الهند علمونی " هەلبەست و باوەرنامە ژ وێژەیێ کوردی ل مشەختبوونێ کو هەلبەست و باوەرنامێن وی بخوەڤە دگریت یێن نڤیسەران و کەساتیێن عەرەبی ل دۆر سەربۆرا وی وەکو هەلبەستڤان و گەرۆکڤان و داهێنەر د وێژەیێ گەشتا هەڤچەرخ دا، پرتووک ژی پێشکیا وێ هەلبەستڤان و ڕەخنەگرێ مەغربی حەسنە ئەلعابدی نڤیسایە. نها ژی ئەزێ هزر دکەم کو خیڤەتا شین یا دلەیزیت ب گەرم و ستران ل ژێر ڕۆناهیا هەیڤێ و بەر ب ژڤانێن وێژەیی و ڕەوشەنبیری یێن دیتر کو بەدەل ڕەڤۆ ب دۆستێن خوە و جەماوەرێ خوە چاڤبکەڤیت، کا چاوا هزرکەم وەکو بەرکێ فرینێ یە بەدەل دفرینت بەر ب جهێ ئەو بۆ دبەت، بۆ جیهانێن ئازادیێ و جوانیێ و مرۆڤی.

وەرگێران: شانیار

دی لیخت:
شانازی بە خۆمەوە دەکەم



ماتیاس دی لیخت، بەرگریکاری هۆڵەندی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی، دڵخۆشی خۆی بە هاتنی ناوی لە پێکهاتەی نمونەیی فیفا بۆ ساڵی 2019دەربڕی، کە هەفتەی ڕابردوو لە شاری میلانۆ، لە ئاهەنگی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) ڕاگەیاندرا. دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە دی لیخت، لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی (تۆتۆ سپۆرت) دا و وتی:" چەندین گۆڕانکاریم بەسەردا هاتووە، بەڵام شتەکان بە باشی گوزەر دەکەن، من بەڕاستی دڵخۆشم". هەروەها وتی:"وا خۆم فێری زمانی ئیتاڵی دەکەم، من دڵخۆشم بەوەی لێرەم، شتێکی خۆشە بە دەنگدانی یاریزانانی دیکە، ئەو خەڵاتە وەردەگرم، ئەوەش ڕێزلێنانێکی گەورەیە بۆ من". ئەمەو دی لیخت، ناوی لە پێکهاتەی نمونەی فیفا هات، کە بەم شێوەی لای خوارەوە بوو: ئەلیسۆن بیکەر، سێرجیۆ ڕامۆس، ماتیاس دی لیخت، ڤیرجیل ڤان دایک، مارسیلۆ، لۆکا مۆدریچ، فرانکی دی یۆنگ، ئیدین هازارد، کلیان ئمباپێ، لیونێل میسی، کریستیانۆ ڕۆنالدۆ. شیاوی باسکردنە، دی لیخت، لە وەزری گواستنەوەی هاوینەی ڕابردوودا، بەبڕی 85 ملیۆن یۆرۆ، لە یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندییەوە ڕووی کردە ریزەکانی خانمە پیرەکەی ئیتاڵیا.

ڕەمزی میرەکانی

هەولێر
15ـەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی ڕاپیدی خانزاد بەڕێوەچوو





هاوار مورتکەیی

بەئامادەبوونی زیاد ڕەئووف نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، 15هەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی ڕاپیدی نێودەوڵەتی خانزاد لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

بەر لەدەستپێکردنی پاڵەوانێتییەکەش دیدارێک لەنێوان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا و د. فەرهەنگ ڕەشکینی بەڕێوەبەری پەیمانگای کاپابلانکا و د. دلزار حەمەساڵح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد بەڕێوەچوو، کە تیایدا باس لەهەنگاوەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی خویندنی وانەی شەترەنج لە قوتابخانەکان کرا کە هەنگاوی باشی بڕیوە و بۆ ئەم مەبەستەش کتێبێک بۆ خوێندنی ئەو وانەیە بەچاپ گەیەندراوە، دواتر بەڕێز زیاد ڕەئووف نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەم سەرۆکی یانەی خانزاد بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا پاڵەوانێتییەکی هاوبەشیان (یانەی خانزاد و یەکێتی شەترەنجی پۆڵەندا) لە پۆڵەندا بۆ ڕێک بخات و ببێتە دەستپێکێک بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە پاڵەوانێتییانە.

لەدەستپێکی کردنەوەی ئەم پاڵەوانێتییەدا کە 84شەترەنجزانی کوڕ و کچ لە شارەکانی کوردستان و عێراق و ئێران و سوریا بەشداربیان کردبوو، د. دلزار حەمەساڵح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای بەخێرهاتنی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە پێویستە دەستخۆشی لە بەڕێز زیاد ڕەئووف بکەین کە بەردەوام پاڵپشت و هاوکار بووە لە خستنە ڕووی ئاسانکاری لە بەشداریکردنی شەترەنجزانانی کورد لە وڵاتی پۆڵۆنیا و ئەمەش هۆکارێکی باش بووە بۆ ئەوەی ئێمە وەکو یانەی خانزاد بتوانین پەیوەندییەکی باش لەگەڵ شەترەنجزانانی پۆڵۆنیا ببەستین.

هەروەها سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد دواتر نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکی پاڵەوانێتییەکەی بەجولاندنی داشێکی میزی یەکەمی ڕاگەیاند و دەست بە پاڵەوانێتییەکە کرا کە ماوەی 3ڕۆژی خایاند و ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەش بەمشێوەیەی خوارەوەبوو:

*** کوڕان پێشکەوتووان:**
ئاریان عوسمان پلەی یەکەم
ئەحمەد جەزا پلەی دووەم
چیا مودیر پلەی سێیەم

*** کچان پێشکەوتووان:**
هانا هاوار پلەی یەکەم
کازیوە سەلاح پلەی دووەم
لانە هاوار پلەی سێیەم

*** کوڕان خوار 14ساڵ:**
پۆلا ئازاد پلەی یەکەم
یەشار دیدار پلەی دووەم
لاوین خەبات پلەی سێیەم

*** کچان خوار 14ساڵ:**
نگار سەردار پلەی یەکەم
ڕۆز سەمیر پلەی دووەم
ڕۆزیا فەخرەدین پلەی سێیەم

*** لاوانی کچان:**
یار بەیاد پلەی یەکەم
شارێژ دلشاد پلەی دووەم
دیدەن دلشاد پلەی سێیەم

*** لاوانی کوڕان:**
عەلی فەرهاد پلەی یەکەم
حوسێن وەحدانی پلەی دووەم
ئیبراهیم عەدنان پلەی سێیەم

ڕەنگە پۆگبا نەتوانێت بەشداری لە یارییەکەی ئەرسنال بکات



سبەی دووشەمە لە یەکێک لەیارییە بەهێزەکانی ئەم وەرزە و بەتایبەتیش لە گەڕی حەوتەمی خولی ئینگلیزی، هەردوو یانەی ئەرسنال و مانچستەر یونایتد ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. ئەم یارییە کەلەسەر یاریگای ئۆلد ترافۆردی تایبەت بە مان یونایتد بەڕێوەدەچێت، ئەگەری زۆر هەیە کە پۆگبای فەرەنسی نەتوانێت بەشداری لەو یارییەدا بکات، هەروەک سۆلسکایەری ڕاهێنەری مان یونایتد لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ()ی بەریتانی ئاماژەی بۆ کرد کە ئەگەرچی پۆگبا بۆ ماوەی 90 خولەک بەشداریی یارییەکەی حامی پیشەگەرانی کرد، بەڵام بەدرێژای ئەو یارییە ئازاری هەبوو، بەڵام تا سبەیش چاوەڕوانی دەکەین کە دڵنیا بین لەوەی تا چەند پۆگبا بۆ ئەو یارییە گرنگەمان ئامادە دەبێت.

یارییەکانی ئەمڕۆ لە خولەکانی ئەوروپادا



*** خولی ئینگلیزی:**
لیستەر سیتی- نیوکاسل 6:30

*** خولی ئیسپانیا:**
ئیسپانیۆل- بەلەدولید 1:30
ئیبار- سیلتا فیگۆ 3:00

ئالاڤێس- ڕیال مایۆرکا 5:00
لیڤانتی- ئۆساسۆنا 7:30
سیڤیا- ڕیال سۆسیداد 10:00

*** خولی ئیتاڵیا:**
ناپۆلی- بریشیا 1:30
لازیۆ- جەنەوا 4:00
لیتچی- ڕۆما 4:00
ئۆدینیزی- بۆلۆنیا 5:00
میلان- ڤیۆرنتینا 9:45

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 29. Sep. 2019 No: (5837)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

بەخێرهاتنەوە



دوێنێ سیاسەتمەندارى ناسراو ڕێزدار موحسین دزەیی دواى وەرگرتنى چارەسەرى پزیشکى لە دەرەوەى وڵات گەڕایەوە، لە ئێستادا سوپاس بۆ خوا تەندروستى بەرەو باشى دەچێت.
بەناوى سەرنووسەرو کارمەندانى خەبات، بەگەرمى بەخێرهاتنەوەى دەکەین و هیواى لەشساغى و تەمەن درێژى بۆ دەخوازین.



لە فیستیڤاڵى بەرهەمى ترێ لەدهۆکەوە

ڕێبین جەمال و دەرباز شێرزاد..
گۆرانیەک بەدوێت لەپێناو ئاشتى و پێکەوە ژیان دەڵێن



خەبات: هەمزە سەرحان

هەردوو هونەرمەندى موزیکژن ڕێبین جەمال وەدەرباز شێرزاد لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەى خەبات ئاماژەیان بەوە دا بەرهەمێکى نوێیان بە شێوەى دوێت تۆمار کردووە، بەناوى (ئاشتەوایى و پێکەوە ژیان)
لەبەشێکى ترى دیمانەکەدا ئەوەیان ڕوونکردەوە کە گۆرانییەکە هۆنراوەى شاعیرى ناسراو "سەرکەوت ڕەسوڵ "ە و ئاوازى هونەرمەندى موزیکژن " ڕێبین جەمال"ە و هونەرمەند "هێمن حوسێن" کارى مۆسیقاو دابەشکردنى بۆ کردووە.هاوکات هونەرمەند "لێزان قادر " نۆتەى میوزیکى گۆرانییەکەى ئامادەکردووە و تیپى ئۆرکێستراى سلێمانى ژمارەیەک میوزیکژنى بیانى کارى میوزیکیان بە شێوازێکى جوان بۆ کردووە .هەروەها هونەرمەندان ڕێبین جەمال و دەرباز شێرزاد ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە بەنیازن گۆرانییەکە لەناو یەکێک لە دەزگا گرنگەکانى کوردستان بە شێوەى کورتە فیلم نمایشى بکەن و لە بەرنامەشیاندایە کە بە شێوازێکى جوان و سەردەمیانە کلیپى بۆ بکەین . ئەوەشیان دووپاتکردەوە کە ماوەیەکى زۆرە بەجیدى کاریان لەسەر ئەو بەرهەمە کردووە. گۆرانیەکە دەبێتە پەیامێکى ئاشتیانە و برایانە لەپێناو پێکەوە ژیان بەئاشتى وبرایەتى وکۆتایى هێنان بەشەڕو ئاشووب و مالوێرانى و دەبێتە پەیامێک بۆ دووبارە بنیات نانەوەى کوردستان.ڕێبین جەمال و دەرباز شێرزاد ئەوەیان بەخەبات ڕاگەیاند کە گۆرانییەکە بەهەردوو شیوەزارى سۆرانى وکرمانجى دەبێت گوزارشت لە هەرچوار پارچەى کوردستان دەکات.ژمارەیەکى زۆر لە هونەرمەندان و قوتابیانى بەشى مۆسیقاى پەیمانگاى هونەرە جوانەکانى سلێمانى وەکو کۆرس بەشدارن. ئەوەشیان بەخەبات ڕاگەیاند، کە هەردووکمان سەرقاڵى پڕۆژەیەکى گەورەو مەزنین پڕۆژەکە ماوەى سێ ساڵ دەخایەنێت و چەند سێکتەرێک لەخۆ دەگرێت پڕۆژەکەش خزمەت بە سەرجەم خەڵکى بەش مەینەتى کوردستان دەکات بەبێ جیاوازى. بۆ سەرخستنى پڕۆژەکە هەماهەنگ دەبین لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکانى حکومەتى هەرێمى کوردستان. لەکۆتاییدا هەردوو هونەرمەند ڕێبین جەمال ودەرباز شێرزادى گوتیان لەپیناو سەرخستنى بەرهەمەکەمان پێویستمان بە پشتگیرى ڕاستەوخۆى بەڕێز نێچیرڤان بارزانى سەرۆکى هەرێمى کوردستانە کە دڵنیاین بەڕێزیان هەمیشە پاڵپشتى هونەرمەندان بووەو پاڵپشتى ئێمەش دەکات.

گەشەسەندنى خەرجکردنى پارە لە سۆفت وێر و یارییەکان بۆ 76 ملیار دۆلار

کۆمپانیاى لێکۆڵینەوە و سەرژمێریەکان App Annie ژمارەکان بۆ کۆتایى ساڵ بڵاو دەکاتەوە بۆ سۆفتوێرەکان لە لایەنى ژمارەى دابەزاندن و خەرجکردنى گشتى و ئەو سۆفتوێرانەى کەزۆرترین پارەیان لێ خەرجکراوە.کۆمپانیاکە دەڵێت کە ژمارەى دابەزاندنەکانى سۆفتوێرەکان بۆ ئەمساڵ بەڕێژەى 10%زیادى کردوە لەچاو پار ساڵ کە گەیشتۆتە 113 ملیار جار.هەروەک خەرجى بەکارهێنەران گەشەى کردووە بەڕێژەى 20%کەزیاتر بوە 76 ملیار دۆلار، زۆربەى خەرجیەکان بەر یاریە ئەلیکترۆنیەکان کەوتوە لە مۆبایلە زیرەکەکان و بەپلەى دووەم بەشدارییەکانى سۆفتوێرەکان وەکو سۆفتوێرەى پەخشکردنى ڤیدیۆ و هیتریش.هێشتا بەرزبونەوەى خوگرتن بە سۆفتوێرەکان و یاریەکان بەردەوامە، بەشیوەیەک خوگرتنى ناوەندى بەکارهێنەرى ئەمریکى بەزیادەى 10% بەراورد بە ساڵى پار.

پاراستنى پێست لە وەرزى پایزدا

دکتۆرە گەشبین: لەم وەرزدا پێویستە ڕۆژانە پێستمان بەکرێم چەوربکەین



وریشە عومەر

دکتۆرە (گەشبین کەمال)پسپۆڕى نەخۆشییەکانى پێست و جوان کارى، دەربارەى پاراستنى پێست لەوەرزى پایز دەڵێت:پێویستە چەند ڕێنماییەک هەیە پەیڕەوى بکەین بەمەستى پاراستنى پێستمان وەک:

شتنى پێست بە بێ سابون

لەگەڵ زیادبوونى وشکى پێست و قڵیشانیدا باشترە پێستت بە سابون نەشۆیت، بەڵکو ئەو جۆرە شۆردنانە بەکاربهێنیت کە کرێمى تێدایە بۆ ئەوەى پێستت بە تەرى بهێنێتەوە وبیپارێزێت لە ساردى گەش و هەوا.

تەرکردنى پێست بە شێوەى ڕۆژانە

ئەگەر پێستت وشک بوو باشترە ئەو کرێمە تەرانە بەکاربهێنیت کە کەرەى کاکاو کەرەشى تێدایە لەبەر ئەوەى تواناى چونە ناو چینەکانى پێستى هەیە، لەگەڵ تەرکردنى پێست لە دەرەوە.
هەروەها گرنگە حەبى ڤیتامین Eبخۆن بۆ ئەوەپێستتان دوو ئەوەندە تەرببێت و پێستتان بپارێزێت لە چرچبوونى پێشوەختە.

تەرکردنى لێوەکان

پێویستە ڕۆژانە لێوەکانمان چەوربکەین بۆ ئەوەى بیپارێزین لە قڵیشان، باشترە دوو جار لە هەفتەیەکدا لێوەکانمان پاکبکەینەوە لە ڕێگەى فڵچەى ددانەوە، پاشان بە قازلین چەوریان بکەین.

پارێزگارى لە دستەکانمان و چەورکردنیان

دەستەکانمان زۆرترین بەرکەوتنى دەرەکییان تووشدەبێت کە دەبێتە هۆى وشکبونەوەیان و زبربونیان، بەردەوام کرێمى چەورکردن بەکاربێنن بۆ پاراستنیان.

پارێزگارى لە قاچمان

قڵیشانى پاژنەى پێمان و زبربونیان گەورەترین کێشەیە لە وەرزى پایزو زستاندا، بۆ خۆپارێزى گرنگە بەردەوام چەوریان بکەین و گۆرەوى لۆکەیەپێبکەین، لەگەڵ پاککردنەوەو کڕاندنى پاژنەکانمان لە ڕێگەى کڕێنەرى بەهێزەوە یان بە بەکارهێنانى بەردى پزیشکى دوو جار لە هەفتەیەکدا.

براوەکانى خەڵاتى ئێممى کە وەک (ئۆسکارى تەلەڤزیۆن) ناسراوە دیارى کران



براوەکانى خەڵاتى ئێممى کە وەک "ئۆسکارى تەلەڤیزیۆن" ناسراوە لە ئەمریکا دیارى کران. لە 71ەمین ڕێوڕەسمى خەڵاتى ئێممیدا لە هۆڵى شانۆگەرى مایکرۆسۆفت لە لۆس ئەنجلەس "خەڵاتى باشترین زنجیرە دراما" لە 32لق بە شایستەى :

Game of Thrones

زاندرا، بە هۆى بە لێهاتوویشیەوە پێتەر دینکلاگ خەڵاتى "باشترین کۆمبارسى نێر لە بوارى زنجیرە دراما"دا پێبەخشرا.خەڵاتى باشترین "زنجیرە دراماى کۆمیدى" بە Fleabagو خەڵاتى "باشترین زنجیرە دراماى کوتەر"یش بە Chernobylدرا.

بەشێکى براوەى خەڵاتەکانى ئێممى 2019بەمجۆرەن:

-باشترین دراما Game of Thrones:
-باشترین کۆمیدى : Fleabag
-باشترین ئەکتەرى نێر لە دراما: بیللى پۆرتەر، Pose
-باشترین ئەکتەرى مێ لە دراما: جۆدى کامەر، Killing Eve-
-باشترین ئەکتەرى کۆمیدى نێر: بیلّ هادەر، "Barry" Barry
-باشترین ئەکتەرى کۆمیدى مێ: فۆیبە والّەر، Flea-bag
-باشترین کۆمبارسى نێر لە دراما: پێتەر دینکلاگ، Game of Thrones
-باشترین کۆمبارسى مێ لە دراما: جولیا گارنەر، Ozark
-باشترین زنجیرە دراماى کورت Chernobyl